# گوڵان

ساڵی سی و دووەم (١٤٦١)، (٥)ی ئایار ٢٠٢٥



پ.د. عەبدولحسێن شەعبان:

کوردستان لە ساتەوەختێکی وەرچەرخاندایە و جوگرافیاکەی یاریدەدەرە بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێکی ستراتیژی



د.ئەردەشیر پەشەنگ:

پەیوەندیی نەتەوەیی نێوان پارچەکانی کوردستان ڕووی لە هەڵکشان کردووە و ئەمەش پێگەی کوردی بەهێزتر کردووە



سەعدون یونس :

لە هەر وڵاتێک ڕێز لە ئیرادە و دەنگی هاووڵاتییان نەگیرێت پرۆسە سیاسییەکەی هیچ مانایەکی نامێنێت

## کاتێک وڵات دەگەڕێتەوە بۆ پێش قۆناغی دەوڵەت دەبێت چاوەڕێی چەندین ئالنگاریی چاوەڕوان نەکراویش بکات






# هەر کات کورد تەواو بوو ئێزدیخانیش تەواو دەبێت

## ٥ی ئابی ٢٠١٤

## ١٥٩

ڕۆژی ٥ی ئابی ٢٠١٤، چاوم بە بابەشێخ و ژمارەیەک لە ڕیشسپی و کەسایەتییەکانی ئێزدی کەوت، هیچ کاتێک فرمێسکەکانی بابەشێخ لە یاد ناکەم کە گوتی: (هانامان بۆ تۆ هێناوە، لە ئاسمان خوامان هەیە، لەسەر زەوی بارزان. ئێمە فەوتاین و لەناو چووین، ماڵەکەمان سووتا، ئێزدیخان تەواو بوو، کۆتایی پێ هات. چارەسەرێکمان بۆ بدۆزەوە).

بە دەگمەن بە درێژایی ژیانم بەو شێوەیە کەوتوومەتە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکان و کارەساتەکان کاریان تێ کردووم. بە بابەشێخم گوت: (کارەساتێکی گەورەیە. ئەم کارەساتەش درێژەدان و بەردەوامیی هەموو ئەو کارەسات و نەهامەتییانەیە کە بەسەر گەلی کورددا هاتوون، وەک ئەنفال و کیمیاباران و کۆمەڵکوژیی فەیلییەکان و بارزانییەکان. ئەمە تەنیا کارەسات نییە بۆ ئێزدییەکان، بەڵکوو کارەساتی هەموو گەلی کوردە، خوا گەورەیە، بێهیوا و بێئومێد مەبن، سۆز و پەیمان و بەڵێنتان پێ دەدەم، یان سەری خۆمی لەسەر دادەنێم، یان تۆڵەی ئەم تاوانە لە دوژمنان و تاوانباران دەکەینەوە. باسی تەواوبوونی ئێزدیخان مەکەن، هەرکات کورد لە کوردستان تەواو بوو، ئەوکات ئێزدیخانیش تەواو دەبێت).

دوای ڕووداوەکە، دەستبەجێ بەرپرسەکانی یەکەمی سەربازی و حزبیمان لەو ناوچەیە لەکار لادا و دوور خرانەوە. قاسم شەشۆ بە ناوی ئێزدییەکانی چیای شنگال چەندان جار داوا و تکای کرد کە هیچ ئیجرائاتێکی تر لەگەڵیان نەکرێت، چونکە درێخی نەکراوە و هەر ئەوەندەیان لە دەست هاتووە و بەپێی توانایان بەرگرییان کردووە. ئەوەی ڕاستی بێت، شەڕی داعش زۆر لە توانا و ئیمکاناتی هێزەکانمان زیاتر و گەورەتر بوو. شکستی پێشمەرگە لە بنکەی سەربازیی کەسک و شنگال کاریگەرییەکی گەورەی نەرێنیی کردە سەر مەعنەوییاتی هێزەکانی پێشمەرگە لە هەموو بەرە و میحوەرەکانی شەڕ و بۆ چەند ڕۆژێک بارودۆخێکی نالەبار و دارماو باڵی بەسەر بەرەکانی شەڕدا کێشا.

داعش پێگە و بنکەکانی لە ناوچەی ڕۆژئاوای دیجلە بەهێز و قایم کرد و هەموو حەوزی زومماریش کەوتە دەستیان و ڕێگەی نێوان ڕەبیعە – شنگال بە تەواوی لەلایەن داعشەوە کۆنترۆڵ کرا.

لەو بارودۆخە ناهەموار و ناخۆشەدا، هەموو هەوڵەکانمان بۆ ڕێگەگرتن بوو لە گەیشتنی چەکدارانی داعش بۆ پردی سحێلا کە هەوڵێکی زۆریان بۆ دەدا. هەر لە شوێنەکانمان مابنەوە، تا ئامادەکاریی پێویست بکرێت و بە تەواوی و سەرلەنوێ هێزەکانمان ڕێک دەخەینەوە.

## چاپکراوی نوێ




نامیلکەی (پاکتاوی نەتەوەیی دژی کورد لەوەتەی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا ئەمڕۆ-کەرکووك بە نموونە) لە نووسینی (ماجید نوری و ئەڤین ماجید) بە زمانی (سویدی) چاپکرا.

لە نامیلکەکەدا هاتووە کە مافی مرۆڤ لە عێراقدا مافێك نەبووە لە چوارچێوەی مۆراڵ و یاسادا دەستەبەر کرا بێت، بە بەردەوامی مرۆڤی کورد لە سەر ماڵ و خاکی خۆی لە ڕووی جەستەیی و مۆراڵییەوە بە پرۆسەی پاکتاوی ڕەگەزی هەوڵی قڕکردنی دراوە، ئەم پاکتاوکردنە ڕەگەزی و نەتەوەییە بەبێ چارەسەری ڕیشەیی تا ئێستاش لە دژی نەتەوەی کورد بە شێوەیەك لە شێوەکان بەردەوامە، هەر لە سەردەمانی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیاوە دەست پێدەکات و لە ڕێگەی دەسەڵاتی پاشایەتییەوە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە کۆماریخوازان، پاشان لە عێراقی مۆدێرن کە ئێستا پێی دەوترێت عیراقی فیدڕاڵی.

خشتەی کۆتایی ئەم نامیلکەیە نیشان دەدات کە چۆن ئەم سیاسەتە لە ساڵانی ڕابردووشدا جێبەجێ کراوە، حکومەتەکانی عێراق بە کرداری پیشەیی و پرۆفیشناڵانە لەسەر سێ تەوەری سەرەکی (تەعریبکردن و ئاوارەکردنی زۆرەملێ و جینۆساید)یان پراکتیزە دەکرد،

- بەعەرەبکردنی ناوچەی ئەلجەزیرە، ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا، تەواوی پارێزگای کەرکووک، ناوچە کوردنشینەکانی فەیلی لە ڕۆژهەڵاتی بەغدا.

لەو ناوچانەدا کورد بە زۆرەملێ لە ماڵە ڕەسەنەکەی خۆیان وەدەرنراون و بەسەر پارێزگاکانی باشووردا دابەشکراون، دواتر عەرەب لە جیاتی کورد نیشتەجێکراون، بە ئامانجی کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لە ناوچە کوردستانییەکان و زیادکردنی ڕێژەی پێکهاتەی عەرەبی لەو ناوچانە.


بەعەرەبکردن و سیاسەتی ئاوارەکردنی زۆرەملێی دانیشتووان تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی پێکدەهێنێت و قوربانیانی ئەم سیاسەتە مافی ئەوەیان هەیە بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان یان قەرەبووی ئەو زیانانە وەربگرن کە لە ئەنجامی ئەو ئۆپەراسیۆنە نارەوایانەدا تووشیان بووە.

ماجید نوری ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو دەستەواژەی «پاکتاوی نەتەوەیی»ی بۆ ئەم نامیلکەیە هەڵبژارد، چونکە دوای ڕزگارکردنی عێراق لە دەستی دیکتاتۆری سەدام حوسێن، سیاسەتی پاکتاوی نەتەوەیی لە هەندێک ناوچەی عێراق بەردەوام بووە، لە ڕێگەی ڕاگواستن یان گواستنەوەی زۆرەملێی کەسانی سەر بە کۆمەڵە نەتەوەییەکان و لە زۆر حاڵەتدا لابردنی هەموو شوێنەواری فیزیکی کوردی بە لەناوبردنی شوێنەوار و گۆڕستان و شوێنی پەرستنیشیانەوە.

شایانی باسە ماجید نوری ئەم نامیلکەیەی بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و سویدی نووسیوە، دەستی خۆش بێت هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

# چاپکراوی نوێ








چاپی یەکەمی دوو کتێب یەکەمیان بەناوی (پەیوەندییە سیاسییەکانی ئەمریکا و عێراق ٢٠١١-٢٠٢٣) دووەمیشیان بە ناوی(قضايا العلاقات الأمريكية - العراقية ٢٠٠٣-٢٠١٢) بە زمانی عەرەبی لە نووسینی دکتۆر (عومەر عەلی ڕەشید شێخ بزێنی) مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان کەوتنە بەردەستی خوێنەرانەوە، لە کتێبی یەکەمدا باس لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراق کراوە، کە ئامانج لەمەدا بەدیهێنانی دۆخێکی سیاسی و پتەوکردنی پێگە هەرێمییەکەی بوو لە عێراق، لە ئاستیدا بە هۆی ئەو کۆمەڵە ئالنگارییەی ڕووبەڕوویان بووەوە نەتوانرا ئامانجەکانی ئەو پەیوەندییە بە تەواوی بهێنێتە دی، بە تایبەتی لە ساڵی ٢٠١١ دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێ بوو لە ناوچەکە لەناویشیاندا ئێران.

کاتێك باس لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراق دەکرێت، ئەم دوو وڵاتە لە یەك ئاستدا نین، لەبەر ئەوەی ناهاوسەنگییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، بەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك یەکێك لە بەهێزترین وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و عێراقیش وەك وڵاتێکی لاوازی هەرێمی لە ناوچەکەدا هەژمار دەکرێت.

لە کتێبی دووەمدا، نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە پەیوەندییەکانی عێراق - ئەمریکا بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕیون؛ جارێک هەماهەنگیی وریایانە شێوەیەک بوو لە شێوەکانی کارلێککردن، جارێکی دیکە ململانێی تەواو ناونیشانی خوێندنەوەی (هەڵسەنگاندنی) پەیوەندییەکان بوو، جاری سێیەم ململانێی نەرم نموونەی پەیوەندییەکان بوو، جاری چوارەم هەماهەنگیی ستراتیژیی پتەو لە نێوانیاندا هەبوو، بەتایبەتی لەدوای داگیرکاریی ئەمریکا بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣.

لەگەڵ هاتنی بووشی کوڕ بۆ سەر کورسیی دەسەڵات و لەگەڵیدا یاریدەدەرەکانی لە توندڕەوەکانی پارێزگارە نوێیەکان، داگیرکردنی عێراق و ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێن لە پێشینەی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا بوو، بەتایبەتی دوای تۆمەتبارکردنی (سەددام) بە تیرۆر بە بیانووی هاوکاری و پاڵپشتیکردنی ڕێکخراوی قاعیدە، کە تۆمەتبارە بە داڕشتنی (ئەنجامدانی) ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١. دەستخۆشی لە نووسەری ئەم دوو کتێبە دەکەین بەهیوای بەرهەمی زیاتر.




(عەونی لە ئاوێنەی ڕۆژگاردا) دوا کتێبی چاپکراوی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیاری کورد مامۆستا (فەرهاد عەونی)یە، لە دەستپێکی ئەم کتێبەدا نووسەر کورتەیەکی لە ژیانی عەونیی شاعیر نووسیوە، شاعیر لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری کۆیە لەدایك بووە و لە ١٩٩٢ کۆچی دوایی کردووە.

سەرەتای نووسینی شیعری عەونی بۆ ساڵانی سییەکان دەگەڕێتەوە، کە یەکەم بەرهەمی لە گۆڤاری (هاوار) لە ساڵی ١٩٣٣ بڵاوکردووەتەوە. جگە لە چەندین بەرهەمی دیکە کە لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا لە گۆڤاری (دەنگی گێتیی تازە) و(گەلاوێژ) و ڕۆژنامەکانی (ژین و ژیان) بڵاوی کردوونەتەوە.

عەونیی شاعیر لە پێشەوەی ئەو شاعیرانە بووە کە شیعرێکی بە ناوی (نامەیەك بۆ بارزان) دوای گەڕانەوەی (بارزانیی نەمر) لە وڵاتی سۆڤییەت لە ساڵی ١٩٥٨ نووسیوە و لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) بڵاوی کردووەتەوە، عەونی لە ناوەندی سییەکانەوە چووەتە نێو دنیای سیاسەتەوە، سەرەتا لە کۆمەڵی برایەتی ئەندام بووە، دواتر لە حزبەکانی (هیوا، ڕزگاری، پارتی دیموکراتی کوردستان) کە لە سەرەتای دامەزراندنی پارتییەوە وەك ئەندامی یەکەم لیژنەی ناوچەی کۆیە بووە، لەسەر کوردایەتی چەندین جار لە بەندیخانەکانی کۆیە و هەولێر و بەغدا و کوت و نوگرە سەلمان زیندانی کراوە.

هەندێك لە شیعرەکانی عەونی وەکو(نەسرین ئەمڕۆ بەهارە، وتم ئەی کچ ، جیهانم پشکنیوە، لەو کۆلپەیەی ئەحزانە، هات فەسڵی گوڵان...) لەلایەن هونەرمەند تاهیر تۆفیق و هەندێ هونەرمەندی دیکە بە گۆرانی گوتراونەتەوە.


نووسین لەسەر ژیان و تێکۆشان و بەرهەمەکانی عەونیی شاعیر ڕووبەرێکی زۆر دەگرێت، بەڵام یادی ئەو کەڵە شاعیر و خەباتگێڕە هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە، ئەوەندە ماوە بڵێین دەستی مامۆستا فەرهاد عەونی خۆش بێت کە ئەم کتێبەی لەسەر ئامادە و چاپکردووە، هەر بۆ زانین کتێبەکە چەندین بابەتی دیکەی لە خۆگرتووە، وەك نموونەی هەندێ لە بەرهەمەکانی و هەڵسەنگاندنی هەندێ سیاسەتمەدار و شاعیر و ئەدیبان ، ئەو نامانەی ماجستێر و تێزی دکتۆرایانەی کە لەسەر ئەم شاعیر نووسراون.

مه‌حمه‌د ئیسماعیل :



**ڕۆڵی جه‌نابی سه‌رۆک بارزانی بۆ یه‌کریزی و یه‌کهه‌ڵویستیی لایه‌نه‌کانی ڕۆژئاوای کوردستان به‌رز ده‌نرخێنرێت**

موزه‌فه‌ر فه‌یلی :



**فه‌یلییه‌کان به‌ هۆکاری ناسنامه‌ی نه‌ته‌وه‌یی ڕووبه‌ڕووی زوڵم و سته‌م و جینۆساید بوونه‌وه‌**

جبرائیل کۆرگیس تۆما :




**هاوخه‌میی جه‌نابی سه‌رۆک بارزانی بۆ کۆچی دوایی پاپا سه‌بووری پێداین و دووپاتکردنه‌وه‌ی پاڵپشتییه‌ بۆ کریستیانه‌کان**

ئه‌لێکس وه‌ته‌نخوا :



**سعودیه‌ له‌ سیاسه‌تی ئاراسته‌کراو له‌ ئاینییه‌وه‌ وه‌رچه‌رخا بۆ جه‌ختکردنه‌وه‌ له‌سه‌ر بازرگانی و ته‌واوکاریی جیهانی و پێشکه‌وت، ئێرانیش زیاتر له‌سه‌ر ئاستی نێوده‌وڵه‌تی گۆشه‌گیر بووه‌**





■ خاوه‌ن ئیمتیاز
شه‌وکه‌ت شێخ یه‌زدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سه‌رنووسه‌ر
فه‌رهاد محه‌مه‌د
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غه‌نی

■ سیاسه‌ت و ناوخۆ:
ساڵح عومه‌ر
شه‌ماڵ نوری
د. شێبان فه‌رهاد
به‌هادین جه‌لال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومه‌ر
خه‌لیل بلەیی
سه‌نگه‌ر شنۆیی
مه‌هدی حاجی ساڵح
کارزان کانه‌بی
ڕێبین ڕه‌مزی

■ به‌ڕێوه‌به‌ری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ به‌ڕێوه‌به‌ری هونه‌ری:
شاخه‌وان جه‌عفه‌ر

■ به‌رگ:
لوقمان ڕه‌شیدی

■ وێنه‌گران:
که‌مال ئاکرەیی
هاوکار ڕه‌حمان


بۆ ڕیکلام کردن په‌یوه‌ندی بکه‌ به‌:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانه‌ی ڕۆکسانا - هه‌ولێر

ناونیشان: هه‌ولێر -ڕووناکی / شه‌قامی ٤٠ مه‌تری

Web: www.gulanmedia.com

د. گۆڤەند شیروانی :



دەستتێوەردانی لایەنە سیاسییەکان و بابەتی تەکنیکی و دارایی بوونەتە پاساو بۆ ڕێگری لە هەناردەنەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان



سازگار حەمەساڵح شارباژێڕی:


سوپاسی هاوسەرە بەڕێزەکەم دەکەم کە هەمیشە وەک چیایەک لە پشتم بووە

ڕۆژێک ئاسمان دەبێتە هی ئۆتۆمبیلە فڕۆکەکان؟




مۆمی بۆندار زیانی تەندروستیی هەیە









نایلە حیکمەت:

بەوپێیەی کوردم جەنگ شوێنەواری خۆی لەسەر هونەرەکەم جێ هێشتووە

لۆنا کەمال :

تیپی ئێمە کۆنترۆڵی هەڵبژاردەی عێراق و هەرێمی کردووە





پ.د.عەبدولحسێن شەعبان
ئەکادیمیست و بیرمەندی دیاری عەرەب بۆ گوڵان:

# لە ئێستادا گەڕاوینەتەوە بۆ قۆناغی پێش دەوڵەت، هەر بۆیە عێراق ڕووبەڕووی ژمارەیەک ئالنگاریی نوێ بووەوە

## کوردستان لە ساتەوەختێکی وەرچەرخاندایە و جوگرافیاکەی یاریدەدەرە بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێکی ستراتیژی

**د. عەبدولحسێن شەعبان، ئەکادیمیست و بیرمەندی دیاری عەرەب، لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانیدا کۆمەڵێك بیرۆکەی نوێ و بۆچوون و ڕاڤەی پێشکەش کردوون، لە ماوەی کارکردنیدا زنجیرەیەك دەستپێشخەریی ڕۆشنبیری و مافخوازی و هزریی ئەنجام داوە، چ لە ڕۆژانی بەرەنگاریی (ئۆپۆزیسیۆن) بووبێت، یان دوای ساڵی ٢٠٠٣، لەوانەش داواکارییەکەی بۆ دەرکردنی «یاسای قەدەغەکردنی تائیفەگەری و بەهێزکردنی هاووڵاتیبوون» لە سەرەتای هەشتاکاندا و، یەکەم کەس بوو کە دیالۆگێکی عەرەبی- کوردی لە ساڵی ١٩٩٢ ڕێکخست. ماوەی نزیکەی دوو دەیە و زیاترە، دەستپێشخەریی کردووە بۆ بەستنی ژمارەیەك دیدار سەبارەت بە دیالۆگی ڕووناکبیرانی چوار نەتەوەکە (کورد، عەرەب، فارس، تورك) و، لەسەر بۆچوونەکانی سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد دڵسۆزانە مایەوە. هەروەها لە پێشەنگە تێکۆشەرەکانە کە بەشدارییان کردووە لە بڵاوکردنەوەی کەلتووری لێبووردەیی و ناتوندوتیژی لە ناوچەکەدا و ستراتیژیەتی بۆ بزووتنەوەی مافەکانی مرۆڤ و پەروەردەکردن لەسەر بنەماکانی سەروەریی یاسا، دادپەروەریی گواستنەوە، بەهاکانی هاووڵاتیبوونی یەکسان و هاوتا، تاوانبارکردنی دەستدرێژی و نەهێشتنی دەربازبوون لە سزا دارشتووە، هەروەها خاوەنی بیرۆکەی داواکردنی ڕایەکی ڕاوێژکارییە لە دادگای دادی نێودەوڵەتی سەبارەت بە قودس.**

**لە سەردانی ئەم دواییەیدا بۆ هەولێر، گوڵان دیدارێکی لەگەڵیدا ساز کرد، سەبارەت بە هەندێك لە تێڕوانینەکانی دەربارەی ئامادەنەبوونی پڕۆژەی دەوڵەت لای ئەو هێز و ڕەوتە سیاسییانەی کە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری حوکمی وڵاتیان کرد، ئەمەی خوارەوەش دەقی دیدارەکەیە.**

*** زۆر جار کە باسی بارودۆخی سیاسیی عێراق دەکەین، هەڵوەستە لەسەر ئەوە دەکەین، کە ئێمە لە قۆناغی پێش دەوڵەتداین، بۆچی تا ئێستا دەوڵەتمان نییە؟**

- دەوڵەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٢١ دامەزرا، دەوڵەتێکی سادەی ناوەندی بوو بە دەستوورێك (یاسای بنەڕەتی) کە لە ساڵی ١٩٢٥ دەرچوو. لە ماوەی سەردەمی پاشایەتیدا ئەزموونی کەڵەکە کرد و، پێکهاتەکانی دەوڵەت بە شێوەیەکی سەرەتایی لە پەنجاکاندا تەواو بوون، بەتایبەتی لە ڕێگەی ڕێکخستنی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی نەوت بۆ بەرژەوەندیی پەرەپێدانی ژێرخان و بەدەستهێنانی کەڵەکەبوون و پێشکەوتن لە سەرجەم بوارەکاندا.

دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، دەسەڵات دەستی کرد بە کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت، بەتایبەتی بەهۆی هەژموونی سەربازییەکانەوە، سەرەڕای بەدەستهێنانی هەندێك دەستکەوتی گرنگ، بەڵام دەسەڵات بە پلەبەندی زاڵ بوو بەسەر دەوڵەتدا، بنکەی کۆمەڵایەتیی دەوڵەت ساڵ لە دوای ساڵ بەرتەسکتر بووەوە بە هۆی هەژموونی کەمینەی حزبی و سیاسی و خێزانی بەسەر دەوڵەتدا، بەتایبەتی کاتێك سەدام حوسێن لە ساڵی ١٩٧٩ دەسەڵاتی گرتە دەست، وەك سەرکردەیەکی ئەفسانەیی و خاوەن دەسەڵاتی ڕەها، بەم جۆرە دەسەڵات جێگەی دەوڵەتی گرتەوە و ئەوەی دووەمی (دەوڵەتی) خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە لەژێر سێبەری تاکڕەوی، ڕەهایی، ستەمکاریدا.

کە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ داگیر کرا، پاشماوەکانی دەوڵەت هەڵوەشانەوە و، دەسەڵاتی ناوەندیی شموولی (تۆتالیتاری)، کە لە ماوەی گەمارۆی نێودەوڵەتی (١٩٩٠-٢٠٠٣) دەستی بە داخوڕان کردبوو، لێکهەڵوەشاوە، زەبری یەکلاکەرەوەش لەسەر دەستی حاکمی مەدەنیی ئەمریکی بۆ عێراق «پۆڵ

بریمەر»ی بەرکەوت، ئەمەش بە گرتنەبەری ژمارەیەك ڕێوشوێن و هەنگاو، کە یەکەمیان هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق و ژمارەیەك دامەزراوەی دیکەی گرنگ بوو. لە بنەوە گرووپەکانی پێش- دەوڵەت هاتنە مەیدان بۆ ئەوەی جێگەی پاشماوەکانی دەوڵەت، یان پەراوێزەکانی بگرنەوە. ئەمانە دەسەڵاتی دیکە بوون، جیا لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت، بەڵام هەوڵیان دا، خۆیان وەك جێگرەوەی دەوڵەت، یان تەنانەت لە سەرووی ئەوەوە دابنێن، لە کاتێکدا خۆیان لە حاڵەتی پەرشوبڵاوی، لێکترازان و ئاژاوەدا بوون.

*** کاتێك دەوڵەت بوونی نامێنێت، چی ڕوودەدات؟**

- لە ساتی نەمانی دەوڵەتدا، تائیفەگەری و عەشیرەتگەری و ناوچەگەری وەك مەرجەعییەتگەلێك کە دەگەڕێنەوە بۆ قۆناغی پێش دەوڵەت، چالاك دەبن و، هاتنە پێشەوەی دیمەنەکە، لە پێکهاتەیەکی نامۆدا بۆ پێکهێنانی گرووپەکانی فشار و هەژموون، وەك جێگرەوەیەك بۆ هەوڵی دووبارە بنیادنانەوەی دەوڵەت لەسەر بنەما مۆدێرن و سەردەمییەکان، کە کرۆکەکەی بریتییە لە پاراستنی گیان و موڵکی خەڵك و کۆنترۆڵکردنی ئاسایش و سیستەمی گشتی. بەم جۆرە عێراق لەژێر سێبەری نەمانی دەسەڵاتە ناسراوەکانی دەوڵەت، یان پاشماوەکانیدا ڕووبەڕووی ژمارەیەك ئالنگاریی نوێ بووەوە.

*** ئەو ئالنگارییانە چین؟**

- پێنج ئالنگاریی سەرەکی هەبوون کە عێراق دوای ساڵی ٢٠٠٣ ڕووبەڕوویان بووەوە:

١. داگیرکاری و ئەو وێرانکارییەی کە بووە هۆی تێکشکاندنی پاشماوەی بنیادی دەوڵەتی عێراقی.

٢. تائیفەگەری و لێکەوتە و جەمسەرگیرییەکانی، کە دابەشکاریی پۆستەکان لەسەر بنەمای تائیفی و نەتەوەیی و سیستمی پشکپشکێنە دەگرێتەوە.

٣. بڵاوبوونەوەی چەك لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت.

٤. گەندەڵی، کە بووەتە دامەزراوەیەك هێندە دیارە بە پەنجە ئاماژەی بۆ دەکرێت، و تێیدا لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی سەر شانۆی سیاسی، خزمەتی یەکتر دەکەن.

٥. تیرۆر و توندوتیژیی بەربڵاو لە وڵاتدا لەژێر ناوی جیاجیادا.

هەموو ئەم هۆکارانە ئێمەیان گەڕاندەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی پێش دەوڵەت، لەسەر بنەمای کۆمەڵە مرۆییە سنووردارەکان کە لە ململانێ و ناکۆکی و پێکداداندان و، لە هەمان کاتدا لەسەر جۆرێك لە پەیوەندیی گوماناوی و دابەشکردنی بەرژەوەندی لەنێوان خۆیاندا ڕێك دەکەون.

*** ئایا کێشەکە لە هەژموونی شیعە و نەبوونی شارەزایی ئەواندایە لە بواری حوکمڕانیدا؟**

- ساڵی ٢٠٠٤ لە قاهیرە، لە «ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئەفریقی و عەرەبی»، کە خوالێخۆشبوو حیلمی شەعراوی بەڕێوەی دەبرد و، بیرمەندی کۆچکردوو سەمیر ئەمین سەرۆکی بوو، وانەیەکم پێشکەش دەکرد، یەکێك لە توێژەران دەربارەی کێشەی شیعە لێی پرسیم، منیش پێم وت: کێشەکە خودی شیعە نییە، بەڵکو کێشەکە «شیعەگەریی سیاسییە». جیاوازی هەیە لەنێوان شیعە وەك تایەفەیەك و شیعەگەریی سیاسی. هەروەها کێشەکە سوننە نییە وەك تایەفەیەك، بەڵکو کێشەکە «سوننەگەریی سیاسییە»، کێشەکەش وەك هەندێك کەس پێیان وایە، لە کوردبوون (کوردایەتی)دا نییە وەك نەتەوەیەك، بەڵکو هەندێ جار کێشەکە لە «کوردایەتیی سیاسیدایە». کە ڕەنگە هەر ئەمەش ببێتە ڕێگر و لەمپەر لەبەردەم دووبارە بنیادنانەوەی دەوڵەتدا، هەر لەوەتەی ڕووخانی ڕژێمی پێشووەوە، دەوڵەت هێشتا بەدەست ئەو پێنج ئالنگارییە گەورەیەوە دەناڵێنێت، کە باسم کردن.

*** ئایا لەژێر سێبەری دیکتاتۆریەتدا دەوڵەتمان هەبوو؟**

- ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێش ساڵی ٢٠٠٣، هەر لە کۆتاییهاتنی جەنگی عێراق-ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨) و دەستپێکی داگیرکردنی کوێت (١٩٩٠) و شەڕی دووەمی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١ـەوە تا ئەمڕۆ، دەوڵەت بەدەست لاوازبوون، یان ناسەقامگیریی سەروەرییەوە دەناڵێنێت. عێراق ماوەی دەیان ساڵە تا ئێستاش سەروەرییەکەی کەموکووڕە، یان بریندارە. ئەمەش یەکەم جار

**بنکەی کۆمەڵایەتیی دەوڵەت ساڵ لە دوای ساڵ بەرتەسکتر بووەوە بە هۆی هەژموونی کەمینەی حزبی و سیاسی و خێزانی بەسەر دەوڵەتدا، بەتایبەتی کاتێک سەدام حوسێن لە ساڵی ١٩٧٩ دەسەڵاتی گرتە دەست**

**عێراق ماوەی دەیان ساڵە تا ئێستاش سەروەرییەکەی کەموکوورە، یان بریندارە**

**دەستی ئێران لە عێراقدا درێژ و بەرفراوانە، خاوەن کاریگەرییە و جێی نیگەرانیی ئەمریکییەکانە، بوونی بنکە سەربازییەکانی ئەمریکاش لە عێراق جێی نیگەرانیی ئێرانییەکانە**

**هێشتا پارەی عێراق لە بانکەکانی ئەمریکادایە و لە هەر ساتێکدا دەکرێت دەستی بەسەردا بگیرێت**

**جگە لە ئالنگارییە دەرەکییەکان، سیستمی ناوخۆی عێراق لەسەر بنەمای دەسکەوتخوازیی سیاسی (غەنائیمی) دامەزراوە و، پشت بە کڕیارگەرایی و لایەنگری و وابەستەیی و پشکپشکێنە و دابەشکاریی پۆستەکان دەبەستێت**

**گۆڕەپانەکە پڕ بووە لە سیاسییانی ڕێکەوت و ئەوانەی بەدوای بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیاندا دەگەڕێن، بێ ئەوەی گرنگیی بە بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان بدەن**

بەهۆی بڕیارە نێودەوڵەتییەکانەوە، دووەم بەهۆی سیستمی سزای ستەمکارانەوە کە بە سەریدا سەپێنرا، بە هۆی سەرکێشی و هەڵەگۆیی ڕژێمی پێشووەوە، سێیەم بەهۆی دەستتێوەردانە بیانییەکانەوە لە کاروباری عێراقدا، ئەمەی دواییان هێشتا بەردەوامە، بریتین لە دەستتێوەردانی هەرێمی و نێودەوڵەتی، سەربازی و سیاسیی ئاشکرا و نهێنی.

بۆ نموونە، دەستی ئێران لە عێراقدا درێژ و بەرفراوانە، خاوەن کاریگەرییە و جێی نیگەرانیی ئەمریکییەکانە، بوونی بنکە سەربازییەکانی ئەمریکاش لە عێراق جێی نیگەرانیی ئێرانییەکانە. بەم جۆرە عێراق دەکەوێتە نێوان دوو نەیاری سەرسەختەوە، یەکەمیان بە شێوەیەکی نەرم لە ڕێگەی سیاسەت و مەزهەب و بەرژەوەندییەوە خۆی خزاندووەتە ناوەوە، دووەمیشیان بەهۆی ڕێککەوتنێکی فەرمییەوە بوونی هەیە کە عێراقی لە داگیرکاریی سەربازییەوە گواستەوە بۆ داگیرکاریی گرێبەستی، سەبارەت بە بوونی تورکیا لە عێراقدا ئەویش هێشتا بەهێز و کاریگەرە، تورکیا بنکەی سەربازیی خۆی هەیە، هەروەها هەژموونێك هەیە کە لە ناوەندە عێراقییە دیاریکراوەکاندا فراوان دەبێتەوە بە ناوی تورکمانیی سیاسی، هەندێك بەرژەوەندیی کوردی و گرووپگەلێك لە سوننەگەریی سیاسی، کە بەشێکیان پەیوەندیی بە هەڵوێستەوە هەیە لە پارتی کرێکارانی کوردستان (P.K.K) و سەرۆکەکەی ئۆجەلان. بێگومان هەموو ئەو دەستتێوەردان و تێکەڵاوییانە سەروەریی عێراق کەم دەکەنەوە، زیانی پێدەگەیەنن و لە هەندێك لایەنەوە دەیشێوێنن.

پاشان لایەنی دیکەش هەن، هێشتا پارەی عێراق لە بانکەکانی ئەمریکادایە و لە هەر ساتێکدا دەکرێت دەستی بەسەردا بگیرێت، ئەمە لە بنەمای سەروەریی ئابووری بەسەر سەرچاوەکاندا کەم دەکاتەوە. ئەمە جگە لەو مەرجانەی کە ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی ستراتیژی و پەیوەندییەکانی عێراق- ئەمریکا دەیانسەپێنن سەبارەت بە چەك و ئامادەکردنی هێزە چەکدارەکان، نەوت، پەروەردە و بوارەکانی دیکە، کە وادەکات سەروەریی عێراق ناجێگیر بێت.

*** ئایا مەبەستت ئەوەیە گۆڕانکاریگەلی لەناکاو چاوەڕێی عێراق دەکەن، یان ئەمانە پێشهاتی چاوەڕوانکراون؟**

- مەبەستم لە گۆڕانکاری ئەوە نییە کە هەندێك کەس بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو من شیکاریی گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییەکان دەکەم و دەیانخوێنمەوە، بەتایبەتی کە کێشە و گرفتگەلێك هەن عێراق لە ناوخۆ و دەرەوەدا بەدەستیانەوە دەناڵێنێت، جگە لە ئالنگارییە دەرەکییەکان، سیستمی ناوخۆی عێراق لەسەر بنەمای دەسکەوتخوازیی سیاسی (غەنائیمی) دامەزراوە و، پشت بە کڕیارگەرایی و لایەنگری و وابەستەیی و پشکپشکێنە و دابەشکاریی پۆستەکان دەبەستێت. ناکرێت دەوڵەتێك لەسەر بنەمای سیستمی دەسکەوتی پشت بەستوو بە کڕیار و لایەنگری و وابەستەیی دابمەزرێنێت، لە جیاتی سەروەریی یاسا و لێهاتوویی و دڵسۆزی بۆ نیشتمان.

دەوڵەت لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون دادەمەزرێت، ئەمەش واتە بوونی هاووڵاتیانی یەکسان لە ماف و ئەرکەکاندا بەپێی بنەما ناسراوەکان، نەك لەسەر بنەمای دەستکەوت و ئیمتیازات و خزمەتکردنی یەکدی (بەرژەوەندیی هاوبەش). من خۆم هیواخواز نیم بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی نموونەیی، بەڵکو بە شێوەیەکی واقیعی، دەبێت سیستەمەکە لەسەر کەمترین ئاستی بنەماکانی هاووڵاتیبوون بێت، کە پشت بە یەکسانیی نێوان هاووڵاتیان و بڕێك لە ئازادییەکان دەبەستێت، بەتایبەتی ئازادیی ڕادەربڕین، مافی ڕێکخستن، بەشداریکردن و هاوبەشیکردن لە نیشتماندا و بڕێکیش لە دادپەروەری.

*** مەبەستت لەوەدا نەبوونی ئیرادەی یەکگرتوو لە بڕیاردانە؟**

- بەڵێ، دەوڵەت هیچ بڕیارێکی یەکگرتووی نییە لەسەر هیچ شتێك، شتێکی بچووکم پێ بڵێ کە بیسەلمێنێت دەوڵەت خاوەنی بڕیاری یەکگرتووە، تەنانەت لەسەر پرسە کارگێڕییەکانیش (ڕێوشوێنەکان)، چ جای پرسە بنەڕەتی و ستراتیژییەکان. بۆ نموونە، هەڵوێست لەسەر بوونی سەربازیی ئەمریکا لە عێراق. لە

هەرێمی کوردستان پێشوازیی لێدەکەن، بەڵام باڵە چەکدارییەکانی شیعە و نیوەی حکومەت دژی وەستاونەتەوە، هەڕەشەی لێدەکەن و داوای کشانەوەی، یان ڕووبەڕووبوونەوەی دەکەن، سەبارەت بە سوننەگەریی سیاسی، زۆرینەیان ئێستا لەگەڵ بوونی ئەمریکادان، لە کاتێکدا کە ئەوان لە بنەڕەتدا دوای داگیرکارییەکە دژی بوون. ئەمە یەکێکە لە پارادۆکسەکانی سیاسەت لە وڵاتی ئێمەدا، بەتایبەتی کە گۆڕەپانەکە پڕ بووە لە سیاسییانی ڕێکەوت و ئەوانەی بەدوای بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیاندا دەگەڕێن، بێ ئەوەی گرنگیی بە بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان بدەن.

*** ئەی دەربارەی فیدراڵییەت؟ ئایا عێراق دەبێتە دەوڵەتێکی فیدراڵیی ڕاستەقینە؟**

- جیاوازی و ناکۆکیی ئاشکرا و شاراوە هەیە لەسەر ئەم بابەتە، سوننەگەریی سیاسی دەنگیان بە دەستوور نەدا، بە هۆی بوونی دەقێکەوە کە پەیوەست بوو بە فیدراڵییەوە، لە کاتێکدا کە ئێستا دەیانەوێت هەرێمی فیدراڵی دابمەزرێنن، هاوشێوەی هەرێمی کوردستان، شیعەگەریی سیاسی کە لە ڕابردوودا پاڵپشتیی فیدراڵییان دەکرد، تەنانەت بانگەشەیان بۆ فیدراڵییەت بۆ باشوور دەکرد، کە پەرلەمانی عێراق لە ٢٠٠٥ لەسەر دەستپێشخەریی خاوەنی ئەم پڕۆژەیە بەڕێز عەبدولعەزیز حەکیم بڕیاری لەسەر دا، بەڵام جێبەجێکردنی بۆ ماوەی ١٨ مانگ دوا خرا، پاشان بابەتەکە لەبیر کرا، وەك ئەوەی هیچ شتێك نەبووبێت.

من خۆم هەست بەوە دەکەم کە بەشی هەرە زۆری شیعەگەریی سیاسی، یان بە ئاشکرا، یان بە ئاماژە، یان لە ڕووی ناوەڕۆك، یان لە ڕووی دارشتنەوە، دژی فیدراڵییەتن و، دەیانەوێت بە شێوەیەك لە شێوەکان بگەڕێنەوە بۆ حوکمی سەنتراڵ، تەنانەت ئەگەر ئەمەش نەڵێن، بەڵام لە ڕووی پراکتیکی و پەیوەندییەوە بە ململانێی یاسا و بەرژەوەندییەکان لە نێوان هەرێم و ناوەنددا، نزیکبوونەوەیەك لە گەڕانەوە بۆ دەوڵەتی سەنتراڵ، یان ئارەزوویەکی کپکراو هەیە.

*** سرووشتی دەوڵەتی ئێستا، یان پاشماوەکانی، وەك خۆت دەڵێیت، چییە؟**

- عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە، لە دەوڵەتێکی سادەی سەنتراڵ، بگرە زۆر توندڕەو لە سەنتراڵگەراییدا لە ماوەی چارەکە سەدەی پێش داگیرکارییەکە، گۆڕا بۆ دەوڵەتێکی ئاوێتە، فیدراڵی، لامەرکەزی لە ڕووی دەستووری و یاساییەوە.

سیستمی فیدراڵی بە سیستەمێکی پێشکەوتوو دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهان و لە زیاتر لە ٣٠ وڵاتدا پەیڕەو دەکرێت، بەڵام فیدراڵییەت بەبێ دیموکراسی هیچ مانایەکی نییە، یەکێتیی سۆڤیەت، یوگۆسلاڤیا و چیکۆسلۆڤاکیا وڵاتی فیدراڵی بوون، بەڵام دیموکراسی نەبوون، بۆیە کۆتاییەکەیان بە ململانێ و ناکۆکی و شەڕ هات.

دەوڵەتی فیدراڵی (ئیتیحادی) واتە دەوڵەتێکی یەکگرتووە، کە تێیدا ناسنامە لاوەکییەکان و تایبەتمەندییە کەلتوورییەکان بەشدارن لە ئیدارەیەکدا، کە ڕێز لە فرەجۆری دەگرێت و، ددان بە فرەییدا دەنێت، لەسەر بنەمای یەکسانیی نێوان هەمووان، تێیدا دەسەڵاتەکان لە نێوان ناوەند و هەرێمەکاندا بە شێوەیەکی کارلێککەر و هاوکارانە دابەش دەکرێن، بە شێوەیەك کە جۆرێك لە هاوسەنگی و تەبایی دروست ببێت، کە ببێتە هۆی دینامیکێکی تەواوکەر.

*** بەڵام دەستووری عێراق لە پراکتیکدا لە کوێی هەموو ئەمانەدایە؟**

- هەموو کەس دەڵێت دەستوور باشە، بەڵام هەندێك کەموکوڕی تێدایە. باشە، با لایەنە ناکۆکەکان ڕێك بکەون لەسەر چارەسەرکردنی کەموکووڕییەکان و پڕکردنەوەی کەلێنەکان و خۆڕزگارکردن لەو کەموکووڕی و مینانەی کە دەستوور لەخۆی گرتوون و کاربکەن بۆ هەموارکردنەوەی، بەڵام ئەمە ڕووی نەداوە، کاتێك دێتە سەر جددییەت هەموو کەس خۆی لێ گێل دەکات و بێدەنگ دەبێت، چونکە هەموو لایەنێك دەترسێت بەشێك لەو دەستکەوتانە لەدەست بدات، کە لە دەستووری پێشوودا بەدەستی هێناوە، هەروەها ڕەنگە ئەمە دەسەڵاتەکانی لایەنەکەی دیکە لەسەر حیسابی خۆی فراوانتر بکات.

جێگەی باسە، دەستووری عێراقی بە

**بەشی هەرە زۆری شیعەگەریی سیاسی، یان بە ئاشکرا، یان بە ئاماژە، یان لە ڕووی ناوەڕۆک، یان لە ڕووی دارشتنەوە، دژی فیدراڵییەتن و، دەیانەوێت بە شێوەیەک لە شێوەکان بگەڕێنەوە بۆ حوکمی سەنتراڵ**

**سیستمی فیدراڵی بە سیستەمێکی پێشکەوتوو دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهان و لە زیاتر لە ٣٠ وڵاتدا پەیڕەو دەکرێت، بەڵام فیدراڵییەت بەبێ دیموکراسی هیچ مانایەکی نییە**

**دەستووری عێراقی بە دەستوورێکی سەخت دادەنرێت و هەموارکردنەوەی قورسە، بەبێ ڕێککەوتنێکی گشتگیری نێوان لایەنە جیاوازەکان**

**ڕاستە هەژموونی ئێران بەهۆی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە پاشەکشەی کردووە، بەڵام هێشتا کاریگەریی لەسەر دیمەنی سیاسی هەیە**

**ئێران ئێستا زیاتر بیر لە پاراستنی خۆی دەکاتەوە وەک لە پاراستنی هاوپەیمانەکانی و، ڕەنگە واز لە هاوپەیمانەکانی بهێنێت، یان لە نیوەی ڕێگا بەجێیان بهێڵێت**

**ئێران وەک دەوڵەتێک بە شێوەیەکی پراگماتی کار دەکات و خاوەنی دیپلۆماسییەتێکی زیرەک و فێڵبازە و، دامەزراوەی خاوەن سرووشتێکی ناوەندی تێدایە**

دەستوورێکی سەخت دادەنرێت و هەموارکردنەوەی قورسە، بەبێ ڕێککەوتنێکی گشتگیری نێوان لایەنە جیاوازەکان، بەپێی ئەو ڕێکار و ڕێوشوێنانەی کە دەستوور دیارییان دەکات، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ەوە بڕیارێك هەبوو بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور، بۆ ڕازیکردنی سوننەگەریی سیاسی و بەشداریکردنیان لە پڕۆسەی سیاسیدا، وا دانرابوو کە لە ماوەی چوار مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦ ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەم هەموارکردنەوەیە خەوێنرا و تا ئەمڕۆ، نزیکەی ٢٠ ساڵە، بەئاگا نەهاتووەتەوە، وەك زۆر بڕیاری دیکە، جگە لەوەش چەندین ماددەی دەستوور هێشتا پەکخراون و بە دەرکردنی یاسای تایبەت پێیان تەواو نەکراون.

*** ئایا تائیفەگەری بەربەستە لە هەموارکردنەوەی دەستوورەکە؟**

- لەژێر ناونیشانی تائیفەگەریدا و، بەپێی پێوەرەکانی، وابەستەیی دەرەکیی ئاشکرا دروست بووە کە بنەماکەی ئایدیۆلۆژیای سیاسییە، نەك ئایینی، چونکە دینداریی ڕاستەقینە و باوەڕداریی دڵسۆز تائیفی نییە. وەك عەلی وەردیی کۆمەڵناس دەڵێت: «تائیفیی بێ ئایین» هەن، چونکە زۆرێك لە تائیفییەکان لە بنەڕەتدا دیندار نین. بەشێکیان بە ئاشکرا پەیوەندیی خۆیان بە وڵاتانی هەرێمەوە ڕادەگەیەنن، وەك دەزانیت، هەژموونێکی بەهێز و گەورەی ئێرانی لەناو گۆڕەپانی عێراقدا هەیە، هەروەها هەژموونی تورکیش هەیە.

ڕاستە هەژموونی ئێران بەهۆی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە پاشەکشەی کردووە، بەڵام هێشتا کاریگەریی لەسەر دیمەنی سیاسی هەیە، پێشتریش گوتوومە کە عێراق دابەش بووە، نیوەی بۆ ئێران و نیوەکەی دیکەی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام نیوە ئێرانییەکە زیاتر لەسەر زەوی بوونی هەیە، وەك لەوەی بنکەی سەربازی بێت، هەژموونێکی نەرمە و هەندێك جار نابینرێت، چنگی ئێران لەناو عێراقدا بەهێز و کاریگەرە، جەماوەرێکی لە شیعەگەریی سیاسی هەیە و، بەرژەوەندی و خزمەتکردنی یەکتریی مەزهەبی و سیاسی و ئابووری. لێرەدا جارێکی دی جەخت لەسەر جیاوازیی نێوان شیعە و شیعەگەریی سیاسی دەکەمەوە، بەڵام هەژموونی ئەمریکی جەماوەری نییە و، تەنانەت ئەگەر جەماوەرێکی وەهایشی هەبێت، ئەوا خۆی، یان وابەستەیی خۆی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان ئاشکرا ناکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوویدا، بەتایبەتیش دوای شەڕی جینۆساید لە غەززە و، لوبنان ڕووبەڕووی لێدانی ئازاربەخش و کارەساتبار بووەوە، جگە لەوەی لە سووریا ڕوویدا، بە پاشەکشەکردنی ئەوەی پێی دەگوترا «تەوەری بەرگری» بە هۆی کەوتنی ڕژێمی سووریا و هەڵاتنی سەرۆکی پێشووی (بەشار ئەسەد) و گەمارۆدانی حوسییەکان لە یەمەن.

ئەم هۆکارانە، بێ هیچ گومانێك، هەژموونی ئێرانییان لاواز کردووە، لەوانەش ڕووبەڕووبوونەوە و بەئامانجگرتنی سەختی حوسییەکان لە ماوەی نزیکەی ساڵێك و حەوت مانگدا، ئەوەش لانیکەم کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هەژموونی مەعنەویی ئێران هەبوو، سەرباری ئەو گەمارۆ نێودەوڵەتییەی کە بە سەر ئێراندا سەپێنراوە، بەتایبەتی گەمارۆی ئەمریکی، کە ماوەی چوار دەیەیە، ئەمەش بووەتە هۆی لاوازبوونی ئابووریی ئێران و دابەزینی بەهای دراوەکەی.

لەبەرئەوە، ئێران ئێستا زیاتر بیر لە پاراستنی خۆی دەکاتەوە وەك لە پاراستنی هاوپەیمانەکانی و، ڕەنگە واز لە هاوپەیمانەکانی بهێنێت، یان لە نیوەی ڕێگا بەجێیان بهێڵێت، ئەمەمان لە سووریا تا ڕاددەیەکی زۆر زۆر لە لوبنانیش بەدی کردووە، کە تا سنوورێکی کەم نەبوو.

بەڵام ئێران وەك دەوڵەتێك بە شێوەیەکی پراگماتی کار دەکات و خاوەنی دیپلۆماسییەتێکی زیرەك و فێڵبازە و، دامەزراوەی خاوەن سرووشتێکی ناوەندی تێدایە. پێشتر دەیگوت «هێڵی بەرگریی لێرەیە» واتە لە بەغدایە نەك تاران و شانازیی پێوە دەکرد، کە کۆنترۆڵی چوار پایتەختی عەرەبی دەکات، کە هێڵەکانی بەرگریی بوون، ئەو توانایە زیادەیەش ئەمەی پێ بەخشیبوو، چونکە بڕیارەکەی لە بەغدا و دیمەشق و بەیرووت و سەنعا، جگە لە غەززەش، کاریگەریی هەبوو، بەڵام وردە وردە بە شێوەیەکی بەرچاو دەستی بە پاشەکشە



کردووە و، ڕەنگە ناچار بێت سازشی گەورەتر بکات سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمی، کە ڕەنگە ئەنجامەکەی دانوستانەکانی ئەمریکا-ئێرانی لێی بکەوێتەوە.

*** ئایا دەکرێت پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا ڕاستەڕێ بکرێتەوە؟**

- ڕەنگە قورس بێت ئەوە بە هەمان ئامرازەکان و بە هەمان چینە سیاسییەکە ڕووبدات، کە متمانەپێکراویی خۆی لەدەست داوە، ڕەنگە کارەکە پێویستی بە یەکلاکردنێکی مێژوویی هەبێت بۆ دووبارە داڕشتنەوەی سیستمی سیاسی، ئەمەش پێویستی بە ئیرادەیەکی خودی هەیە، دوای دابینبوونی هۆکارە بابەتییەکان. وەك هاووڵاتییەکی عێراقی دەڵێم، نابێت بڕیاری عێراقی بەند بێت، بەم پایتەخت، یان بەوەی دیکەوە، وەك بەشێك لە پاشکۆیەتی لەژێر پاساوی مەترسییەکانی داعش و تیرۆری نێودەوڵەتی و غەیری ئەوانەدا.

*** ئایا دەکرێت لەپرۆسەی دووبارە بونیادنانەوەی عێراقدا شکۆ بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت بگێڕێنرێتەوە؟ ئایا ڕۆڵی ڕۆشنبیران لەم پرۆسەیەدا لە چ ئاستێکدا دەبێت؟**

- ئەوە دەکرێت، ئەگەر ئیرادەیەکی سیاسیی کۆکەرەوە هەبێت، واتە ئەوە بەندە بە «ئەگەر»ەوە، «ئەگەر»یش مەرجێکی ناجێگیرە (غەیر جازیمە) وەك زانایانی ڕێزمان دەڵێن، بەڵام بنەما و هێزی پاڵنەری گۆڕانکاری بریتییە لە بوونی ئیرادەیەکی یەکگرتوو و، ڕێککەوتنێکی گشتی لەنێوان هێز و ڕەوتە سیاسییەکاندا، بەتایبەتی ئەگەر هەست بکەن بەرژەوەندییەکانیان لەژێر هەڕەشەدایە، ئەمەش بەبێ پراکتیزەکردنی چاودێری، شەفافیەت و لێپرسینەوە ڕوونادات، بەتایبەتیش بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و قۆرخکردنی چەك تەنیا لە دەستی دەوڵەتدا.

**ڕۆشنگەری (التنویر) ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە گۆڕانکاری لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مافەوانی و ڕۆشنبیرییەوە و، ئەوانە ئامرازەکانی ئێمەن وەک ڕۆشنبیران**

**ئەگەر بیروڕاکانی ڕۆشنگەری بوون بە ڕای گشتی و بوونە باوەڕ لای خەڵک، ئەوا دەبنە هێزێکی ماددی کە هەڵکێشانیان قورسە**

ڕەنگە ئەمە بەشێك بێت لە خەونە دواخراوەکانمان، بەڵام ئایا ئێمە خەون نابینین کاتێك بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێین؟ ئێمە بیروڕا و بیرۆکە و ئیجتیهاد و پێشنیار دەخەینە ڕوو و، بە توندی و بە گیانێکی ئەرێنی ڕەخنە لە کردە سیاسییەکان دەگرین، چونکە ئەوە ئەرکی ڕۆشنبیرە، جا چ جای ئەوەی کە پیاوی یاساش بێت و مافناس و لەم بوارەدا کاربکەیت.

ڕۆشنگەری (التنویر) ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە گۆڕانکاری لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مافەوانی و ڕۆشنبیرییەوە و، ئەوانە ئامرازەکانی ئێمەن وەك ڕۆشنبیران. ئێمە ئامرازی دیکەمان نییە، چونکە دەسەڵات بە دەستی سیاسییەوەیە، پارەش هەندێك جار بە دەستی ئەوەوەیە، بەڵام کەرەستەی ڕۆشنبیران بریتییە لە فیکر و ڕۆشنگەری، بۆیە پێویستە ڕۆشنبیر نەبێتە داردەستی سیاسی، پێویستە ڕای خۆی بڵێت، تەنانەت ئەگەر پێچەوانەی ڕای سیاسییش بێت، هەروەها پێویستە ئەو بۆشاییەی نێوان بڕیاربەدەستان و ڕۆشنبیران پڕ بکرێتەوە، ئەگەر بیروڕاکانی ڕۆشنگەری بوون بە ڕای گشتی و بوونە باوەڕ لای خەڵك، ئەوا دەبنە هێزێکی ماددی کە هەڵکێشانیان قورسە.

*** بەڵام کورد و هەرێمی کوردستان لە کوێی ئەم گۆڕانکارییانەدایە؟**

- لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، لە چەند کۆڕێکدا لە سلێمانی و دهۆك و هەولێر، بیروبۆچوونی خۆم سەبارەت بە پێگەی هەرێمی کوردستان لەم گۆڕانکارییانە دەربڕیوە و گوتوومە هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێتە ناوەندێکی ڕاکێشان بۆ وەبەرهێنان و سەقامگیری و ئاشتی و بۆ ئەنجامدانی ئاشتەوایی لە نێوان هێزە هەرێمییەکاندا، ئەگەر بە باشی ئەم ململانێیە و ئەم فرەجۆرییە بەڕێوە ببات.

من داوای پەیمانی «وێستفالیایەکی ڕۆژهەڵاتی»م کردووە، بەهاوشێوەی پەیمانی ویستفالیای دوای شەڕی ٣٠ ساڵەی ئەورووپا، کە لەم ناوچەیەدا چوار نەتەوە لەخۆ بگرێت (کورد، عەرەب، تورك و فارس) و پەیوەندیی ئەرێنی لەنێوان خۆیاندا دروست بکەن، دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی یەکتر، ددان بنێن بە مافی چارەی خۆنووسیندا لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش و سوودی دوولایەنە، لەگەڵ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان لە ڕووی تێپەڕبوونی کاڵا و شتومەك، ئاڵوگۆڕی بازرگانی، تەواوکاریی ئابووری، نیشتەجێبوون، هاتوچۆ و.. هتد. هەموو ئەمانە دەکرێت بە شوێنپێی پەیماننامەی وێستفالیا هەڵبگیرێت و، بە نموونەی ئەو بێت، بەبێ کۆپیکردن، بەڵام بە سوودوەرگرتن لە ناوەڕۆکەکەی، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ناوچەکە. پەیماننامەی وێستفالیا لە ساڵی ١٦٤٨ واژۆ کرا، لە ئەنجامەکانی؛ ڕاگرتنی شەڕە خوێناوییە تائیفییەکان بوو لە نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانتەکان لە ئەورووپا.

*** گوتت لەم پرۆسەیەدا هەرێمی کوردستان دەبێتە ناوەندێك بۆ کۆکردنەوەی جەمسەرەکان، بۆچی؟**

- لەبەر ئەوەی ئەم هەرێمە لە شوێنەکانی دیکە سەقامگیرترە و شوێنە جوگرافییەکەی هۆکارێکی یارمەتیدەرە، بەتایبەتی لە نێوان عێراق و سووریا و تورکیا و ئێراندا، کورد لەم وڵاتانەدا هەن، هەروەها دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ددانپێدانراوە و، بەپێی دەستوور بەشێکە لە سیستمی حوکمڕانی لە عێراقدا، هەروەها لایەنی عێراقیش هەن کە چاویان لە کوردستانە. لەبەر ئەم هۆکارانە، کوردستان دەتوانێت ببێتە گۆڕەپانێك بۆ گفتوگۆ، لێکتێگەیشتن، هاریکاری، وەبەرهێنان و ئاشتی، دۆخی نێودەوڵەتیش ڕێگەی پێدەدات و، بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، بۆیە دەشێت ببێتە خاڵی ڕاکێشان و سەرنجڕاکێشان، دوای ئەوەی خاڵی گرژی و ململانێ و لاوازکردنی چوار دەوڵەتەکە بوو، بۆیە ئێستا دەتوانێت بەشداری لە بەهێزکردنی ئاسایش و سەقامگیریدا بکات، ئەگەر بە باشی فرەجۆرییەکە بەڕێوە ببات.

*** لەم ماوەیەی دواییدا باس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ دەکەن، دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ ڕات چییە؟**

- بێگومان، گۆڕانکاریی جیۆپۆلەتیکی لە ماوەی پێنج دەیەی ڕابردوودا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویانداوە، واشنتۆن چەندین ساڵە مژدەی ئەوە دەدا، تەنانەت لەژێر

سێبەری سیستمی دوو جەمسەریشدا، بەڵام بابەتەکە ڕەهەندێکی دیکەی وەرگرت لەژێر سێبەری هەژموونی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەسەر بڕیاری نێودەوڵەتیدا بە کۆتاییهاتنی سەردەمی جەنگی سارد (١٩٤٦-١٩٨٩)، دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و، پێش ئەوەش ڕووخانی دیواری بەرلین (٩ی تشرینی دووەم ١٩٨٩)، پرۆژە کۆن- نوێیەکان ئامادە بوون بۆ جێبەجێکردن. تەنیا با ئەوە بیر بخەینەوە کە کۆندالیزا ڕایس وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەکاتی دەستدرێژیی تەممووزی ٢٠٠٦ بۆ سەر لوبنان، بانگەشەی بۆ دەکرد بە داواکردنی دامەزراندنی «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ و گەورە»، ئەمڕۆش سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ پرۆژەیەکی نوێ دەخاتە ڕوو کە لە هەمان ئاراستەدایە، هەرچەندە ڕووبەڕووی ئالنگاریگەلێکی نوێ دەبێتەوە.

ناهاوسەنگییەکی گەورە لە هاوسەنگیی هێزەکاندا ڕوویداوە، کە هەر لە حەفتاکانەوە پلاندارشتنی بۆ هەبوو. لە ساڵی ١٩٧٩، بێرنارد لویس بیرمەندی بەریتانی- ئەمریکی، بابەتی دابەشکردنی ناوچەکەی هێنایە گۆڕێ بۆ ٤١ قەوارەی تائیفی، نەتەوەیی (ئیتنی)، زمانی، ڕەچەڵەکی، ناوچەیی، ئایینی، تائیفی و...هتد. نەخشەی بۆ ئەوە دانا، کە زیاتر لە نەخشەی خوێن دەچوون، ئەم ڕاپۆرتە لە کۆنگرێسی ئەمریکادا لە دانیشتنێکی نهێنیدا لە ساڵی ١٩٨٣ پەسەند کرا، شتی لەوە دوورتریش هەیە، ڕاپۆرتی پایک هەیە کە پێشکەش بە کۆنگرێسی ئەمریکا کراوە لە دانیشتنێکی نهێنیدا لە ساڵی ١٩٧٦، ئەم ڕاپۆرتە پەیوەندی بە ناوچەی کوردییەوە هەیە، بەتایبەتی وازهێنانی واشنتۆن لە کورد دوای ڕێککەوتنی نێوان سەددام حوسێن و شای ئێران، کە بە «ڕێککەوتننامەی جەزائیر» ناسرا (٦ی ئاداری ١٩٧٥)، کە لەم ڕۆژانەدا پەنجا ساڵی بەسەردا تێپەڕی.

کیسنجەریش پێش ئەو گوتبووی: «سیاسەت ئەخلاقی تێدا نییە. ئێمە دەستبەرداری بزووتنەوەی کوردی بووین لە پێناو هاوپەیمانەکەمان کە ئێرانە». شای ئێران لەگەڵ سەددامی حاکمی کردیی عێراق ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٥ی واژۆ کرد، ئەمەش زیانێکی گەورەی بە بزووتنەوەی کوردی و بە شۆڕشی ئەیلوول دوای ساڵێك لە شەڕ (١٩٧٤-١٩٧٥) گەیاند. بۆچی؟ وەڵامەکەی ڕاپۆرتی پایك ڕوونی دەکاتەوە: ئارەزووی واشنتۆن بوو بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق تووشی شکست نەبێت، نەك لەبەر خۆشەویستیی بۆی، بەڵکو واشنتۆن دژایەتیی دەکرد دوای بە خۆماڵیکردنی نەوت لە ١٩٧٢، بەڵکو بۆ ئەوەی دەرفەتی هەبێت فشار بخاتە سەر سووریا، تا ئەوی دوایی ڕازی بێت بە ڕێککەوتننامەی دووەمی جیاکردنەوەی هێزەکان لەگەڵ ئیسرائیل، لە ڕاپۆرتی پایکدا هەروەها هاتبوو کە پێویستە یەمەنی دیموکراتی (یەمەنی باشوور) بڕووخێندرێت و، کار بۆ ئەمەش کرا.

ڕاستە پرۆژەکانی دابەشکردن بەیەکجار جێبەجێ نەکران، بەڵام بە قۆناغ هاتن، مۆسکۆش لە ساڵی ١٩٧٩ پەلکێش کرا تا بکەوێتە داوەکەوە، کاتێك یەکەم تانکی سۆڤیەتی لە سنووری ئەفغانستان پەڕییەوە، هەر ئەو ڕۆژە، برێجنسکی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، دوای نیوەشەو، چوو بۆ کۆشکی سپی تا نامەیەکی یەك دێڕی بۆ سەرۆك جیمی کارتەر بنووسێت، پێی گوت بەم شێوەیە: «ورچە ڕووسییەکە کەوتە داوەکەوە». ئەوەش هاوتای شکستی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو لە ڤێتنام، داگیرکاریی سۆڤیەت بۆ ئەفغانستان دە ساڵی خایاند و، گۆرباچۆڤ ناچار بوو هێزەکانی سۆڤیەت بکشێنێتەوە و، دەدان بە شکستی سۆڤیەتدا بنێت لە لەناوبردنی ئەوانەی پێیان دەگوترا «موجاهیدینی ئەفغانی»، کە بە پلاندارشتنی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بە یارمەتیی ژمارەیەك وڵاتی عەرەبی، لەوانە شانشینی عەرەبی سعودیە و میسر، ڕێکخرابوون. ئەمەش ئەوەیە کە محەمەد بن سەلمان جێنشینی سعودیە دانی پێدا ناوە و، ڕەخنەی لەو جۆرە هەڵچوونە گرت کە زەمینەی بۆ گەشەی ڕەوتی ئیسلامی لەسەر هەردوو ئاستی عەرەبی و ئیسلامی خۆش کرد.

ئەوە یەکەم هەنگاو بوو بۆ دەستپێکی هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤیەت، تێکچوونی هاوسەنگیی هێزەکان ڕۆڵێکی گەورەی لەوەدا

**هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێتە ناوەندێکی ڕاکێشان بۆ وەبەرهێنان و سەقامگیری و ئاشتی و بۆ ئەنجامدانی ئاشتەوایی لە نێوان هێزە هەرێمییەکاندا، ئەگەر بە باشی ئەم ململانێیە و ئەم فرەجۆرییە بەڕێوە ببات**

**دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانپێدانراوە و، بەپێی دەستوور بەشێکە لە سیستمی حوکمڕانی لە عێراقدا**

گێڕا، جگە لە قەیرانە ئابوورییە کەڵەکەبووەکان و کەمیی ئازادییەکان و بیرۆکراسیی حزبی، بەم شێوەیە سیستمی سۆسیالیزم وەك سێوێکی پێگەیشتوو کەوتە باوەشەوە، بەم جۆرە نەخشەی سیاسی، وڵات لە دوای وڵات گۆڕا، بگرە هەندێك وڵاتی سۆسیالیست چوونە ناو هاوپەیمانی ناتۆوە و بوونە پشت بۆ ڕووسیا، تا هاتنی سەرۆك ڤلادیمیر پوتین، کە کاری بۆ چاکبوونەوەی ڕووسیا کرد لە مەینەتییە کۆنەکەی، بەڵام ناهەوسەنگییەکە تا ئێستاش هەر ماوە.

*** ئایا ململانێی ئەمریکا- چین، سەختتر دەبێت لە ململانێی ئەمریکا- سۆڤیەت بۆ ئەمریکا؟**

- پێم وایە کە ململانێی ئەمریکا - چین زۆر سەختترە لە ململانێی سۆڤیەت — ئەمریکا، چونکە ئەمە ململانێی زانستەکان و تەکنەلۆژیا و ژیریی دەستکرد و ئابووریی مەعریفییە، نەك ململانێیەکی ئایدیۆلۆجی، یەکێتیی سۆڤیەت لە ململانێی ئایدیۆلۆژیدا شکستی هێنا لە ڕێگەی هێزی نەرمەوە، کە بانگەشەی بۆ شێوازی ژیانی ئەمریکی و ڕێگەی ژیان دەکرد، جگە لە ئامرازەکانی پڕوپاگەندە کە هونەر و ئەدەب و، بەتایبەتی سینەمای بەکاردەهێنا، لە کاتێکدا یەکێتیی سۆڤیەت تەنیا بە پێشبڕکێی چەکداری و وتارە بریقەدارەکان و بەرنامە و پلانە ئابوورییە شکستخواردووەکانەوە خەریك بوو.

پلانی چین ٢٠٣٠بۆ گەشەپێدان، ڕەنگە لە هەندێك پیشەسازیدا پێش ئەمریکا بکەوێتەوە، بەڵام نابێت ئەمە وامان لێبکات، وا بیر بکەینەوە کە ئەمریکا کۆتایی دێت، چونکە هێشتا زلهێزی یەکەمە و هەموو پێکهاتە بنەڕەتییەکانی هەیە و دەوڵەمەندترینە، زۆرترین توانای مانۆڕکردن و دووبارە چاککردنەوەی ئەوەی هەیە کە تێکچووە، یان پەککەوتووە، یان پاشەکشەی کردووە، هەروەها توانای زەبەلاحی هەیە.

*** ئەی دەربارەی سیاسەتی ترەمپ چی دەڵێن؟**

- هاتنی ترەمپ بۆ دەسەڵات و بەشێوازە پۆپۆلیستییەکەی و بڕیارەکانی لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی گەیشتنی بە کۆشکی سپی، ئاماژەن بۆ سەروەرییبوونی جۆرێك لە ئۆلیگارشیی نوێ ئەمەش «کەمینەی کەمینە»یە و، دەربڕی بەرژەوەندیی دیاریکراوی بازرگانی و ئەمنییە، دوای ئەوەی کە پێشتر کۆمەڵگەی پیشەسازیی سەربازی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان حوکمڕان بوو، مەبەستم پیشەسازیی چەك و بەکارهێنانەکانیەتی، بەڵام ئەمڕۆ، بازرگانیی موڵك و خانووبەرە زیاترین ڕەواجی بازرگانیی هەیە لە بەڕێوەبردنی جیهاندا، سەرۆك (ترەمپ) پشتی بە سەفقەکان بەست، لە دەرەوەی سنوورەکانی دیپلۆماسییەتی ناسراو و جێگیرکراو لە ڕێککەوتننامەی ڤیەننای ساڵی ١٩٦١ دەربارەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان.

سەرۆك ترەمپ جیهانی بە ئاشکرا تووشی سەرسوڕمان کرد، کاتێك داوای لکاندنی دوورگەی گرینلاندی کرد و، لکاندنی کەنەدا بە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە وەك ویلایەتێکی نوێی وڵاتەکەی، هەروەها دەستبەسەرداگرتنی کەناڵی پەنەما و، نەدانی باج بۆ ئەو کەشتییە بازرگانی و سەربازییە ئەمریکییانەی کە بە کەناڵی سوێس و کەناڵی پەنەمادا تێدەپەڕن، هەروەها باجی گومرگیی بەرزی بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی جیهاندا سەپاند، لەوانەش هاوپەیمانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئەورووپا، ئەمەش هەژانێکی گەورە لە ئابووریی جیهانیدا دروست دەکات، کە ژمارەیەك لە سەرکردەکانی یەکێتیی ئەورووپا ئاماژەیان پێکردووە.

ئێمە هێشتا هەستمان بە کاریگەرییەکانی سیاسەتی ترەمپ نەکردووە، هەرچەندە بابەتەکە لەسەر نرخی نەوت دەستی پێکردووە و کاریگەرییەکان لەسەر کانزاکان بەرچاو دەبن. سەرۆکی ئەمریکی داوا لە ئۆکرانیا دەکات کە کانزا و سامان و نەوت و گاز بخاتە ژێر دەسەڵاتی واشنتۆنەوە، لەوانەش کارگە ئەتۆمییەکان وەك قەرەبووی ئەو یارمەتییەی کە لە شەڕەکەیدا لەگەڵ ڕووسیا پێشکەشی دەکات، بەو مەرجەی واشنتۆن کارەبا و وزە بەرهەم بهێنێت و، بەسەر ئۆکرانیا و ڕووسیادا دابەشی بکات، ڕەنگە ئەمە شتێکی سەیر بێت کە پێشتر لە جیهاندا ڕووی نەدابێت.

**ڕاپۆرتی پایک هەیە کە پێشکەش بە کۆنگرێسی ئەمریکا کراوە لە دانیشتنێکی نهێنیدا لە ساڵی ١٩٧٦، ئەم ڕاپۆرتە پەیوەندی بە ناوچەی کوردییەوە هەیە، بەتایبەتی وازهێنانی واشنتۆن لە کورد دوای ڕێککەوتنی نێوان سەددام حوسێن و شای ئێران، کە بە «ڕێککەوتننامەی جەزائیر» ناسرا**

**ململانێی ئەمریکا - چین زۆر سەختترە لە ململانێی سۆڤیەت – ئەمریکا، چونکە ئەمە ململانێی زانستەکان و تەکنەلۆژیا و ژیری دەستکرد و ئابووری مەعریفییە، نەک ململانێیەکی ئایدیۆلۆجی**

# بەڵێ، سەرۆک بارزانی مەرجەع و ڕابەرە

لەگەڵ ئەوەی تێڕوانین و فەلسەفەی مستەفا بارزانی بۆ کوردستان تێکەڵەیەکە لە تێکۆشانی سیاسی و پێشمەرگایەتی و پابەندبوون بە بەها کەلتووری و نیشتمانپەروەرییەکانی گەلی کوردستان، کە دوا جار بوو بە ڕێبازێکی ئیلهامبەخش بۆ زۆرینەی گەلی کوردستان، کە تاوەکو ئەمڕۆ نەوەی ئەو ڕێبازە بەردەوامە لە خەبات و تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی.

مستەفا بارزانی، زۆر بە گرنگییەوە دەیڕوانییە یەکبوونی کورد لەژێر یەك ئاڵا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییەکان، کە لەلایەن هێزە دەرەکی و ناوخۆییەکانەوە دروست دەکران.

ئەم یەکبوونە لەژێر یەك سەرکردایەتیدا توانی زامنێ بێت بۆ بەهێزیی گەلی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمە ستەمکارەکان و بڵاوبوونەوەی فەرهەنگی گەلی کورستان و پاراستنی ناسنامەکەی.

مامەڵەکردنی مستەفا بارزانی لەگەڵ جەمسەرەکانی ناوچەکە و بەکارهێنانی دیپلۆماسیەت و پەیوەندی لەگەڵ زلهێزەکانی ناوچەکە و جیهان بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان، بنەمایەکی گرنگی ئەو فەلسەفەیە بووە، کە پێویستە هێز لە پێناو دیالۆگ و ئاشتیدا بەکار بهێنرێت.

خۆڕاگری لە بەرەنگاربوونەوەی ئالنگارییەکاندا خەباتێکی بێوچان بووە لە پێناو دۆزێکی ڕەوادا، کە پێویستی بە قوربانیدان بووە.

بارزانیی نەمر بایەخێکی تایبەتی بە تاکی کوردستانی دەدا، چونکە ڕای وابوو، تاکی کوردستانی توانای هێنانەدیی گۆڕانکاریی هەیە و ئەو گەلە خاوەنی ئەو هێزە ناوخۆییەیە، کە پێویستە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، بۆیە لەسەر سەرکردەکان پێویستە لە خزمەتی گەلدا بن و بەرژەوەندییەکانی خۆیان نەخەنە پێش بەرژەوەندیی گەل.

هەلومەرجی سیاسی و ئابووری لە جیهان و ناوچەکەدا بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە، بۆیە پێویستە پارتی دیموکراتی کوردستان، وەکو هەر حزبێکی سیاسیی هاوچەرخ و باوەڕهەبوو بە ئایندە، بەردەوام کار لەسەر نوێکردنەوەی دیدگە و بەرنامەکانی بکات، تا ئەو دیدگە و بەرنامانەی گونجاو بێت لەگەڵ ئالنگارییە هەنووکەییەکان و کۆسپەکانی داهاتوو.

ئەمڕۆ لەسەر ئاستی هەرێمیدا زۆر حزب و لایەن ڕوو لە سەرۆك مەسعود بارزانی دەکەن، وەکوو مەرجەع، تاوەکو لە ئەزموون و شارەزاییەکانی سوود وەربگرن بۆ چارەسەرکردنی کێشە گرێدراوەکان بە ماف و چارەنووسی گەلی کوردستان بە شێوەیەکی ئاشتییانە.

پارتی دیموکراتی کوردستان بە نوێکردنەوەی ستراتیژیی خۆی وەکو ڕابردوو زیاتر کار بۆ یەکخستنی هێزە جیاجیاکانی کوردستان دەکات و مەبەستیەتی هەماهەنگیی نێوان لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان پتەوتر بکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان، چ لە ناو هەرێمی کوردستان، یان لە پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ.

داڕشتنەوەی پلان و سیاسەتی نوێ بۆ سەردەمی پاش شۆڕشی چوارەمی تەکنەلۆژیا، پاڵپشتی بونیادنان و بەهێزبوونی دامەزراوەکان و سەروەریی یاسا و پەرەپێدانی بەردەوامیی ئابووری دەکات.

پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژییانە هەڵدەکات کە کاریگەرییان لەسەر سیاسەت و ئاراستەی گشتی هەیە، بە نوێکردنەوەی ئامراز و تیۆرییەکان و بە باوەڕبوون بە ئایندەسازی و نیشتمانسازی و دەوڵەتسازی، کاری جددی دەکات بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی نەوەی داهاتوومان.

سەرکەوتنی بەردەوامی پارتی دیموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ستراتیژەی کە «ڕێبازی بارزانی»ی کردووە بە بنەما و لەگەڵ گەلی کوردستان بەگشتی و توێژی لاوان بەتایبەتی، هاوئاهەنگە و متمانەی گەلی بەدەست هێناوە و هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەو لایەنانەش دروست دەکات، کە مەبەستیانە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان و ئامانجە نیشتمانییەکان پارێزراو بێت.



**دکتۆر سامان سۆرانی**
دکتۆرا لە فەلسەفە،
زانکۆی هایدلبێرگ، ئەڵمانیا
بۆ گوڵانی نووسیوە

د.ئەردەشیر پەشەنگ
توێژەر و پسپۆڕ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە تاران بۆ گوڵان:

# دیدارە دیپلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان سەلمێنەری هەڵکشانی ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستانن لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا



# پەیوەندییە نەتەوەییە دڵسۆزییەکەی نێوان هەر چوارپارچەکەی کوردستان ڕووی لە هەڵکشان کردووە، کە پێگە و ڕۆڵی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێز دەکات

دانوستانەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا و ڕۆڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییانەی کە ڕوویان داوە و ڕوودەدەن لەسەر هەڵکشانی پرسی نەتەوەیی کورد، تەوەری سەرەکیی دیداری گۆڤاری گوڵان بوون لەگەڵ د.ئەردەشیر پەشەنگ توێژەر و پسپۆر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە تاران و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** بەو پێیەی شارەزاییەکی باشت لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت ئێران هەیە، با سەرەتای پرسیارمان لەسەر بابەتی گفتوگۆکان و ململانێکانی نێوان ئێران و ئەمریکا دەست پێبکەین، ئایا لەکاتی نەگەیشتن بە ڕێککەوتندا بارودۆخی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاڵۆزتر و سەختتر دەبێت؟**

- دوای ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هاتنی ترەمپ و ئیدارەی نوێی ئەمریکا، جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قۆناغێکی نوێی بەرەو گۆڕانکارییەکی گەورەتر لەوەی ڕووی داوە، تێپەڕ دەبێت، دەتوانین بڵێین دەوڵەتی نوێی ئەمریکا زۆر جیاوازترە لەوەی پێشوو، ئەم دەوڵەتە بە کۆمەڵێك دیدگە و ستراتیژیەت و سیاسەتی نوێدا دەگوزەرێت، ئەمەش هەمووی لەپێناو بەدیهاتنی ئامانجە سەرەکییەکانی وەکو «کۆتاییهاتنی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، پرسی کۆتاییهاتنی شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس، لێدانی سەربازیی حووسییەکان و کۆتاییهاتنی هەڕەشەکانی بۆ سەر ئیسرائیل و ڕێڕەوە دەریاییەکان و کۆتاییهاتنی میلیشیاکانی سەر بە ئێران و گفتوگۆکان و کۆنترۆڵکردنی دۆسیێ ئەتۆمییەکەی ئێران و چەندین پرسی دیکەی وەکو داشکانی بەهای نەوت و ململانێی بازرگانی لەگەڵ چین و پرسی دیکەی کۆچبەران و سەپاندنی تاریفەی گومرگی لەسەر هاوردەکردنی کاڵا و بەرهەمی بیانیی هەناردەکراو بۆ ئەمریکا» هەڵبەتە ترەمپ و ئیدارە نوێیەکەی بەرانبەر پرسی ئێران زیاتر بە دوای تەوافوق و گفتوگۆ و سازانەوەن وەکو ئەوەی بەدوای شەڕ کەوتبن، چونکە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد و وێرانبوونی غەززە و لاوازبوونی حزبوڵڵای لوبنانی و گورزە سەربازییەکانی ئەمریکا لەسەر حوسییەکان، هەمووی ئەمانە وایان کردووە، پێگە و هێزی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لاواز ببێت و سیناریۆیەکی دیکە لە بەردەم ئێران نەمێنێتەوە جگە لە سازان و تەوافوق لەگەڵ ئەمریکادا. بابەتەکە تەنیا ڕاوەستاوەتە سەر ئەوەی ئێران سازان لەسەر چ دۆسیێ و پرسێك بکات، تاوەکو ئەمریکا ڕازی بکات. خۆ ئەگەر سازان لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران بێت، بەوەی ئەم وڵاتە دەستی نەگات بە چەکی ئەتۆمیی سەربازی، ئەوا لەم حاڵەتەدا تەوافوق زۆر نزیکتر و ئاسانترە، بەڵام خۆ ئەگەر ئەمریکا ئامانجی زیاتر لە هەگبەیدا بێت و مەبەستی کۆنترۆڵی هەموو بەرنامە ئەتۆمی و مووشەکییە بالیستییە دوورمەوداکەی و کۆتاییهاتن بە دەستتێوەردانی دەرەکیی ئێران بۆ سەر عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت، ئەوا گفتوگۆکان و

**جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قۆناغێکی نوێی بەرەو گۆڕانکارییەکی گەورەتر لەوەی ڕووی داوە، تێپەڕ دەبێت**

**ترەمپ و ئیدارە نوێیەکەی بەرانبەر پرسی ئێران زیاتر بە دوای تەوافوق و گفتوگۆ و سازانەوەن وەکو ئەوەی بەدوای شەڕ کەوتبن**

گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ زۆر زەحمەت دەبێت و بارودۆخەکە نادیار دەبێت و ئەگەری زۆرە قۆناغێکی نوێ لە ئاڵۆزبوونی دۆخی ئێران و سەرجەم ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست ببێت.

*** پێت وانییە درێژبوونەوەی ئاڵۆزی و گرژییەکان لەکاتی ئێستادا لە قازانجی ئێران نییە، بەتایبەتی دوای ئەو شکستە گەورانەی لە فەڵەستین و لوبنان و سووریا و یەمەن میلیشیاکانی سەر بەو وڵاتە تووشی بوون؟**

- ئەو دانوستانانەی لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا کە چەند هەفتەیەکە لە مەسقەتی پایتەختی عوممان دەستی پێکردووە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بارودۆخی دارایی و ئابووریی ئێران هەبووە، دوای ئەوەی بەهای دۆلاری ئەمریکی بەرانبەر تمەنی ئێرانی بە ئاستێکی مێژوویی دابەزی و ٩ ملیۆن و ٨٥٠ هەزار تمەن بوو، گۆڕانکاریی بەسەردا هات و گەیشتە ٩ ملیۆن و ٢٥٠ هەزار تمەن، هەر هیچ نەبێت ئاهێك بە دۆخی دارایی و ئابووریی ئێراندا هات. ئەمە ئەوە نیشان دەدات دانوستانەکە و هیوای گەیشتن بە ڕێککەوتن کاریگەریی زۆر گرنگ و ڕاستەوخۆی لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابووری و دارایی ئێران دەبێت، بەتایبەتی کە ئەگەری گەیشتن بە ڕێککەوتن زیاترە لە ڕێکنەکەوتن. ئەمجارە بە پێچەوانەی ساڵی ٢٠١٥ـەوە کە ئێران ئارەزووی نەدەکرد ئەمریکییەکان و گەورە کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە وەبەرهێنان لە ئێران بکەن و بەشدار بن لە هەلەکانی وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازی و نەوت و غاز، ئەوەتا ئێران خوازیارە لە ڕێگەی پێدانی هەلی وەبەرهێنان و بەرژەوەندیی ئابوورییەوە بە گەورە کۆمپانیاکانی ئەمریکا، فشار لەسەر ئیدارەی ترەمپ دروست بکات، هەرچەندە ئەم کارە زەحمەتە هاوشێوەی وڵاتانی وەکو سعودییە و کەنداو، کە چەندین ساڵی پێویستە تاوەکو ئەم پەیوەندییانە بەرەوپێشەوە ببات. ئێرانییەکان باش دەزانن بواری تەکتیك و خۆدزینەوە لەم سەردەمە نوێیەدا زۆر لاوازە و ئەگەر لە ڕێککەوتنەکان نەگەنە دەرئەنجامێك، ئەوا پێش ئەگەری لێدانی گورزی سەربازی، بارودۆخی دارایی و ئابووریی ئێران دادەڕمێت و لە ئێستا زۆر خراپتر دەبێت.

*** ئایا ئێران دوای ئەم گۆڕانکارییانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویان دا، بەتایبەتی دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد و لاوازبوونی بەرەی موقاوەمە، چۆن دەڕوانێتە پرسی کورد؟ ئایا بەگشتی هەست بە گۆڕانکاری لە گوتاری ئێران بەرانبەر بە کورد دەکرێت؟**


- گۆڕانکارییەکان و ڕووداوەکان بۆ سەر ئێران و ناوچەکە بەگشتی، ئەگەرچی پێشبینی و شرۆڤەکردنی ئاسان نییە، بەڵام هەموو هاوکێشە و ڕووداوەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە کورد پرسێکی گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و وەکو پرسێکی جیهانی و واقیعێکی نوێی هاوکێشە سیاسییەکان دەردەکەوێت، بەتایبەتی ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستان ڕووی لە هەڵکشان کردووە. ئەوەتا تورکیا دەرکی بەم واقیعە نوێیەی کوردەکانی ڕۆژئاوا لە سووریا کردووە و هەنگاویش بۆ ئاشتی لەگەڵ پەکەکە و ئۆجەلان دەستی پێکردووە، هەموو ئەمانەش شاهیدی ئەوەن پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قۆناغێکی جددیدایە و ئەگەری باشتربوون زۆر بەهێزترە لە ئەگەرەکانی خراپبوون و تووشبوونی کێشە و قەیران. ئەوەتا پرسی ئاشتی کە لە باکووری کوردستان دەستی پێکردووە و بە پرسی ئاشتی لە ئیمراڵی سەری هەڵداوە، کە دەتوانێت کاریگەریی زۆر بەهێزی لەسەر مەسەلەی کورد بەگشتی هەبێت لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە ڕۆژئاوا. وڵاتێکی وەکو تورکیا هەر زوو دەرکی بەم هەقیقەتە کردووە، لە کاتێکدا ئەو دژی بارودۆخی کورد بوو لە ڕۆژئاوای کوردستان لە سووریا، تەنانەت زۆر لە بەرپرسە توندڕەوەکانی تورکیا هەر دانیان بە بوونی هەرێمی کوردستاندا نەدەنا، کەچی ئێستا هەنگاو بەرەو گۆڕینی سیاسەتیان بەرانبەر پرسی کورد دەنێن. لە هەموو ئەم گۆڕانکاری و وەرچەرخانە نوێیانەدا پێگەی دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان زۆر ڕووی لە بەرزی کردووە، ئەمەش بە دانپێدانی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و وڵاتانی هەرێمیی وەکو تورکیا و ئێران. بۆیە بە دانپێدانانی ئێران سەرجەم دیدارە دیپلۆماسییەکانی جەنابی بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی

**ئەو دانوستانانەی لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا کە چەند هەفتەیەکە لە مەسقەتی پایتەختی عوممان دەستی پێکردووە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بارودۆخی دارایی و ئابووریی ئێران هەبووە**

**ئێران خوازیارە لە ڕێگەی پێدانی هەلی وەبەرهێنان و بەرژەوەندیی ئابوورییەوە بە گەورە کۆمپانیاکانی ئەمریکا، فشار لەسەر ئیدارەی ترەمپ دروست بکات**

**ئێرانییەکان باش دەزانن بواری تەکتیک و خۆدزینەوە لەم سەردەمە نوێیەدا زۆر لاوازە و ئەگەر لە ڕێککەوتنەکان نەگەنە دەرئەنجامێک، ئەوا پێش ئەگەری لێدانی گورزی سەربازی، بارودۆخی دارایی و ئابووریی ئێران دادەڕمێت**

**هەموو هاوکێشە و ڕووداوەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە کورد پرسێکی گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و وەکو پرسێکی جیهانی و واقیعێکی نوێی هاوکێشە سیاسییەکان دەردەکەوێت**



هەرێمی کوردستان سەلمێنەری هەڵکشانی ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستانن لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا، بە تێڕوانینی ئێران و زۆربەی وڵاتانی جیهانیش ئێستا هەرێمی کوردستان وەکو کاراکتەرێکی سەرەکیی سەقامگیری و ئارامی لە ناوچەکەدا دادەنرێت، تەنانەت پەیوەندییە نەتەوەیی و دڵسۆزییەکەی نێوان هەر چوارپارچەکەی کوردستان ڕووی لە هەڵکشان کردووە و سەرەتای دەرکەوتنی نیگایەکی ستراتیژیی نزیك بەیەکیان دەستی پێکردووە، کە سەنگ و ڕۆڵی کورد بەگشتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهێز دەکات، دیدگەکانی بەڕێز بارزانی و عەبدوڵڵا ئۆجەلان و مەزڵووم عەبدی بە ڕادەیەك نزیکن لە یەکتر، کە هیچ کات لە مێژووی سەد ساڵەی پێشوودا زەمینەیەکی وا دروست نەبووە، کە جۆرێك لە هاوبیرییەکی ڕێژەیی لەسەر نیگایەکی ستراتیژی بە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ پرسی کورد هەبێت. هاتنە بەردەوامەکانی مەزڵووم عەبدی بۆ هەولێر و دیدارە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی هەرێم و فەرەنسا هەروا لەخۆڕا دروست نەبووە. لەم ڕوانگەیەوە ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە نزیکبوونەوەی کوردی باکووری کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا دەیگێڕێت و لەگەڵ کوردانی ڕۆژئاوا و لە نێوخۆدا لەگەڵ یەکێتی، کێشەکان کەم دەکەنەوە، ئەمانە هەموو وا دەکەن کە ڕۆڵ و پێگەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باشتر بێت، تەنانەت هەموو زلهێزەکانی جیهان گەیشتوونەتە ئەو هەقیقەتەی کە ڕۆڵ و پێگەی کورد لە هەرێمی کوردستاندا زۆر کاریگەرە لەسەر سەقامگیری و ئارامی و ڕاستکردنەوە و دووبارە دارشتنەوەی نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە بەرانبەر هەموو ئەو فشار و هێرش و سزایانەی کە لەلایەن دەوڵەتی مەرکەزی لە بەغدا و زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەکەوە تووشی بوون، بە خۆڕاگری مایەوە و، ڕێگەی بە نەیارانی نەدا، هەرێمی کوردستان لاواز بکرێت و پێگە ستراتیژی و قووڵییەکەی خۆی لەدەست بدات. ئەم ڕۆڵە ئەگەر بە یەکڕیزی و یەکدەنگیی نێوماڵی کورد بەردەوام بێت، ئەوا لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق بە تەواوەتی هێزەکەی دەردەکەوێت، هەروەکو چۆن پێشتر ئەم ڕۆڵە لە نێوان بەڕێز سەرۆك بارزانی و خوالێخۆشبوو جەلال تاڵەبانی جۆرێك لە تەوافوقی ستراتیژییان لە نێواندا بوو، کە بووە هۆی هەوێنی بەهێزبوونی زیاتری پێگەی کورد لە بەغدا و تەواوی ناوچەکە و جیهان.

**سەرجەم دیدارە دیپلۆماسییەکانی جەنابی بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەلمێنەری هەڵکشانی ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستانن لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا**

**بە تێڕوانینی ئێران و زۆربەی وڵاتانی جیهانیش ئێستا هەرێمی کوردستان وەکو کاراکتەرێکی سەرەکیی سەقامگیری و ئارامی لە ناوچەکەدا دادەنرێت**



د. گۆڤەند شیروانی
ئەکادیمی و شارەزای بواری نەوت بۆ گوڵان:

# دەستتێوەردانی لایەنە سیاسییەکانی شیعە هەیە، بۆیە بابەتی تەکنیکی و دارایی بوونەتە پاساو بۆ ڕێگری لە چارەسەرکردنی پرۆسەی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان

**ئەنجومەنی وەزیران هەڵوێستی نەگۆڕی خۆی بۆ پشتیوانیی دانوستان و گفتوگۆکانی نێوان هەردوو وەزارەتی نەوت و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان دووپات کردەوە، بۆ هەرچی زووتر دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت، داواشی کرد هەردوو وەزارەت و کۆمپانیا نەوتییەکان و کۆمپانیای سۆمۆ لە هەماهەنگی و دانوستان بەردەوام بن، بۆ ئەوەی لە زووترین کاتدا بابەتەکان یەکلایی بکەنەوە و بگەنە ڕێککەوتن، ئەمە لەکاتێکدایە وەزارەتی نەوتی حکومەتی عێراقی فیدراڵ لەمپەڕ لە بەردەم هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دادەنێت و ئامادە نییە زەمانەتی یاسایی بداتە کۆمپانیاکانی نەوت بۆ ئەوەی موستەحەقاتەکانیان پێ بدرێت. لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر گۆڤەند شێروانی ئەکادیمی و شارەزای بواری نەوت ساز دا.**

*** وەزیری سامانە سرووشتییەکان لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا لە ڕاپۆرتێکدا ڕوونی کردەوە کە وەزارەتیان ئەوەندەی پەیوەندی بە حکومەتی هەرێم هەبێت، پابەندییەکانی خۆی بە تەواوی جێبەجێ کردووە و هیچ ئاستەنگ و بەربەستێك لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە نییە بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، بۆچی وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ ئامادە نییە ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت بکات؟**

- وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان ئەرکی سەرشانی خۆی بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم جێبەجێ کردووە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە دۆسیێی نەوت لە عێراقدا تێکەڵ بە مزاجی سیاسی و بەرژەوەندی و ئەجێندای دەرەکی و ناوخۆیی بووە، ئەوەتا وەزارەتی نەوتی عێراق ئەو هەلە زێڕینەشی لەدەست دا کە هاتە پێش بۆ ئەوەی تێچوونی نەوتی هەرێمی کوردستان هەر بەرمیلێك بە ١٦ دۆلار بخەمڵێندرێت و بەشێوەیەکی کاتی دەست بەهەناردەکردنەوەی نەوت بکرێتەوە، تا کۆمپانیایەکی پسپۆڕی بێلایەن تێچووەکە دیاری دەکات، تەنانەت بێ ئەوەی هۆکاری دواخستنی دانوستانەکەی سەرەتای هەفتەی ڕابردوو دیاری بکرێت، کۆبوونەوە چاوەڕوانکراوەکەی نێوان وەزارەتی نەوتی فیدراڵ و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و کۆمپانیاکانی نەوت ئەنجام نەدرا. ئێستا کێشەکە لە نێوان وەزارەتی نەوتی عێراق و کۆمپانیاکانی نەوتدایە، وەزارەتی نەوتی فیدراڵ ئامادە نییە داواکارییەکی کۆمپانیاکان جێبەجێ بکات لە زەمانەتی پێدانی موستەحەقاتەکانیاندا، کە بە شێوەیەکی شەفاف و ڕوون بە گرێبەست بنووسرێت و قەرزە کۆنەکانیشیان کە نزیکەی یەك ملیار دۆلارە بۆیان خەرج بکرێت.

**کێشەکە لەوەدایە دۆسیێی نەوت لە عێراقدا تێکەڵ بە مزاجی سیاسی و بەرژەوەندی و ئەجندەی دەرەکی و ناوخۆیی بووە**

بەپێی ماددەی ١١ لە یاسای بودجەی عێراق سەرجەم تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراقی فیدراڵ و هەرێم لە ئەستۆی وەزارەتی داراییدایە، لە هەرێم تێچووی گواستنەوەش لەسەر حکومەتی عێراقی فیدراڵە، بەڵام لە عێراق بۆرییەکان موڵکی حکومەتن و وەزارەتی نەوتی عێراق تەنیا خەرجی ئیشپێکردنی لەئەستۆدایە، لەم ماددە یاساییەی ١١ زۆر بە ڕوونی دەڵێت: «تێچوونی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ئەستۆی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵە...» بێ ئەوەی ئاماژە بە تێچووی پێشتر و پاشتر بکات، واتە هەموو تێچووەکان بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی دارایی فیدراڵ، بۆیە کێشەی موستەحەقاتی قەرزی کۆمپانیاکان ماوە، بەتایبەتی کە عێراق هەموو پشکی هەرێمی کوردستانی لە یاسای بوودجەدا نەناردووە و تەنانەت ساڵی ڕابردوو مووچەی تەواوی مانگی ١٢ی فەرمانبەرانی

**عێراق هەموو پشکی هەرێمی کوردستانی لە یاسای بوودجەدا نەناردووە و تەنانەت ساڵی ڕابردوو مووچەی تەواوی مانگی ١٢ی فەرمانبەرانی هەرێمی نەناردووە**

**بەرهەم و کوالێتی و تێچوون و شێوازی وەبەرهێنان و دەرهێنان و گواستنەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستان زۆر جیاوازترە لە گرێبەست و شێوازی کارکردنی کۆمپانیاکانی عێراق**

**بەهۆی کاریگەریی جیۆگرافیا و جیۆلۆجییەوە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان جیاوازە لە کێڵگەکانی خوارووو و ناوەڕاستی عێراق**

**توانای پاڵاوتگەکانی هەرێمی کوردستان لە نێوان ٢٤٠-٢٧٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەیە، ئەمە لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە پێویستی بە ١٠٠ هەزار بەرمیل بەنزینە**

**لە عێراق کورتهێنان لە دابینکردنی بەنزیندا هەیە و پشت بەهێنانی بەنزین لە دەرەوە دەبەستن و تەنانەت لە توانایاندا نییە و نایانەوێت پشکی هەرێمی کوردستان لە بەنزینی پاڵێشتیکراو بنێرن**

هەرێمی نەناردووە، ئەمە وێڕای ئەوەی لە دوا هەموارکردنەوەی یاسای بوودجە هاتووە کە هەردوو وەزارەتی نەوتی عێراق و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان پێویستە ڕێك بکەون بۆ ماوەی دوو مانگ لەسەر دەستنیشانکردنی لایەنێکی بیانیی ڕاوێژکاری تەکنیکی، بۆ خەمڵاندنی تێچووی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لەهەر کێڵگەیەك بە شێوەیەکی سەربەخۆ.

*** جگە لە داواکاریی کۆمپانیاکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان، تا چەند کێشەی تێچوونی نەوتەکە چارەسەر کراوە؟ ئایا نەدەتوانرا بڕی بەرهەمهاتووی نەوتی هەرێم لە ناوخۆدا سوودی لێ وەربگیرێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگ و زانستییشە، واتا قسە و قسەڵۆك هەڵناگرێت. ئاشکرایە بەرهەم و کوالێتی و تێچوون و شێوازی وەبەرهێنان و دەرهێنان و گواستنەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستان زۆر جیاوازترە لە گرێبەست و شێوازی کارکردنی کۆمپانیاکانی عێراق، لە هەرێم بڕی نەوتەکە و کوالێتی و گواستنەوەی کاریگەریی لەسەر بەرزیی تێچوون هەیە، چونکە تا بەرهەم زیاتر بێت و کوالێتی باشتر بێت، تێچوون کەم دەبێتەوە. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی کاریگەریی جیۆگرافیا و جیۆلۆجییەوە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان جیاوازە لە کێڵگەکانی خوارووو و ناوەڕاستی عێراق، ئەمە جگە لەوەی لە هەرێمی کوردستان کۆمپانیاکانی نەوت بێ بوونی ژێرخانی نەوت و پیشەسازیی نەوت دەستیان بە وەبەرهێنان کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا هەرێمی کوردستان توانیویەتی ژێرخانێکی باش بونیاد بنێت. ئەوەتا توانای پاڵاوتگەکانی هەرێمی کوردستان لە نێوان ٢٤٠-٢٧٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەیە، ئەمە لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە پێویستی بە ١٠٠ هەزار بەرمیل بەنزینە، لە عێراق پێچەوانەیە و لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا لە عێراق تەنانەت توانای دروستکردنی یەك پاڵاوتگەیان نەبووە، جگە پاڵاوتگە کۆنەکەی بێجی کە توانای ٣١٠ هەزار بەرمیلە و ئەوەی کەربەلا توانای ١٤٠ هەزارە، بۆیە لە عێراق کورتهێنان لە دابینکردنی بەنزیندا هەیە و پشت بەهێنانی بەنزین لە دەرەوە دەبەستن و تەنانەت لە توانایاندا نییە و نایانەوێت پشکی هەرێمی کوردستان لە بەنزینی پاڵێشتیکراو بنێرن، خۆ ئەگەر ئەجێندای سیاسی نەبێت، حکومەتی عێراق دەیتوانی بە هەماهەنگی لەگەڵ هەرێمدا لەبری ئەوەی نەوت بنێرێتە دەرەوە لێرە بپاڵێورێت و سووتەمەنی بەنزینی لێ دابین بکات، کە قازانجەکەی سێ هێندەی هەناردەکردنی نەوتە بۆ دەرەوە، بگرە ئاستی بەرهەمهێنانی بەنزین و گازۆایل و سووتەمەنییەکانی دیکەی ئەوەندە بەرز بکردایەتەوە ئەو کورتهێنانەی ٤٩ ملیار دۆلارەی بوودجەی عێراقی پێ پڕ بکردایەتەوە.

*** ئێستا دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە بێ ئەوەی هەردوو وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و کۆمپانیاکان بگەنە ڕێککەوتن، ئایا لە ڕووی ڕێکاری یاساییەوە چی ڕوو دەدات؟**

- بەپێی هەمواری یاسای بوودجەی فیدراڵی کە لە ڕۆژی ٢٧ی شوبات لە وەقایعی عێراقی بڵاو کرایەوە و ماوەی دوو مانگ دانرا بۆ دەستنیشانکردنی لایەنی پسپۆڕی بیانی، بۆ خەمڵاندنی تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم، بەڵام ئەگەر نەکرا پێویستە ئەم بابەتە دووبارە بگەڕێندرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵ و ڕەنگە سەرۆك وەزیران دووبارە لایەنێك دەستنیشان بکات، یان دووبارە تەکلیفی وەزارەتی نەوتی عێراق بکات، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، یان دووبارە ماوەکە بۆ هەردوو وەزارەتی نەوت و سامانە سرووشتییەکان بۆ دوو مانگی دیکە درێژ بکاتەوە، بۆ ئەوەی لایەنێکی پسپۆڕ دەستنیشان بکەن. کێشەکە لێرەدایە چەند ئەم بابەتەی لایەنێکی پسپۆڕی بیانی بۆ خەمڵاندنی تێچوونی بەرهەمهێنانی بەرمیلێك نەوت دوابکەوێت، ئەوا بە تەئکید ڕێککەوتنەکەش دوا دەکەوێت کە تا ئێستا ماوەی ٢٥ مانگە هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕاگیراوە و زیانەکانی بۆ ٢٤ ملیار دۆلار بەرز بووەتەوە و هەموو مانگێك کە دوادەکەوێت، نزیکەی ٩٠٠ هەزار تا یەك ملیار دۆلار زیان بەر ئابووریی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکەوێت. ئەمە سەیرە بەغدا ڕازی نییە قەرزە کۆنەکانی کۆمپانیاکانی نەوتی هەرێم بدات کە تەنیا یەك



ملیار دۆلارە، کەچی لە دوو مانگدا دوو ملیار دۆلار زیانیان بە عێراق و هەرێمی کوردستان گەیاندووە. دەبوو ئەو نەوتەی هەرێمی کوردستان کۆمپانیای سۆمۆ بیفرۆشێت و داهاتەکەی بخاتە گەنجینەی گشتیی عێراقەوە و تەواوی پشکی هەرێمی کوردستان لە بوودجە بنێرێت.

*** تاچەند ڕاستە کە عێراق تەواوی پشکی خۆی لە ڕێکخراوی ئۆپێك بڵاس دەفرۆشێت، دەیەوێت ئەو زیانە بەر کەرتی نەوت و کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان بکەوێت، بۆیە ئامادەی گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و کۆمپانیاکانی هەرێم نییە؟**

- عێراق کورتهێنانی بوودجەی هەیە و کێشەی سیولەی نەختینەیی هەیە و لە ئێستادا لەیەك دەروازەی بەندەری بەسرا نەوتەکەی هەناردە دەکات، خۆ ئەگەر نرخەکەی وەکو لە چەند هەفتەی ڕابردوو بێت کە دابەزی، بۆ عێراق کێشەیەکی گەورە و مەترسیدارە، کێشەی عێراق لەوەدایە بە پراکماتیکی و بەپێی کەڵکی ئابووری کار ناکات، بگرە دەستتێوەردانی سیاسی هەیە، بۆیە ئاستەنگی تەکنیکی و دارایی دەکەنە پاساو، جێگەی داخیشە تاوەکو لە وادەی هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکەی پەرلەمانی عێراق نزیك ببینەوە، ململانێیەکانی شیعەکان لە نێوخۆیاندا و حزبەکانی دیکە و ویستی دووبارە هەڵنەبژاردنەوەی سوودانی بۆ خولێکی دیکەی سەرۆك وەزیران توندتر دەبێتەوە، ئەوان نایانەوێت محەمەد شیاع سوودانی هەڵبژێردرێتەوە، واتە ئامادە نین، ببێتە پاڵەوانی چارەسەرکردنی کێشەی نەوت و کێشە هەڵپەسێردراوەکانی دیکەی نێوان هەرێم و بەغدا، بۆیە کێشەی بۆ دروست دەکەون و گەیشتن بە چارەسەر و ڕێککەوتن قورستر دەبێتەوە، ڕەنگە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمیش بە دەردی دەرنەچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی ببرێت.

**تا ئێستا ماوەی ٢٥ مانگە هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕاگیراوە و زیانەکانی بۆ ٢٤ ملیار دۆلار بەرز بووەتەوە**



جبرائیل گۆرگیس تۆما

قەشەی سێمیل بۆ گوڵان:

# هاوخەمیی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ کۆچی دوایی پاپا سەبووری پێداین و دووپاتکردنەوەی پاڵپشتییە بۆ کریستیانەکان

# ئەو پێکەوەژیانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، لە سەردانەکانمان وەکو پیاوانی ئایینی بۆ ڤاتیکان و وڵاتانی دیکە گەیاندوومانەوە و بووەتە جێگەی دڵخۆشییان

**بۆ ئەوەی بزانین جەژنی نزای نیشتمانی کە ئەمساڵ لە هەولێر ئەنجام درا، تا چەند گرنگ بوو، هەروەها هاوخەمیی جەنابی سەرۆك بارزانی و سەروکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەشداریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێوڕەسمی بەخاك سپاردنی پاپادا چی دەگەیەنێت و، کریستیانەکان چۆن سەیری ئەو هەڵوێستانەی سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، گۆڤاری گوڵان بۆ تاوتوێکردنی ئەو پرسیارانە و چەند پرسی دیکە، دیمانەیەکی لەگەڵ جبرائیل گۆرگیس تۆما قەشەی سێمیل و گوندی سیجی ساز دا.**

* جەژنی نزای نیشتمانی ئەمساڵ لە هەولێر بەڕێوەچوو، کە هەموو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان بەشدارییان تێدا کرد. ئایا گرنگیی جەژنی نزا چییە و بۆچی ئەمساڵ لە هەولێر بەڕێوەچوو؟

- هەرێمی کوردستان بووەتە لانکەی پێکەوەژیانی هەموو ئایین و ئایینزاکان، بەتایبەتی لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق کە بە چەند قۆناغێك کریستیانەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، هاوکات ئایین و ئایینزاکانی دیکەش بە هۆی هەوڵە تیرۆریستییەکان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد. حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی جەنابی سەرۆك بارزانی بڕیاریان دا، هەموو دەروازە و سنوورەکانی هەرێم بە ڕووی هەموو ئاوارەی پێکهاتە جیاوازەکانی ئایینی و ئایینزاکان بکرێتەوە و خزمەتگوزارییان پێشکەش کرا، ئەمەش لەسەر بنەما و تێڕوانینی مێژووی پێکەوەژیان لە کوردستان دێت، بەتایبەتی لە سەردەمی بارزانیی نەمر و شۆڕشی گوڵان و دواتریش بەو پێیەی کە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان بەندەی خواین و هیچ جۆرە جیاوازییەك لە نێوانیان نییە، ئەمەش بووە هەوێنی پێشکەوتن و ڕاستگۆیی سەرکردایەتی کورد، بەتایبەتی ماڵباتی بارزانی، ئەو پێکەوەژیانە جوان و لێبوردە و سەقامگیریی ئاسایش و بەرقەراریی یاسا لە هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم و دەستپێشخەریی جەنابی سەرۆك بارزانی وەکو پاڵپشتی و هەنگاوێکی گەورەیە و، بووە هۆی ئەوەی ئەو مەراسیمە گەورە و دیار و گرنگە جیهانییە کە ئەمساڵ لە هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر ببەسترێت، کە ئەو نزای نیشتمانییە گرنگیی زۆر و تایبەتی هەیە بۆ ئەو وڵات و شوێنەی تێدا بەڕێوەدەچێت، لە ڕووی پێکەوەژیان و سەقامگیریی ئاسایش و کۆمەڵایەتی و دیپلۆماسی و سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش کە لەو بۆنە و مەراسیمەدا ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی وڵاتان و پیاوانی ئایینی و ئایینزاکان و سەرکردەی وڵاتان کە نزیکەی (٦٠٠) کەسایەتی لە

**لە کابینەی نۆیەم زۆرترین و باشترین خزمەتیان پێشکەش کردووین، بۆ نموونە لە هەولێر تەنیا سێ چوار کەنیسە هەبوون، ئێستا ژمارەکە چەند بەرانبەر زیادی کردووە**

**لە خوای گەورە داواکارین، ئەو ڕێزدارەی لەمەودوا دەبێتە پاپا لە ڤاتیکان، یەکەم پلان و هەنگاوی سەردانیکردنی هەرێمی کوردستان بێت**

**جەنابی سەرۆک بارزانی بڕیاریان دا، هەموو دەروازە و سنوورەکانی هەرێم بە ڕووی هەموو ئاوارەی پێکهاتە جیاوازەکانی ئایینی و ئایینزاکان بکرێتەوە و خزمەتگوزارییان پێشکەش کرا**

**ئەگەرچی بارودۆخی ئەمنی بە هۆی شەڕی داعش و تیرۆر زۆر مەترسیدار بوو، بەڵام قەداسەتی پاپا دڵنیا بوو لەوەی کە هەرێمی کوردستان لەو پەڕی بەهێزی و مرۆڤدۆستییە و دەتوانێت گیانی هاونیشتمانیان و زیارەتکارانیش بپارێزێت**

**هاتنی پاپا بۆ هەر شوێنێک زۆر گرنگە و دادنانە بەو شوێنە کە تێیدا پێکەوەژیان و لێبوردەیی و ئاشتی لە نێوان ئایین و ئایینزاکان بەرجەستە بووە**

هەموو دنیا تێیدا بەشدار بوون. مەراسیمی ئەمجارە لەکات و ساتێکی زۆر بەرچاو ئەنجام درا کە تێیدا قەداسەتی پاپای ڤاتیکان چووبووە بەر دلۆڤانیی خوای گەورە (خوالێی خۆش بێت). مەراسیمی نزای نیشتمانی بۆ ئێمە لە هەرێمی کوردستان زۆر گرنگ بوو، چونکە ئەوانەی لەو مەراسیمەدا بەشدار بوون، دووبارە بۆیان دەرکەوت و سەلمێندرا کە هەرێمی کوردستان ڕاستە شوێنی پێکەوەژیانی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانە، هەر لە موسڵمان و کریستیان و ئێزدی و شەبەك و کاکەیی و... تاد، هەرچەندە پێشتر ئەو پەیامی پێکەوەژیانی کوردستان بە دنیا گەیاندرابوو، بەتایبەتی هاتنی قەداسەتی پاپا بۆ هەولێر ئەوەی سەلماندبوو، بەڵام لەو مەراسیمە و ئەو جۆرە پێشوازی و ئەوەی کە بەشداربووان لە هەرێمی کوردستان بە چاوی خۆیان بینیان و زیاتر بۆیان سەلمێندرا کە هەرێمی کوردستان شوێنی پێکەوەژیانە و ئاشتی و لێبوردەیی تێدا چەسپاوە، هەموو ئەمانەش بۆ حیکمەتی جەنابی سەرۆك بارزانی و ڕێبازەکەی دەگەڕێتەوە.

*** بەداخەوە قەداسەتی پاپای ڤاتیکان کۆچی دوایی کرد، هەولێر یادگارییەکی گەورەی لەگەڵ قەداسەتی پاپا هەیە بەتایبەتی کە جەنابیان نوێژی قەداسەتی لە یاریگای شەهید فرانسۆ هەریری لە هەولێر بەڕێوە برد. ئایا تاچەند سەردانی قەداسەتی پاپا بۆ هەولێر گرنگ بوو؟**

- لەو کاتەی قەداسەتی پاپا هاتە عێراق و هەولێر، پێداگرییەکی زۆری کرد بۆ ئەوەی ئەو سەردانە مێژووییە بکات، ئەگەرچی بارودۆخی ئەمنی بە هۆی شەڕی داعش و تیرۆر زۆر مەترسیدار بوو، بەڵام قەداسەتی پاپا دڵنیا بوو لەوەی کە هەرێمی کوردستان لەو پەڕی بەهێزی و مرۆڤدۆستییە و دەتوانێت گیانی هاونیشتمانیان و زیارەتکارانیش بپارێزێت. هاتنی پاپا بۆ هەولێر لە ئەنجامی ئەو تێگەیشتنە بوو کە لەلایەن ئێمە و قەشە و پیاوانی ئایینی کریستیان کە بۆ ڤاتیکان چووبووین، ئەو واقیع و ڕاستییەی پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستانمان پێیان گەیاندبوو. هاتنی پاپا بۆ هەر شوێنێك زۆر گرنگە و دادنانە بەو شوێنە کە تێیدا پێکەوەژیان و لێبوردەیی و ئاشتی لە نێوان ئایین و ئایینزاکان بەرجەستە بووە. ئەوە بوو پاپا بە چاوی خۆی دیتی کە کوردستان نەك تەنیا لە ڕووی پێکەوەژیانەوە، بەڵکو لە ڕووی ئاوەدانکردنەوەشەوە هەنگاوی زۆر گەورە و سەرکەوتووی ناوە. پاپا لەپاش سەردانەکەی بە هۆی ئەو پێشوازییە جوان و گەورەیەی لەلایەن گەلی کوردستان و سەرکردایەتیی کورد بەتایبەتی جەنابی سەرۆك بارزانی و نێچیرڤان بارزانی لێی کرا، سوپاسنامەی ئاراستەیان کرد، کە ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە و دادنانە بە ڕەوایی هەرێمی کوردستان و ئەو پێکەوەژیانە سەرکەوتووەی کە هەیەتی.

*** لە هەرێمی کوردستان جەنابی سەرۆك بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیران پەیامی هاوخەمییان بۆ کۆچی دوایی قەداسەتی پاپا دەربڕی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێوڕەسمی بەخاك سپاردنی ئامادە بوو. ئایا چۆن سەیری بەشداریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێوڕەسمی بەخاك سپاردنی قەداسەتی پاپادا دەکەن؟**

- هاوخەمیی جەنابی سەرۆك بارزانی و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی کوردستان بووە بەڵگەیەك لەلایەن کریستیانەکانی کوردستان و هەموو جیهان کە ئەو هاوخەمی و دڵتەنگییەی جەنابیان لەو ڕۆژەدا بە ئێمەی کریستیانەکانی وت، ئێمە خاوەن و پاڵپشتی گەورەمان هەیە لە هەرێمی کوردستان، ئەو سەرکردە بەڕێزانەیان لەگەڵمان هاوبەشن لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکاندا، لەو هاوخەمییە شتێکی زۆر گەورە هاتەوە یادمان، کە ئەویش ئەوە بوو، لەو کاتەی لە بەغدا و لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق ڕووبەڕووی کوشتن و تیرۆر دەبووینەوە، هەر هەرێمی کوردستان و ئەو سەرکردە بەڕێزانەی کوردستان بوون ئێمەیان لە لەنەهامەتی و لەناوچوون پاراست و بە جۆرێك خزمەتیان کردین، پەشیمانیان کردینەوە لەوەی کۆچ بۆ دەرەوەی وڵات و ئەورووپا و ئەمریکا بکەین. هەرێمی کوردستانیان بۆ ئێمە کردە نیشتمان و خاکی پیرۆزی خۆمان کە تێیدا سەربەست و ئازاد و خۆشگوزەرانین، هەروەها ئەو بەشداری و هاوخەمیەی جەنابی سەرۆك

بارزانی کارێکی دیکە دێنێتەوە یاد، کە دەیسەلمێنێت گەلی کورد و سەرکردەکانی وەکو جەنابی سەرۆك بارزانی و مسرور بارزانی و نێچیرڤان بارازنی کەسایەتیی بەوەفان، ئەوەش دەهێنێتەوە یاد، لەو کاتەی کە جەنابی سەرۆك بارزانی سەردانی ڕۆما و ڤاتیکانی کرد، لە ئاستی سەرۆکی وڵاتانی لەلایەن ڤاتیکان و پاپاوە پێشوازی لێکرا، هاوکات بەشداریی جەنابی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە مەراسیمی بەخاك سپاردنی قەداسەتی پاپادا، لە ئاستی سەرکردە و سەرۆك وڵاتان پێشوازی لێکرا، ئەمەش بۆ ئێمەی کریستیان دووبارە دڵنەوایی و پاڵپشتییەکی بەهێزی حکومەتی کوردستانە لە کریستیانەکان و هەموو ئایین و ئایینزاکانی دیکە و ئاستی دیپلۆماسییەتی هەرێمی کوردستانی نیشان دا، کە لە پەیوەندییەکانی لە دنیادا زۆر بەرەو پێشەوە چووە و جێگای تێڕامانێکی گەورە و بەرچاو بوو کە لەو مەراسیمەدا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاوشانی سەرۆك و سەرکردەی وڵاتانی دنیا بەشداریی هاوخەمی و دڵتەنگی کریستیانەکانی جیهانی کرد. شایانی پێزانین و دەستخۆشییە، ئەو هاوخەمییەی سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان لەو ساتەی قەداسەتی پاپا گیانی سپارد، تا ئەو کاتەی کە بەخاك سپاردرا، لەگەڵ ئێمەدا وەکو کریستیان هاوخەم و بەشدار بوون. هەر بۆیە بەشداری ئەو هاوخەمی و مەراسیمی بەخاك سپاردنی پاپا بۆ ئێمەی کریستیانەکانی هەموو دنیا جێگای فەخر و شانازییەکی گەورەیە، هەر بۆیەش لە خوای گەورە داواکارین ئەو ڕێزدارەی لەمەودوا دەبێتە پاپا لە ڤاتیکان یەکەم پلان و هەنگاوی سەردانیکردنی هەرێمی کوردستان بێت، بەتایبەتی بە دیدەنی جەنابی سەرۆك بارزانی شاد بێت.

*** ئێستا ڕێژەیەکی بەرزی کریستیانەکانی عێراق هاتوونەتە کوردستان و لە هەرێمی کوردستان دەژین. ئایا چۆن سەیری پێکەوەژیانی ئاشتییانەی ئایینە جیاوازەکانی کوردستان دەکەیت؟ ئایا تا چەند ئەم وێنە جوانەتان بۆ کریستیانەکانی دیکەی جیهانیش گواستووەتەوە؟**

- هەرێمی کوردستان لە سایەی جەنابی سەرۆك بارزانی و ئەو حکومەتە بەهێز و جوانەی هەمانە، پێکەوەژیان تێیدا بەردەوامە و لە شوێنی خۆیشی ڕانەوەستاوە، متمانەش بۆ هەموو ئایین و ئاینزاکان و نەتەوە و پێکهاتەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە دروست بووە و دەرکەوتووە کە هەرێمی کوردستان نموونەیەکی سەرکەوتووی زۆر جوان و پڕشنگدارە، نەك تەنیا لە ناوچەکە بەڵکو لە هەموو دنیادا، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناو گەشەکردنی زیاتر و باشتر وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی دامەزراند کە لەو وەزارەتە گرنگە شوێن و پێگە و بەڕێوەبەرایەتیی هەموو ئایین و ئایینزاکانی تێدا کراوەتەوە، هەر یەکەیان بە پلان و بەرنامەیەکی ڕێکوپێك کار بۆ ئایین و ئایینزاکان دەکەن، لەڕووی خزمەتگوزارییەوە لە کابینەی نۆیەم زۆرترین و باشترین خزمەتیان پێشکەش کردووین، بۆ نموونە لە هەولێر تەنیا سێ چوار کەنیسە هەبوون، ئێستا ژمارەکە چەند بەرانبەر زیادی کردووە. لەلایەکی دیکەوە هەموو ئایین و ئایینزاکان ماف و بەندایەتی و تەواف و عیباداتەکانیان بە ئازادی لە کات و ساتی خۆی بۆیان فەراهەم کراوە، بۆ نموونە سائبیەی مەندائی ڕێگایان پێ دارەوە و هاوکارییش کراون، کە پەرستگا و شوێنی عیباداتی خۆیان هەبێت و مومارەسەی ئایینی خۆیان بە ئازادی بکەن. مامۆستایانی ئایینی ئیسلام، بەتایبەتی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلام پەیوەندییان لەگەڵمان زۆر باشە و لە هەموو کار و هەوڵ و داواکارییە ئایینییەکانمان تا ئەوپەڕی پاڵپشت و هاوکارمانن و شایانی ئەوەن دەستخۆشی و سوپاس بکرێن.

ئێمە وەکو پیاوانی ئایینی کریستیان کە سەردانی ڤاتیکان و وڵاتانی دیکەمان کردووە، ئەو ڕاستی و هەقیقەت و بەڵگانەمان گەیاندووە کە هەرێمی کوردستان شوێن و وڵاتێکی زۆر نموونەیە بۆ پێکەوەژیان و زۆر هاوکاریی ئێمەی کریستیانەکانیان کردووە، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەو ڕەنگدانەوەی کە قەداسەتی پاپا بە فەرمی سەردانی هەولێری کرد و نوێژی قەداسی بە ئامادەبوونێکی جەماوەری زۆر لە هەولێر ئەنجام دا.

**پاپا بە چاوی خۆی دیتی کە کوردستان نەک تەنیا لە ڕووی پێکەوەژیانەوە، بەڵکو لە ڕووی ئاوەدانکردنەوەشەوە هەنگاوی زۆر گەورە و سەرکەوتووی ناوە**

**لەو کاتەی لە بەغدا و لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق ڕووبەڕووی کوشتن و تیرۆر دەبووینەوە، هەر هەرێمی کوردستان و ئەو سەرکردە بەڕێزانەی کوردستان بوون ئێمەیان لە لەنەهامەتی و لەناوچوون پاراست**

**لەو کاتەی کە جەنابی سەرۆک بارزانی سەردانی ڕۆما و ڤاتیکانی کرد، لە ئاستی سەرۆکی وڵاتانی لەلایەن ڤاتیکان و پاپاوە پێشوازی لێکرا**

**هەرێمی کوردستان لە سایەی جەنابی سەرۆک بارزانی و ئەو حکومەتە بەهێز و جوانەی هەمانە، پێکەوەژیان تێیدا بەردەوامە**

مایكڵ مۆسۆ
پرۆفیسۆری كاروباری نێودەوڵەتی لە زانكۆی سەنترڕاڵ فلۆریدا بۆ گوڵان:

# ترەمپ پێی وایە بەخشندەبوونی ئەمریكا زیانی بە ئابووریی وڵاتەكەی گەیاندووە

مایكڵ مۆسۆ، پرۆفیسۆری سیاسەت و ئاسایش و كاروباری نێودەوڵەتییە لە زانكۆی سەنترڕاڵ فلۆریدا، لە توێژینەوەكانیدا بایەخ بە پەیوەندیی نێوان هەلومەرجە ئابوورییەكان و دامەزراوە و ناكۆكییەكان دەدات و، خاوەن تیۆرێكی تایبەتە كە پەیوەستە بەوەی چۆن دەرفەتی یەكسان لە بازاڕدا بایەخ دروست دەكات، بۆ لیبراڵ دیموكراسی و هێنانەئارای ئاشتی لە نێوان نەتەوە و دەوڵەتەكاندا. مۆسۆ پشتیوانی لەوە دەكات كە وڵاتە دەوڵەمەندەكان هەوڵی ئەوە بدەن، دەرفەتی بەربڵاوی ئابووری بۆ ئەو وڵاتانە بڕەخسێنن، كە كەمتر گەشەكردوون، چونكە پێی وایە ئەمە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئاشتییەكی هەمیشەیی و دادپەروەرانە لەسەر ئاستی جیهان. لەم ڕووەوە گۆڤاری گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵدا ساز كرد، كە تەوەرە سەرەكییەكانی بە شێوەیەكی سەرەكی پەیوەست بوون بە بڕیارەكانی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە بارەی سەپاندنی ڕسوماتی گومرگی بەسەر چەندین دەوڵەتی دۆست و هاوپەیمانی ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكاوە.



## دیمانەی تایبەت

*** ئاشکرایە کە دەستەبەرکاربوونی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ و گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات لە کۆشکی سپیدا، هەژان و هەرایەکی گەورەی لە چەند ڕەهەندێکەوە دروست کردووە، نەك هەر تەنیا پرسی شەڕی سەربازی و کێشە سیاسییەکان و پرسی پرۆگرامی ئەتۆمی، بەڵکو لە هەمان کاتدا ترەمپ لە ڕێی ڕاگەیاندنی سەپاندنی ڕسومی گومرگییەوە، شڵەژانێکی لە ئابووریی جیهانیشدا دروست کردووە، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- کارێکی زەحمەتە سەر دەربکەین لە بەها و حیکمەت ئەم ڕسوماتی گومرگییەی ترەمپ سەپاندوونی. بەتایبەتی لەو ڕووەوە، کە ئەم ڕێکار و بڕیارانە تەواو دژ و پێچەوانەن لەگەڵ پرەنسیپی پەیوەست بە پەیوەندییە ئاساییە بازرگانییەکانەوە، کە بەردی بناغەی سیستمە بازرگانییەکەی جیهانن لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە. لە بنەڕەتدا، ڕسوماتی گومرگی بەسەر هەر بەرهەمێکدا دەسەپێنرێت، نەك بەسەر نەتەوەدا، هەر وڵاتێکیش ئەو ڕێژەی ڕسوماتە پێشکەش بە هەر وڵاتێکی دیکە دەکەن، کە بە پەسەندکراوترین و باشترینی دەزانن. ئێستا سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دێت و ئەم نۆرمە هەشتا ساڵەی پەیوەست بە ڕێژەی ڕسومات پێچەوانە دەکاتەوە. لەوەش خراپتر، ڕێژەی ڕسوماتەکە لە ئاست هەر نەتەوەیەکدا بە گوێرەی هاوسەنگیی بازرگانی ئەو وڵاتە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەسەپێنێت، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی هاوسەنگیی بازرگانی بهێنێتەئاراوە لەگەڵ تێکڕای دەوڵەتاندا، ئەمەش لە ڕووی ئابوورییەوە هیچ مانایەك هەڵناگرێت. لەبەر ئەوەی وڵاتان کاڵا و کەلوپەلی جیاواز بەرهەم دەهێنن و بازرگانییان پێوە دەکەن،

**لە سەروەختی پووکانەوەی ئابووری لە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا، سەرکردەکانی ئەمریکا دەرکیان بەو ڕاستییە کرد، کە وڵاتەکەیان هێندە گەورەیە و ناکرێت بەرگەی زیادەی بازرگانی بگرێت**

ئەمەش دۆخێك دروست دەكات كە هاتنەئارای ناهاوسانگی بازرگانی دەرئەنجامێكی حەتمی بێت. بۆ نموونە، ڕەنگە بەكاربەرانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا شوكولاتەی «غانا»یان پێ پەسەند بێت، ئەگەرچی دەكرێت خەڵكی غانا هێندە هەژار بن كە نەتوانن بە هەمان بڕ و ئەندازەی ئەو شۆكولاتەی بە ئەمریكای دەفرۆشن، كەلوپەل لە ئەمریكا بكڕنەوە. دەرئەنجامەكەش ئەوە دەبێت كە ئەمریكییەكان بڕێكی كەمتری شوكولاتە بەكار ببەن، بەڵام ڕسوماتێكی زیاتری گومرگی بدەن. خاڵی كۆتایی ئەوەیە كە ئامانجی بنەڕەتیی دۆناڵد ترەمپ بۆ بەدەستهێنانی هاوسەنگیی بازرگانی هەڵەیەكی گەورەیە، چونكە بووەتە داینەمۆی ئابووریی جیهان. لە سەروەختی پووكانەوەی ئابووری لە ساڵانی سییەكانی سەدەی ڕابردوودا، سەركردەكانی ئەمریكا دەركیان بەو ڕاستییە كرد، كە وڵاتەكەیان هێندە گەورەیە و ناكرێت بەرگەی زیادەی بازرگانی بگرێت، چونكە كارێكی لەم چەشنە زیان بە ئابووریی جیهان دەگەیەنێت، لە كۆتاییدا ئەم زیانە خودی ئابووریی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاش دەگرێتەوە. كەواتە، ئەوەی لەم ڕووەوە دەمەوێت بیڵێم، ئەوەیە كە بوونی كورتهێنانی بازرگانیی دۆخەكە لە بەرژەوەندیی ئەمریكادایە، كە ئەمەش هەمیشە هاوشانە بە وەبەرهێنانی دەرەكی. كەواتە بازرگانی هەلومەرجێكە كە لە بەرژەوەندیی هەموواندایە، بە چاوپۆشین لەوەی كورتهێنان، یان زیادەباری بازرگانی هەیە، یان نا.

*** بەڵام ئەگەر لەگەڵ پاساوەكانی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بڕۆین، ئەوا ئەو هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە دۆست و دوژمنەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كەڵكیان لە وڵاتەكەی وەرگرتووە و بەرژەوەندییەكانی خۆیان لەسەر حیسابی بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا هێناوەتەدی، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دۆناڵد ترەمپ شەڕێكی ئابووری دژ بە جیهان ڕابگەیەنێت، ئەوە بوو بە چەشنێكی بێ پێشینە، دەسەڵاتە ناوازەكانی خۆی بەكار هێنا، ئێوە تا چەند لەگەڵ ئەم لێكدانەوەیەی ترەمپ هاوڕان؟**

- ئەم لێكدانەوە و پاساوەی دۆناڵد ترەمپ هەم چەواشەكارانەیە و هەم زۆر سەتحی و سادەیە. هەر چەندە دەبێت ئەوەش بڵێین، كە هاوشێوەی هەر چیرۆكێكی دیكە، ئەم بانگەشەیەی ترەمپیش هەندێ ڕاست و دروستی لەخۆ دەگرێت. بە شێوەیەكی گشتی، ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا تا ڕادەیەك نەتەوەیەكی كراوەیە بە ڕووی بازرگانیدا، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە كاڵا بەرهەمهێنراوەكانی سەرچاوەگرتوو لە وڵاتە تازەگەشەكردووەكانەوە. ئێمە دەزانین كە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەستی دایە بنیادنانی سیستمێكی بازرگانیی جیهانی و لەم ڕووەوە هەندێ پرەنسیپی بۆ بەرژەوەندیی خۆی چەسپاند لە پەیوەندی بە ڕسوماتی گومرگی و بەهای دراوەكانەوە. لە بەشێكیدا، سەركردەكانی ئەمریكاش ئەم كارەیان لەسەر بنەمای ئەو باوەڕە كرد، كە ئەگەر دۆخی وڵاتانی دیكە باش بێت، ئەوا ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی و باشی لەسەر دۆخی ئەمریكاش دەبێت، بەشێكیشی پەیوەست بوو بۆ ستراتیژیی پیادەكراوی ئەو كاتەی ئەمریكا كە بریتی بوو لە ستراتیژیەتی ئیحیتواكردن لە دژی یەكێتیی سۆڤییەت لە سەروەختی شەڕی سارددا. كە وابێت، دەبێت ئاماژە بەوە بكەین، كە زۆرێك لە وڵاتان بە پشتیوانییەكی بەرچاوی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، توانیویانە سەركەوتووانە پەرە بە ئابوورییەكانیان بدەن، كەچی ئەم وڵاتانە بەربەستی بازرگانی گومرگی و ناگومرگیشیان هەیە و بەرهەمەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكایان كردووەتە ئامانج. هەرچۆنێك بێت، ئەمریكاش لە هەمان كاتدا ئاستەنگی بازرگانیی گومرگی و ناگومرگی هەیە، كە كاڵا هاوردەكراوەكان دەكەنە ئامانج. لە كاتێكدا، ئەمریكا بە شێوەیەكی گشتی وەك دەستەبەركارێكی بەخشندە بۆ بازاڕ و سەرمایەی وڵاتانی دیكە ڕەفتاری كردووە، و زۆرێكیش لە بەرهەمە ئەمەریكییەكان پارێزراو بوون لە ڕسوماتی گومرگی و ناگومرگی، لە نێویاندا جووتیاران و كارسازانی قوماش و ئۆتۆمبێل لە ئەمریكا. ئەگەر لێرەدا وەڵامەكە پوخت بكەمەوە، ئەوا ئەو بانگەشە و پاساوەی سەرۆك دۆناڵد

**ئەمریكا تا ڕادەیەک نەتەوەیەكی كراوەیە بە ڕووی بازرگانیدا، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە كاڵا بەرهەمهێنراوەكانی سەرچاوەگرتوو لە وڵاتە تازەگەشەكردووەكانەوە**

**زۆرێک لە وڵاتان بە پشتیوانییەكی بەرچاوی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، توانیویانە سەركەوتووانە پەرە بە ئابوورییەكانیان بدەن**

**لە سایەی سندوقی نێودەوڵەتیی دراو و ڕێكخراوی بازرگانیی جیهانی، ئەمریكا دەتوانێت هەوڵی لاوازكردنی بەهای دۆلار لە بەرانبەر دراوە جیهانییەكانی دیكە بدات**



ترەمپ دەیکاتە بناغە و بنچینەی بڕیارەکانی، هەندێ ڕاست و دروستییان تێدایە، چونکە لە ڕووی مێژووییەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پتر بەخشندە بووە لەگەڵ وڵاتانی دیکە، بە بەراورد بە سەخاوەتمەندی زۆرێك لەم وڵاتانە لە ئێستادا لە ئاست ئەمریکادا. پێدەچێت سەرۆك دۆناڵد ترەمپ پێی وابێت کە بەخشندەبوونی وڵاتەکەی لە ڕووی مێژووییەوە زیانی بە ئابووریی ئەمریکا گەیاندووە، لە کاتێکدا دید و تێڕوانینی ئابووریناسان ئەوەیە، یان هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە ئەم بەخشندەبوونە مێژووییەی ئەمریکا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانەوە تا ئێستا، بە چەشنێکی بەرچاو بووەتە هۆی باشترکردنی ئابووریی ئەم وڵاتە.

*** زۆر باشە، ئێوە لە وەڵامەکانتاندا هەم ڕەخنە لەم ڕێکار و بڕیارانەی دۆناڵد ترەمپ دەگرن، هەم پێتان وایە پاساوەکانی ترەمپ کەم تا زۆر ڕاست و دروستی لەخۆ دەگرن. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سەرۆکی ئەمریکا نەیدەتوانی بە ڕێکارێکی کەمتر توندتر ئامانجەکانی بەدی بهێنابایە؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە چەندین ڕێکاری کەمتر توندتر هەبوون کە دۆناڵد ترەمپ دەیتوانی بیگرتنایەتەبەر. خۆ ئەگەر ئامانجەکەی ئەوە بوبێت کە کورتهێنانی بازرگانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەم بکاتەوە، ئەوا دەتوانێك هەوڵی کۆتاییهێنان بە کورتهێنانی بوودجەی ساڵانەی وڵاتەکەی بدات، کە بووەتە هۆی قووڵترکردنەوەی کورتهێنانی بوودجەی ئەمریکا، لە ڕێی زیادکردنی خواست لەسەر کاڵا هاوردەکراوەکانەوە. هەروەها لە سایەی سندوقی نێودەوڵەتیی دراو و ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، ئەمریکا دەتوانێت هەوڵی لاوازکردنی بەهای دۆلار لە بەرانبەر دراوە جیهانییەکانی دیکە بدات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کاڵاکانی ئەمریکا توانای ئەوەیان هەبێت ململانێیەکی زیاتر بکەن لە بازاڕە جیهانییەکاندا. هەروەها دەتوانێت ڕێکارەکانی نێو ڕێکخراوی بازرگانیی جیهان بەکار بهێنێت بۆ لێپرسینەوە لەو وڵاتانەی بانگەشەی ئەوە دەکرێت، کە زیان بە هەناردەی ئەمریکا دەگەیەنن لە ڕێی بەربەستە ناگومرگییەکانەوە.



کریستۆفەر جەی فێتەوێس، پرۆفیسۆری بەشی زانستی سیاسییە لە زانکۆی تۆلەین، تایبەتمەند و وانەبێژی چەندین بواری گرنگە وەك سیاسەت و ستراتیژیەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئاسایشی نێودەوڵەتی، سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەکی کۆمەڵکوژ. پێشتریش وانەبێژ بووە لە چەند زانکۆیەکی بەناوبانگ و ئاستبەرزی وەك زانکۆی جۆرج واشنتۆن و زانکۆی ویلایەتی ئۆهایۆ، هەروەها خاوەنی چەندین توێژینەوە و کتێبە لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا.

بۆ قسەکردن لەسەر دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ، لە ئاست ئەم ناوچەیە و بە دیاریکراوی لە بەرانبەر وڵاتی ئێران، و بە دیاریکراوتر پرسی گفتوگۆکانی نێوان ئەمریکا و ئێران لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران و ئەگەری گەیشتن بە ڕێککەوتن و لە هەمان کاتدا پرسی ئەوەی ئایا دەکرێت خۆ لابدرێت لە هەڵگیرساندنی جەنگێکی دیکە لەم ناوچەیە، گۆڤاری گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ساز دا.

دیمانەی تایبەت

## کریستۆفەر جەی فێتەویس

پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی تۆلەین بۆ گوڵان:

# موعجیزە ئاسا دەبێت ئەگەر ئەمریکا و ئێران بتوانن بگەنە ڕێککەوتن

* ئاشکرایە سیاسەتە دەرەکییەکانی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەم ئیدارەیە هەروەک ئەوەیە پەلەی بێت و نەیەوێت هیچ کاتێک بەفیڕۆ بدات، دەستی داوەتە سەر دۆسێ و کاریان لەسەر دەکات، بەڵام دەمانەوێت پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا پێتان وایە سیاسەتی ئەم ئیدارەیە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەسەر چی بنیاد نراوە؟

- کێشەکە لە پەیوەندی بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (دۆناڵد ترەمپ)ـەوە، ئەوەیە کە ئەو کەسایەتییەکی دیاریکراوی هەیە و لە ڕوانگەیەکی دیاریکراویشەوە لە جیهان دەڕوانێت، ڕوونتر و وردتر لەم ڕووەوە بڵێم، ئەوەیە کە خودی ترەمپ جیهان بە ڕەش و سپی دەبینێت و لە ڕوانگەی خێر و شەڕەوە لێی دەڕوانێت، لەوەش زیاتر، هەموو شتێك لە دیدگەی شەخسی خۆیەوە سەیر دەکات، واتە ئەو پێی وایە کەسە باشەکان ئەوانەن کە هاوشێوەی خودی خۆین (وەك ترەمپ وان)، لە کاتێکدا کەسانی خراپ و شەڕانگێزیش ئەوانەن کە هاوشێوەی ئەو نین و لەو ناچن.

* هەر لە پەیوەندی بە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و بە دیاریکراوی کەرتی غەززە، ئەوا ئاشکرایە کە کێشەکە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەو نەهامەتی و دۆخە کارەساتبارەی بەسەر خەڵکەکەدا هاتووە، ئەوا هێشتا چارەسەرێکی ڕاستەقینە لە ئاسۆدا دەرنەکەوتووە، ئەمەش هێندەی دیکەی دۆخەکەی دژوار کردووە، مەبەستمان نەبوونی ئومێدە لەم ڕووەوە. ئایا دەکرا چی بکرایە بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە و نەکرا؟ ئایا لە ئێستادا دەتوانرێت چ بکرێت بۆ ئەوەی هەلومەرجەکە باشتر بکرێت؟

**متمانەیەکی کەمم هەیە بەوەی ئیدارەی ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بتوانێت خۆی بەدوور بگرێت لە هەڵگیرساندنی شەڕێکی دیکەی ناپێویست لە ناوچەی کەنداودا**



**هەر شتێک پەیوەست بێت بە باراک ئۆباماوە، ئەوا لەلایەن دۆناڵد ترەمپەوە بێزراو و ڕەتکراوەیە**

**ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ هەوڵ دەدات گوشار لەسەر کاراکتەرەکانی دیکەش بکات بۆ ئەوەی هاوکار بن لەو پرۆسەی گفتوگۆیانەی دەستیان پێ کردووە**

- ئەوەی دەکرێت لەم بارەیەوە بگوترێت ئەوەیە کە پێویست بوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مومارەسەی ئەو کاریگەری و دەستڕۆیشتوویيەی بکردایە کە هەیبوو، مەبەستم ئەو کاریگەرییەی کە هەیبوو لە ئاست دەوڵەتی ئیسرائیلدا، ئەویش لە پێناو ئەوەی فشاری لەسەر ئەو دەوڵەتە دروست بکردایە، بۆ ئەوەی پتر بە حەزەر و وریاییەوە لە کەرتی غەززە هەنگاوی هەڵگرتایە و زیاتر بایەخ و گرنگیی بە چارەنووسی کەسە بێتاوانەکان بدایە، بەڵام ئەوەی بەدیمان کرد، ئەوە بوو کە ئیدارەکەی سەرۆك جۆ بایدن ڕەزامەندیی دا لەسەر هەموو هەوڵ و هەنگاوەکانی حکومەتەکەی بنیامین نەتانیاهۆ، لە دەرئەنجامدا ئەوەی ڕووی دا و ئەوەی هاتە ئاراوە، ئەوە بوو کە دۆخەکە بە ئاراستەیەکی خراپتر و خراپتردا چوو.

*** پرسێکی دیکەی گرنگیی ئەم ناوچەیە بریتییە لە ئێران، کە ئاشکرایە هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە، ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ سەرنجەکانی لەسەر ئێران چڕ کردەوە و گوشاری زۆری لەسەر ئەو وڵاتە دروست کرد، تەنانەت هەڕەشەشی کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا دەرگا و دەروازەی بە ڕووی گفتوگۆشدا لەگەڵ ئێران کردووەتەوە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم گوشارانەی ئەمریکا و ئەم گفتوگۆیانەی لەگەڵ ئێراندا دەرئەنجامی خوازراویان بۆ ئەمریکا لێ دەکەوێتەوە؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بەو گفتوگۆیانەی لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتی ئێراندا بەڕێوە دەچن، ئەوا بە تێڕوانینی من شتێکی نزیك لە موعجیزە دەبێت ئەگەر پرۆسەکە بە ئاراستەیەکدا بڕوات کە ئەم دوو وڵاتە بتوانن بگەنە ڕێککەوتنێك لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە. مەبەستم گەیشتنە بە ڕێککەوتنێکی هاوشێوەی ئەوەی لە پێشوودا هەبوو. نەك هەر ئەوە، لەوەش زیاتر، من متمانەیەکی کەمم هەیە بەوەی ئیدارەی ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بتوانێت خۆی بەدوور بگرێت لە هەڵگیرساندنی شەڕێکی دیکەی ناپێویست لە ناوچەی کەنداودا.

*** ئێوە لە کۆتایی وەڵامەکەدا گومانتان هەبوو لە توانای ئەمریکا بۆ خۆلادان لە شەڕێکی دیکە، لێرەدا دەمانەوێت وەڵامەکەی ئێوە گرێ بدەینەوە بە لێدوانی بەرپرسێکی باڵای ئێرانی- عەلی لاریجانی- کە ئاماژەی بەوە کرد، بۆی هەیە ئێران پەنا بباتەبەر دروستکردنی چەکی ئەتۆمی ئەگەر هێرش بکرێتەسەر وڵاتەکەی. تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەوە شتێکی ئاساییە کە هەر کەسێکی نێو ئێران بەم چەشن و شێوازە بیر بکاتەوە و لێکدانەوە بکات، دواتر نابێت لەم ڕووەوە ئەوە لە یاد بکەین، کە ئەوە ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما بوو کە لە بنەڕەتدا ئەم کێشەیەی چارەسەر کرد، بەڵام



گرفتەکە لەوەدایە کە هەر شتێك پەیوەست بێت بە باراك ئۆباماوە، ئەوا لەلایەن دۆناڵد ترەمپەوە بێزراو و ڕەتکراوەیە، چونکە هەر ئەوە ترەمپ بوو کە تیگەیشتنێکی پیشان نەدا لە ئاست ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا و بگرە لەم ڕێککەوتنە کشایەوە، هەر ئەوەش هۆکاری سەرەکیی کشانەوەکەی بوو کە باراك ئۆباما ئەنجامی دابوو.

*** لە پاڵ ئێراندا، عێراقیش ڕووبەڕووی گوشاری زۆر بووەتەوە لەلایەن ئیدارەی دۆناڵد ترەمپەوە، بۆ ئەوەی عێراق خۆی بە دوور بگرێت لە ئێران، کە تەنانەت لە نێو کۆنگرێسی ئەمریکادا پڕۆژە یاسای ڕزگارکردنی عێراق لە دەستڕۆیشتوویی ئێران پێشکەش دەکرێت، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە عێراق دەتوانێت چی بکات لەم ڕووەوە، بەتایبەتی کە لە پێگەیەکی زۆر بەهێزدا نییە لە ئاست ئەمریکادا؟**

- ئەوە ڕوونە کە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ هەوڵ دەدات گوشار لەسەر کاراکتەرەکانی دیکەش بکات بۆ ئەوەی هاوکار بن لەو پرۆسەی گفتوگۆیانەی دەستیان پێ کردووە. من لەم ڕووەوە بە شێوەیەکی گشتی وەڵام دەدەمەوە، پێم وایە لەبەر ئەوەی لە ماوەی چەند مانگی کەمی ڕابردوودا ترەمپ سەرقاڵی سووکایەتپێکردن و تووڕەکردنی دۆست و هاوپەیمانەکانی بووە، ئەوا لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە، یان با بڵێم گومانم هەیە لەوەی پەرۆشییەك هەبێت لەلایەن ئەو دۆست و هاوپەیمانانەوە بۆ هاوکاریکردنی ترەمپ.

*** با دواپرسیاریشمان لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت. ئایا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵوگۆڕە قووڵ و گەورەیەی ئەم ناوچەیەی گرتووەتەوە، پێتان وایە لە ئێستادا دەرفەت و بوارێك دروست بوویێت بۆ ڕاستەڕێکردنی کاروبارەکان و بەدیهێنانی ئارامی و سەقامگیرییەکی درێژخایەن، یان ئەوەتا دەبێت گەلانی ناوچەکە خۆیان بۆ ڕۆژگارێکی دیکەی پشێوی و خوێنڕێژی ئامادە بکەن؟**

- ئەوەی کەسانی گەشبین لەم ڕووەوە ئاماژەیان پێ کردووە، ئەوەیە کە پێیان وایە ئەگەری ئەوە هەیە لە کۆتاییدا و دوای پشێوی و پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم دواییە، ئەم ناوچەیە بتوانێت ڕێگەیەك بدۆزێتەوە بە ئاراستە و ئاقاری ئایندەیەکی نوێدا، واتە بۆی هەیە ئەم تراژیدیا و کارەساتانە ببنە هۆی ئەو دۆخە نالەبار و ناهەموارەی کە ئێستا بهەژێنن، بە چەشنێك کە بتوانرێت لە کۆتاییدا بەرەوپێشچوون بەدی بهێنرێت بە ئاراستەی بەدیهێنانی سەقامگیری. لەلایەکی دیکەوە، ئەو کەسانەی کە ئەزموون و ئاشنایەتییان هەیە بە هەلومەرجی ئەم ناوچەیە، ئەو ڕاستییە دەزانن کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چەشنێکە کە لە کارەساتێکەوە دەپەڕێتەوە بۆ کارەساتێکی دیکە و هەمیشە و هەردەم بۆی هەیە بارودۆخەکە بەرەو خراپتر بچێت.

**ئەگەری ئەوە هەیە لە کۆتاییدا و دوای پشێوی و پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم دواییە، ئەم ناوچەیە بتوانێت ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بە ئاراستە و ئاقاری ئایندەیەکی نوێدا**

**ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چەشنێکە کە لە کارەساتێکەوە دەپەڕێتەوە بۆ کارەساتێکی دیکە و هەمیشە و هەردەم بۆی هەیە بارودۆخەکە بەرەو خراپتر بچێت**



ئەلێكس وەتەنخوا، توێژەری باڵایە لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە واشنتۆن و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە پرسەكانی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و ئاسایشی ئێران بەتایبەتی، ساڵی ١٩٧٥ لە تاران لەدایك بووە و پاشان چووەتە تاراوگە و نیشتەجێی وڵاتی دانیمارك بووە. لە ساڵی ٢٠٠٧ ـەوە چووەتە ئەمریكا و پەیوەندیی بە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە كردووە. ئەم توێژەرە باڵایە جیا لەوەی بەردەوام بە زمانی ئینگلیزی نووسین و لێدوانی بۆ میدیا جیهانییەكان هەیە، لە هەمان كاتدا بەشدارییەكی فراوانی لەو كەناڵە جیهانییانەشدا هەیە كە بە زمانی فارسی پەخش دەكرێن، وەك (بی بی سی فارسی، ڕادیۆی فەردا، سەدای ئەمریكا و...هتد) بۆ قسەكردن لەسەر ئاسایش و سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دینامیكییەتی ئەو گۆڕانكارییانە لەم ناوچەیەدا دەستی پێ كردووە، گوڵان ئەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ ساز كرد و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەكانی داینەوە.

دیمانەی تایبەت

ئەلێکس وەتەنخوا

تایبەتمەند لەسەر ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێران بۆ گوڵان:

# سعودیە لە سیاسەتی ئاراستەکراو لە ئایینییەوە وەرچەرخا بۆ جەختکردنەوە لەسەر بازرگانی و تەواوکاریی جیهانی و پێشکەوت، ئێرانیش زیاتر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گۆشەگیر بووە

*** دوای کوژرانی سەرۆك کۆمار (ئیبراهیم ڕەیسی) ئێستا ئیدارەیەکی نوێ کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە دەبات، ئایا هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران چۆنە، بەتایبەتی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر ڕووی لە هەڵشکانە؟**

- ئەم تیمە نوێیەی کە ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە دەبەن، وای دەبینم لەسەر بنەمای مامەڵەی ئابووریی پراگماتیکی بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی دەرەوەی ئێران پیادە دەکەن، بەتایبەتیش لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، ئامانجیشیان لە پیادەکردنی ئەم سیاسەتە پراگماتیکییە بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکانی ناوچەکەیە، ئەمەش لە وتارەکەی عەباس عێراقچی کە ڕۆژی ٨ی نیسان لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست بڵاوی کردەوە، ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە، ئەگەر سزاکان لەسەر ئێران هەڵبگیرێن، ئەوا ئێران بازاڕێکی کراوە دەبێت بۆ وەبەرهێنانی ئەمریکی، بەمەش دەیەوێت سەرنجی خواستی بازرگانیی ترەمپ بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن ڕابکێشێت.

ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرەو «دیپلۆماتیەتی ئابووری» و گرنگیدان بەو دەستکەوتانەی لە ئێستا بەدەست دەهێنرێن لەسەر حیسابی هەڵوێستە ئایدیۆلۆژییەکان، لەم چوار چێوەیەدا ئەگەر سەرنج بدەین، تاران دەیەوێت گرژییەکانی ڕابردوو کەم بکاتەوە، بەتایبەتی ئەو گرژییانەی دوای تیرۆرکردنی قاسم سولەیمانی لە ساڵی ٢٠٢٠ لەلایەن ئەمریکاوە گەیشتە لووتکەی تەنگژە و گرژی لە نێوان هەردوولادا، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا

**گەورەترین دەرفەت بۆ ئێران ئەوەیە دەستبەرداری بەستەڵەکی ئایدیۆلۆژی ببێت و هەنگاو بۆ دیپلۆماتییەتی پراگماتیکیی ئابووری هەڵبگرێت**

ئێران جەخت لە هەماهەنگی و هاریکاری و ستراتیژییەتی مانەوە دەکاتەوە، لە بری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەمریکادا.

*** لەگەڵ ئەوەی ئێران هەر لە سەرەتاوە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئامادە نابێت دانوستاندنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شاندی ئەمریکا بکات، بەڵام بینیمان چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ لە نێوان ستیف ویتکۆف (نوێنەری ترەمپ) بۆ دانوستاندنەکە و عەباس عێراقچی سەرۆکی شاندی ئێرانی دروست بوو. ئایا ئەم دیدارەی نێوان ویتکۆف و عێراقچی چۆن دەخوێننەوە؟**

- پێشوازیکردن لە ستیف وێتکۆف، بزنێسمان و سەرۆکی شاندی دانوستانکاری ئەمریکا، ئاماژەیەکی گرنگە کە زیاتر نیازی ئێران پیشان دەدات کە مەبەستێتی پەیوەندییەکانی دەرەوەی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە بازرگانییەکان دابڕێژێتەوە، نەك ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە.

لەسەر ئاستی ناوخۆی ئێران ئەم ئاراستەیە وەك کردنەوەی «لاپەڕەیەکی تازە» خراوەتە ڕوو، بانگەشە دەکەن بۆ ئەوەی پشتگیری لەم ئاراستەیە بکەن، بۆ ئەوەی سەرنجی بزنێسمان و کۆمپانیاکانی ئەمریکا ڕابکێشن و بێن لە ئێران وەبەرهێنان بکەن، ئەمە لەگەڵ ئەوەی لە ناو سەرکردەکانی ئێرانیش لەسەر ئاستی ناوخۆ ناکۆکی لە نێوان ڕیفۆرمیست و موحافیزکارەکاندا بەردەوامە، بەڵام بەرەی موحافیزکار کەمینەن و ناتوانن پرۆسەی دیپلۆماتی لەو ڕێڕەوە لابدەن کە بۆی دیاری کراوە و ئێستا کاری لەسەر دەکرێت. ئەوجا لەگەڵ ئەوەی سەرکردایەتیی ئێستای تاران بانگەشە بۆ کرانەوە بە ڕووی دەرەوە و جیهاندا دەکات، بەڵام تا ئێستاش لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی وڵات سەرکوتکردن بەردەوامە، ئەمەش گومانێکی زۆر دروست دەکات لەوەی ئێران بتوانێت پابەند بێت بە ئەنجامدانی ڕیفۆرمی ڕاستەقینەوە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش وەك دەبینین، ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەوەی ئێران وەك خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن، بە پلەی یەکەم بریتییە لە «کەمکردنەوەی سزا ئابوورییەکان بە ڕێگەی گرێدانی سەفقەی بازرگانی، بەتایبەتی لەگەڵ ئەمریکادا، هەروەها جڵەوگیرکردنی ناسەقامگیریی ناوخۆ لە وڵاتدا».

*** لە ساڵی ٢٠٢٣ بە ناوبژیوانیی چین، پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سعودیە ئاسایی کرایەوە. ئایا ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ سعودیە، دەبێتە هۆکارێك بۆ سەقامگیرییەکی درێژخایەن لە ناوچەی کەنداودا؟**

- ئەو ڕێککەوتنەی نێوان ئێران و سعودیە کە لە ساڵی ٢٠٢٣ بە ناوبژیوانیی چین هاتە ئاراوە، وەك هەنگاوێکی تاکتیکی سەیر دەکرێت بۆ ڕێگرتن لە هەڵکشانی زیاتری تەنگژەکانی ناوچەکە، بەڵام سەقامگیریی کەنداو هێشتا نادیارە. سەردانی ئەم دواییەی خالید بن سەلمان وەزیری بەرگریی سعودیە بۆ تاران لە نیسانی ساڵ ٢٠٢٥، ئاماژەیە بۆ ئەوەی سعودیە دەیەوێت خۆی بەدوور بگرێت لەو ئەگەرانەی کە لە ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران لە ناوچەکە هەیە. هەروەها سعودیە دەیەوێت بە ڕێگەی پەیوەندییە ڕاستەوخۆکانی لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکانی ئێران، لە ناویشیاندا سەرکردەکانی سوپای پاسداران، دڵنیایی لەسەر هەڵوێستی هەرێمیی تاران لە ناوچەکە پیشان بدەن، ئەمەش بەو مانایەی سعودیە پێی وایە ئەم هەڵوێستەی ئێستای ئێران زیاتر لەلایەن سەرکردە سەربازییەکانەوە داڕێژراوە، نەك دیپلۆماتکارەکانەوە.

ئەم ئاراستەیەی ئێستای سعودیە ئاماژەیە بۆ ستراتیژیەتی سعودیە کە ئامانجی ئەوەیە ناوچەکە لە شەڕ دوور بخاتەوە و ناوچەکە بەرەو هاریکاری و هەماهەنگیی بەردەوام بەرێت، بەڵام لەسەر ئاستی تاران هەندێك گومان لەوە دەکەن، ئەم ستراتیژیەتەی سعودیە لە پشتی پەردەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ واشنتۆن داڕێژراوە و ئامانجیان ئەوەیە ستراتیژیەتی دوو پایەکە «Twin Pillars» زیندوو بکەنەوە، کە دەبێتە چوارچێوەیەك بۆ کۆنترۆڵی هاوبەشی ئێران و سعودیە بەسەر ناوچەکەدا، بەڵام ئەم بۆچوونە پێدەچێت هەندێك زیدەڕۆیی تێدا بێت، سەبارەت بەو ستراتیژە تۆکمەیەی ئیدارەی ترەمپ ئێستا هەیەتی، بەڵام بە

**ئێران جەخت لە هەماهەنگی و هاریکاری و ستراتیژییەتی مانەوە دەکاتەوە، لە بری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەمریکادا**

**لەگەڵ ئەوەی سەرکردایەتیی ئێستای تاران بانگەشە بۆ کرانەوە بە ڕووی دەرەوە و جیهاندا دەکات، بەڵام تا ئێستاش لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی وڵات سەرکوتکردن بەردەوامە**

**ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەوەی ئێران وەک خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن، بە پلەی یەکەم بریتییە لە «کەمکردنەوەی سزا ئابوورییەکان بە ڕێگەی گرێدانی سەفقەی بازرگانی، بەتایبەتی لەگەڵ ئەمریکادا**

**خالید بن سەلمان وەزیری بەرگریی سعودیە بۆ تاران لە نیسانی ساڵ ٢٠٢٥، ئاماژەیە بۆ ئەوەی سعودیە دەیەوێت خۆی بەدوور بگرێت لەو ئەگەرانەی کە لە ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران لە ناوچەکە هەیە**

شێوەیەکی واقیعییانە سعودیە ئامانجی لەم ستراتیژە ئەوەیە هاوسەنگییەك لەگەڵ ئەو گوشارانە دروست بکات، کە ئەمریکا و ئیسرائیل دەیخەنە سەری، بەتایبەتی سەبارەت بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل، پەیوەندییەکانی ئێستای سعودیە و ئێران لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوو لە بەرزترین ئاستدایە، ئامانجی هەردوو لاشیان زیاتر بەڕێوەبردنی مەترسییە هاوبەشەکانە، نەك دەستبەرکردنی بنەمایەك بۆ سەقامگیریی هەمیشەیی، لەبەر ئەوەی تا ئێستا ململانێ و گوشاری نێودەوڵەتی هەیە، هەر بۆیە ئەمە وای کردووە، زەمینەی بەدیهێنانی ئاشتیی هەمیشەیی لە ناوچەکەدا فشۆڵ بێت و بەندە بە بەرەوپێشچوونە نیودەوڵەتییە فراوانەکانەوە.

*** تا چ ئاستێك بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ هەر یەك لە ڕووسیا و چین، دەبێتە فاکتەرێك بۆ دارشتنەوەی ستراتیژیەتی خۆی و تا چەند کاریگەریی دەبێت لەسەر بژاردەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران؟**

- هەوڵی ئێران بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین، لە سەرەتادا ستراتیژیەتی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بوو، وەك ستراتیژیەتێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سزاکانی ئەمریکا، بەڵام ئاستەنگی گەورەش هەبوو، هەر بۆیە ئێران هەوڵی دا، سوود لە شەراکەتەکەی لە چوارچێوەی کۆڕبەندی هەماهەنگیی «BRICS» وەر بگرێت، کە ئەم کۆڕبەندی هاریکاییە هەر یەکە لە «بەرازیل، چین، میسر، ئەسیوپیا، هیندستان، ئەندەنوسیا، ڕووسیا، باشووری ئەفریقیا و ئیمارات» پێکەوە کۆ دەکاتەوە، هەروەها هەوڵی دا بە ڕێگەی بوون بە ئەندام لە ڕێکخراوی هاریکاریی شینگهای «SCO» بەرگەی سزاکانی ئەمریکا بگرێت، بەڵام پتەوکردنی بازرگانیی ئازاد لەگەڵ ڕووسیا مەزندە دەکرێت کە پەیوەندییەکی بازرگانیی دوولایەنە بێت، هەروەها بەشێکی گەورەی هەڵکشانی پرۆسەی بازرگانیی ئێران و ڕووسیا پەیوەندیی بە هۆکاری دەرەکییەوە هەبوو، وەك کێشەی ڕووسیا لەگەڵ ڕۆژئاوا، نەك لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێکی ستراتیژیی قووڵ لەسەر ئاستی کێشە هەرێمییەکان ئێران ڕووسیا ناگەنە بۆچوونێکی هاوبەش، بەتایبەتی ئەو پرسانەی کە پەیوەندییان بە ئیسرائیل و سووریای دوای بەشار ئەسەدەوە هەیە، هەروەها ئێران ترسی ئەوەی هەیە کە ڕووسیا بە ئامانجە هاوبەشەکانەوە پابەند نەبێت، زیاتریش لەو ناوچانەی کێشەیان تێدایە هەماهەنگیی زۆر کەم لە نێوان ڕووسیا و ئێران هەیە، وەك ناوچەی باشووری قەوقاز، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەتا ئێستاش ئایەتوڵڵا خامەنەئی ڕابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران وەبەرهێنانێکی زۆر لە مانەوەی پەیوەندییەکی دوورمەودا لەگەڵ پوتین دەکات، پشتبەستنی ئێران بە ڕووسیا زیاتر تەکتیکییە نەك ستراتیژی، ئێران مەبەستێتی ئەم هاوپەیمانییەی لەگەڵ ڕووسیا بۆ پارێزگاریکردن لە نفووزی خۆی بەکار بهێنێت، هاوکات بچێتە ناو دانوستاندنێکی هەستیار لەگەڵ ئەمریکادا، بەڵام هەتا ئێستاش بێمتمانەیی بە ڕووسیا لەسەر ئاستی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئێرانیش هەیە، بۆیە سەرەنجام ڕەنگدانەوەی ئاراستەی ئێران ڕووەو ڕۆژهەڵات پێویستییە، نەك وەرچەرخانێکی ڕیشەیی، هەتا ئێستا بارودۆخی ستراتیژیی ئێران جێگیر نییە و لە هەڵبەز و دابەزدایە و بەستراوەتەوە بە دینامیکییەتی گۆڕاوی هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە.

*** هەتا چ ئاستێك ئالنگارییە ناوخۆییەکان، نارەزاییەکانی (سیاسی، بارگرانی و ئالنگارییە ئابوورییەکان) ڕەنگدانەویان هەبووە لەسەر ڕەفتارەکانی ئێران لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی؟**

- ناسەقامگیریی سیاسیی لەسەر ئاستی ناوخۆ بە شێوەیەکی زۆر گەورە ئالنگاریی ئابووری و کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران هەبووە، هەر ئەم کاریگەرییانەش ناچاریان کرد، زیاتر بەرەو پراگماتیکی و کەمتر بەرەو توندڕۆیی ئایدیۆلۆژی هەنگاو هەڵبگرێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی بتوانێت مامەڵە لەگەڵ نارەزایی گەلەکەی و خراپیی باری ئابووری و گۆشەگیریە نێودەوڵەتییەکەی بکات، لە ئێستا سەرکردەکانی ئێران دەیانەوێت دووبارە «ئەوەی پێی دەگوترێت سیاسەتی

**سعودیە پێی وایە ئەم هەڵوێستەی ئێستای ئێران زیاتر لەلایەن سەرکردە سەربازییەکانەوە دارێژراوە، نەك دیپلۆماتکارەکانەوە**

**پەیوەندییەکانی ئێستای سعودیە و ئێران لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوو لە بەرزترین ئاستدایە، ئامانجی هەردوو لاشیان زیاتر بەڕێوەبردنی مەترسییە هاوبەشەکانە، نەك دەستبەرکردنی بنەمایەك بۆ سەقامگیریی هەمیشەیی**

**ئێران ترسی ئەوەی هەیە کە ڕووسیا بە ئامانجە هاوبەشەکانەوە پابەند نەبێت، زیاتریش لەو ناوچانەی کێشەیان تێدایە هەماهەنگیی زۆر کەم لە نێوان ڕووسیا و ئێران هەیە**

**هەتا ئێستاش بێمتمانەیی بە ڕووسیا لەسەر ئاستی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئێرانیش هەیە، بۆیە سەرەنجام ڕەنگدانەوەی ئاراستەی ئێران ڕووەو ڕۆژهەڵات پێویستییە، نەك وەرچەرخانێکی ڕیشەیی**

**ڕاپۆرتە ڕۆژنامەگەرییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئێران چاوخشاندنەوە بە پشتیوانیکردنی لە میلیشیای حوسییەکان دەکات**

**پەیامی ئێران لە ئێستا بۆ میلیشیای حوسییەکان و میلیشیا عێراقییەکان ددانبەخۆداگرتنە وەک وەرچەرخانێکی ستراتیژی، نەک لە ڕێگەی پاشکۆکانییەوە بارودۆخەکە زیاتر ئاڵۆزتر بکات**

«ڕووبەڕووبوونەوە» پێداچوونەوەی تێدا بکەن و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەنەوە، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانیش لە پشتی ئەم وەرچەرخان و بەدواداچوونەی ئێران بۆ سیاسەتەکانی پێشووی خۆی، کە ئەم سیاسەتەی ئێستا ئێران لەسەر ناوخۆ پیادەی دەکات، لەگەڵ ئەو سیاسەتە یەك ناگرێتەوە، کە دەوڵەتانی کەنداو پیادەی دەکەن، بەتایبەتی عەرەبستانی سعودیە کە لە سیاسەتی ئاراستەکراوی ئایینەوە ئێستا خۆی وەرچەرخاندووە بۆ سیاسەتێك کە جەخت لەسەر بازرگانی و تەواوکاریی جیهانی دەکات، ئەمەش وای کرد ئەم دەوڵەتانە بە هاوپەیمانییان لەگەڵ هێزە گلۆباڵییەکان و کردنی دیپلۆماتییەتی ئابوری بە ئەولەویەت، سەربکەون و باڵادەست بن بە سەر نفووزی ئێرانی لەسەر ئاستی هەرێمی و ناوچەکەدا.

چاودێرە سیاسییە ئێرانییەکان زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە خۆپابەندکردنی تاران بە هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیی ئایینییەوە هۆکارە بۆ گۆشەگیربوونی ئێران، بەڵام دەوڵەتانی عەرەبی وەك ڕکابەری ئێمە گەشە دەکەن، هەر بۆیە گوشاری نارەزایەتییە ناوخۆییەکان بارگرانیی ئابووری و کۆدەنگییەکی دروست کردووە کە ئێران دەستبەرداری ئەو دابەشکارییە سادەیەی «ڕۆژهەڵات - ڕۆژئاوا » بێت و، ناچارە هەنگاو بۆ دیپلۆماتییەتێکی خۆگونجاندن بەرەو بازرگانی هەڵبگرێت. بێگومان ئەو وەرچەرخانەی ئێستا لە سعودیە دەبینرێت، بە شێوەیەکی تایبەتی هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم گفتوگۆیانەیە لە ئێراندا، بۆ ئێران ئەو ڕاستییە تەواو ئاشکرا بووە کە مانەوە لە جیهانی جیهانگیریدا، پەیوەستە بە توانای خۆگونجاندنەوە نەك بەسەتەڵەکی ئایدیۆلۆژی، ڕازیبوونی ئێرانیش بە دەستپێکردنی دانوستاندن لەگەڵ ئێدارەی ترەمپ ڕەنگدانەوەی ئەو وەرچەرخانە ناوخۆییانەن کە لە ئێران هاتوونە ئاراوە، تەنیا ئومید ئەوەیە کە بگەڕێنەوە بۆ سیاسەتی پراگماتیکی، نەك دروشمبازی، بەمەش پێگەی ئێران لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی شکۆی بۆ دەگەڕێتەوە.

*** تا چ ئاستێك ستراتیژیەتی ئێران بۆ درێژەدان بە پشتگیریی گرووپەکانی وەك (حزبوڵڵای لوبنانی، حەماس، حوسییەکان) لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکەدا ڕوو دەدەن، درێژەی دەبێت؟**

- ستراتیژیەتی ئێران لەسەر ئاستی هەرێمی بۆ پشتیوانیکردن لە گرووپە چەکدارە پاشکۆکانی وەك حزبوڵڵا و حەماس و حوسییەکان، بەهۆی دینامیکیەتی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و گوشارە زۆرەکانی ئەمریکاوە، ڕووبەڕووی ئالنگاریی زیاتر بووەتەوە. ڕاپۆرتە ڕۆژنامەگەرییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئێران چاوخشاندنەوە بە پشتیوانیکردنی لە میلیشیای حوسییەکان دەکات، لەمەش زیاتر باس لەوە دەکەن، ئێران هێزەکانی خۆی لە یەمەن دەکێشێتەوە بۆ ئەوەی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا بپارێزێت، ئەم هەموارکردنەوەی هەڵوێستەی ئێران ڕەنگدانەوەی ئەو پێداویستییە زۆرەی تارانە کە دەیەوێت ئەولییەت بە ئاسایشی ناوخۆی بدات لە ناو ئەو گێژاوەی کە ڕۆژانە ئەمریکا هێرشە ئاسمانییەکانی چڕتر دەکاتەوە و هێزکانی لە دەریای سوور و ئۆقیانووسی هیندی زیاتر دەکات.

پەیامی ئێران لە ئێستا بۆ میلیشیای حوسییەکان و میلیشیا عێراقییەکان دانبەخۆداگرتنە وەك وەرچەرخانێکی ستراتیژی، نەك لە ڕێگەی پاشکۆکانیەوە بارودۆخەکە زیاتر ئاڵۆزتر بکات. پێدەچێت ئێران جەخت لەسەر بەڕێوەبردنی تەنگژەکان بکات و خۆی بەدوور بگرێت لەوەی بیانوویەك بداتە دەست ترەمپ و هێرشی ڕاستەوخۆ بکاتە سەری. ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان باس لەوە دەکەن، دوای ئەوەی جارێکی دیکە واشنتۆن حوسییەکانی وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریستی پۆلێن کردەوە و ئەو هێرشە ئاسمانییە چڕانەی کردە سەریان، جووڵە و چالاکییان بە تەواوەتی کەم بووەتەوە، هەروەها ئاماژەش بەوە دەکەن، کە ئێران خوازیارە ئەو گوشارە نێودەوڵەتییانە لەسەر حوسییەکان کەم بکرێنەوە، لەوانە خۆی وەك ناوبژیوانێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی حوسییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێشکەش بکات. سەرباری ئەمانەش، ئێران هەستی بەوە

کردووە کە هێزی دەرەکیی دیکەش وەك ڕووسیا و چین دەستتێوەردانیان لە دینامکییەتی میلیشیا پاشکۆکانیدا کردووە، ئەمەش ئاستی نفووزی ئێرانی تووشی ئاڵۆزی کردووە. لە ئێستادا ئەو تۆمەتانە باس دەکرێن کە ڕووسیا بە ڕێگەی پێدانی زانیاریی هەواڵگری و چەك هاوکاریی میلیشیا حوسییەکانی کردووە، ئەمەش لە کاتێکدا مانای ئەوەیە کە ئەم میلیشیایانە بە تەواوەتی بە ئاراستەی ئێراندا کار ناکەن، ئەمەش کۆنترۆڵی تارانی لەسەر حوسییەکان لاواز کردووە.

ئەم وەرچەرخانە مانای ئەوە نییە ئێران بە تەواوەتی دەستبەرداری شەڕی بەوەکالەت بووە، بەڵکو هاوسەنگیی پراگماتیمان پیشان دەدات. ئێران هەوڵ دەدات خۆی لە هەڵکشانێك بەدوور بگرێت کە زۆری لەسەر دەکەوێت، هەروەها دەیەوێت پارێزگاری لە نفووزی هەرێمیی خۆیشی بکات، ستراتیژیەتی شەڕی بەوەکالەتی پێشووی ئێران کە میحوەری بوو، ئێستا ململانێ لەگەڵ میتۆدێکی زۆر هەستیار و جەختکردنەوە لەسەر مانەوەی خۆی دەکات لە بەرانبەر هەڕەشەکانی ئەمریکا و گۆڕانکارییە ناجێگەرەکانی ناوچەکەدا، بۆیە ئێستا پشتگیریی ئێران بۆ پاشکۆکانی بووەتە پشتگیریی تاکتیکی و ئینتقائییانە لە بری پابەندبوونی گشتگیر، ئەمەش ڕەنگدانەوەی فشۆڵیی ئەو ستراتیژیەتە کە تا دێت زیاتر دەبێت.

*** ئەگەر بتەوێت مەزندەیەك بۆ ئایندە بکەیت، ئایا گەورەترین ئالنگاری و دەرفەتەکان لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوو بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران چی دەبن؟**

- مەزندە دەکەم لە پێنج ساڵی داهاتوودا سیاسەتی دەرەوەی ئێران ڕووبەڕووی دوو ئەلنگاریی پێکەوە گرێدراو ببێتەوە، کە یەکەمیان هەڵاوسان و چەقبەستنی ئابوورییە، دووەمیان باڵادەستبوونی توندڕەوە ئایدیۆلۆژیستەکان دەبێت، چاودێر و ڕەخنەگرە سیاسییە ئێرانییەکان باس لەوە دەکەن، کە توندڕەوەکان کە هیچ ئەزموونێکی جیهانییان نییە و بە وردی لە بارودۆخی جیهان تێناگەن، بە شێوەیەك سیاسەتی دەرەوی ئێران دادەڕێژنەوە کە زیاتر وڵاتەکە بەرەو گۆشەگیریی ستراتیژی دەبەن، بۆیە زیاتر پشت بە گوتاری ئایینی و ئەو دروشمانە دەبەستن کە دژی ڕۆژئاوان، بەمەش ئێران لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا گۆشەگیر دەبێت، ئەمەش بەتایبەتی کە وڵاتانی دیکەی کەنداو، بەتایبەتی سعودیە، لە میانەی دیپلۆماتیی برگماتی و جەختکردنەوەیان لەسەر بازرگانی زۆر پێش دەکەون.

لەسەر ئاستی ئابووری لە پێنج ساڵی داهاتوودا ئێران لە خراپترین دۆخی ئابووریدا دەبێت کە بەراورد بە ٤٠ ساڵی ڕابردوو هیچ کاتێك هێندە ئابوورییەکەی خراپ نەبووە، لە ناو سیستەمێکی دارایی شکستخواردوو، کێشە ژینگەییەکان، بێمتمانەیی بەربڵاوی گەلەکەی، زۆر زەحمەت دەبێت ئێران بتوانێت بە شێوەیەك سیاسەتی دەرەوەی ئاراستە بکات کە ببێتە هۆکاری بووژانەوەی ئابوورییەکەی، هەروەها وڵاتێکە کە سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی و متمانەی جەماوەری پێویستی نییە بۆ ئەوەی پرۆژەی ئابووریی زۆر بەرفراوان جێبەجێ بکات، لە هەمان کاتدا ئەو گرووپەشی کە بەرژەوەندیی لەو بارودۆخەیدا ڕێگری لە گۆڕانکاریی ڕیشەیی دەکەن کە سوودی بۆ هەموو گەل دەبێت. بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش، دەرفەت لەبەر دەستە، ئەگەر سەرکردە پراگماتییەکان خاوەنی نفووز بن و بڕیاربەدەست بن، دەتوانن سەبارەت بە چەکی ئەتۆمی لەگەڵ ئەمریکا بگەنە ڕێککەوتنێك، بەمەش سزاکان سووك دەکرێت و ئاسۆیەك بۆ گەشەی ئابووری دەکرێتەوە، ئەگەر ئەو سەرکردە پراگماتییانە هەستیان بەوە کرد، کە کێشە ئابوورییەکانی ئێران پەیوەستن بە ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەیان، ئەوا هەنگاو بەرەو دیپلۆماتیەتی تەواوکاریی گلۆباڵی هەڵدەگرن.

سەرەنجام، ئێران لەبەردەم گەورەترین دەرفەتدا دەبێت، ئەگەر دەستبەرداری بەستەڵەکی ئایدیۆلۆژی ببێت و تەبەنی پراگماتیەتی ئابووری بکات، بەڵام هەموو ئەمانە دەوستێتە سەر ئەوەی چۆن کۆتایی بە باڵادەستیی چەسپاوی موحافیزەکارە توندڕەوەکان دێت.

**ئێران هەستی بەوە کردووە کە هێزی دەرەکیی دیکەش وەك ڕووسیا و چین دەستتێوەردانیان لە دینامکییەتی میلیشیا پاشکۆکانیدا کردووە**

**لەسەر ئاستی ئابووری لە پێنج ساڵی داهاتوودا ئێران لە خراپترین دۆخی ئابووریدا دەبێت کە بەراورد بە ٤٠ ساڵی ڕابردوو هیچ کاتێک هێندە ئابوورییەکەی خراپ نەبووە**

سەعدون یونس

شانۆکارێکی گەورەی خەندە هێن و سیاسییەکی توند و یاخی:

# لە هەر وڵاتێک ڕێز لە ئیرادە و دەنگی هاووڵاتییان نەگیرێت پرۆسە سیاسییەکەی هیچ مانایەکی نامێنێت



**سەعدون یونس، شانۆکاری گەورە و سیاسەتمەداری دێرینی کوردستان لە سەردانەوەی ئەمجارەی بۆ کوردستان، ئاگاداری کردمەوە کە مەبەستێتی سەردانی گۆڤاری گوڵان بکات، بۆ دوو مەبەست، یەکەمیان: بۆیان باس کردبوو کەوا «فەرهاد محەمەد» سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان چەند ساڵێکە لە هەموو دیدار و کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا باس لە کۆتایی «حزبی سیاسیی لە کوردستان» دەکات، مەبەستی بوو، لە نزیکەوە گفتوگۆیەکی فیکری لەسەر ئەم پرسە بکات. دووەمیان: هاتبوو سەرنووسەری گوڵان داوەت بکات بۆ دیمانەیەکی ڕاشکاوانە لەسەر پرسی «کۆتاییهاتنی حزبی سیاسی» لە زانیار تی ڤی، کە بەرنامەیەکی بەناوبانگی لەو تەلەفزیۆنە هەیە. سەرنووسەری گوڵان ئەم سەردانەی بە دەرفەت وەرگرت و ڕاشکاوانە پێی گوت: «مامۆستا تۆ لە زانیار تی ڤی، یەخەی زۆر خەڵك دەگری، با ئێمەش ئەمڕۆ یەخەی تۆ بگرین و گفتوگۆیەکی سیاسییانە بکەین». بە سوپاسەوە مامۆستا داواکەی قبووڵ کردین، لەگەڵ ئەوەی لە نیوەی پرسیار و وەڵامەکاندا خۆی بووە خاوەنی دیمانەکە و پرسیارێکی زۆری لە سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان کرد، بەڵام گوڵان وای بە باش زانی تەنیا دیمانەکەی مامۆستا بڵاو بکاتەوە و ئەوەی سەرنووسەری گوڵان دوابخات بۆ دیدارەکەی زانیاری تی ڤی، ئەمەش دەقی دیمانەکەی مامۆستا سەعدون یونسە لەگەڵ گوڵان.**

*** ئەوە چەند ساڵێکە بە شێوەیەکی زۆر ڕاشکاوانە لە هونەر دوور کەوتوویتەوە و گەڕاویتەوە ناو سیاسەت و بەرنامەیەکت لە «زانیار تی ڤی» هەیە کار لەسەر مێژوو و ڕووداوەکانی ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەکەیت و بەرنامەکەشت زۆر ڕاشکاوانەیە و پرسیارەکانیشت زۆر توند و واقعیین. ئایا خۆت پرۆسەی سیاسی لە کوردستان چۆن دەبینیت؟**

- پرۆسەی سیاسیی لە هەر وڵاتێکدا مانایەکی گەورە و فرە ڕەهەندی هەیە، هەر بۆیە ئەگەر پرۆسەکە توانای ئەوەی نەبوو، هەموو ڕەهەندەکان پێکەوە گرێ بداتەوە و بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە وڵات بەڕێوە بەرێت، ئەوا ئەو پرۆسە سیاسییە هیچ مانایەکی نابێت. من وای دەبینم، پرۆسەی سیاسی کوردستان نەیتوانیوە ئەو کارە بکات. هەر بۆ نموونە لە ئەڵمانیا لە کۆتایی مانگی شوبات هەڵبژاردن ئەنجام درا، خۆتان دەزانن لە مێژووی پرۆسەی سیاسیی ئەڵمانیدا، هیچ حزبێك بە تەنیا ئەو ژمارە کورسییەی نەهێناوە بتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، لە هەڵبژاردنی ئەمجارەشدا بە هەمان شێوە بوو، بەڵام وەك دەبینین لەماوەی کەمتر لە دوو مانگ حزبەکانی ئەڵمانیا توانییان هاوپەیمانییەك دروست بکەن و لەسەر پرۆگرامێك ڕێك بکەون و حکومەت پێك بهێنن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئێمە لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانمان ئەنجام داوە، کە هەتا ئێستا زیاتر لە شەش مانگە، پەرلەمانی کوردستان تەنیا یەك دانیشتنی کردووە بۆ ئەوەی پەرلەمانتارەکان سوێند بخۆن، لەمە زیاتر نە سەرۆکی پەرلەمان دانراوە، نە دەزانین کابینەی تازەی حکومەت کەی پێك دەهێنرێت. کەی پەرلەمان کۆدەبێتەوە و سەرۆکی حکومەت ڕادەسپێرێت بۆ ئەوەی کابینەکەی پێکبهێنێت؟ ئەمانە هیچی دیار نین. بۆیە ئەوەی دەکرێت تەنیا بەڕێکردنی کاری ڕۆژانەیە، ماوەی چەندین مانگە هەر دوو لایەنی سەرەکی (پارتی و یەکێتی) کۆدەبنەوە و هەتا ئێستا تەنیا باسی دابەشکردنی پۆستەکان دەکەن و باس لە بەرنامەی حکومەتی داهاتوو ناکەن. بەڕاستی من ئەمە ناو نانێم «پرۆسەی سیاسی»، بەڵکو «گەمەیەکی سیاسی»یە بۆ کات بەڕێکردن، لەمەش زیاتر حزبە سیاسییەکانی کوردستان توانای ئەوەیان

**زیاتر لە شەش مانگە، پەرلەمانی کوردستان تەنیا یەک دانیشتنی کردووە بۆ ئەوەی پەرلەمانتارەکان سوێند بخۆن، لەمە زیاتر نە سەرۆکی پەرلەمان دانراوە، نە دەزانین کابینەی تازەی حکومەت کەی پێک دەهێنرێت**

**ماوەی چەندین مانگە هەر دوو لایەنی سەرەکی (پارتی و یەکێتی) کۆدەبنەوە و هەتا ئێستا تەنیا باسی دابەشکردنی پۆستەکان دەکەن و باس لە بەرنامەی حکومەتی داهاتوو ناکەن**

**حزبە سیاسییەکانی کوردستان توانای ئەوەیان نییە داهێنەرانە بیر بکەنەوە و چارەسەری دروست بۆ کێشەکانی کوردستان بدۆزنەوە**

**پارتی گەورەترین فراکسیۆنی لە پەرلەمانی کوردستان هەیە و بەرپرسیاریەتی سەرشانی لە حزبەکانی دیکە قورسترە.**

**لەبەر ڕۆشنایی سندوقەکانی دەنگدان کە ئیرادەی خەڵکی کوردستانە، پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات بوونی نییە**

نییە داهێنەرانە بیر بکەنەوە و چارەسەری دروست بۆ کێشەکانی کوردستان بدۆزنەوە، کەئەمەش دەڵێم، مەبەستم هەموو حزبەکانە بە پارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە، لەبەر ئەوەی پارتی گەورەترین فراکسیۆنی لە پەرلەمانی کوردستان هەیە و بەرپرسیاریەتی سەرشانی لە حزبەکانی دیکە قورسترە.

*** بەڵام خەڵکی کوردستان بەو واقیعە ڕازین و وەك دەبینی ماوەی زیاتر لە شەش مانگە دەنگیان بە حزبەکان داوە و لە دەنگەکەی خۆیان ناپرسنەوە، ئەمە بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

- ئەم پرسە دوو لایەنیە، یەکەمیان خەڵکی کوردستان ئەم واقیعە لە حزبە سیاسییەکان قبووڵ دەکات، لەبەر ئەوەیە بەدیلی دیکەی لەبەر دەست نییە و دەڵێت «هەرچۆنێك حزبەکانی کوردستان لە دەسەڵاتی بەغدا» باشترن، کە من ئەم بۆچوونە ڕەت دەکەمەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە دەبێت خەڵکی کوردستان هۆشیار و زیرەك بێت و بەو واقیعە ڕازی نەبێت، ئێمە ئەوە ماوەی نزیکەی **٣٣** ساڵە خاوەنی ئەزموونی حوکمڕانیی خۆمانین و هەڵبژاردن دەکەین، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی سندوقەکانی دەنگدان کە ئیرادەی خەڵکی کوردستانە، پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات بوونی نییە، یان دەسەڵاتەکان «(جێبەجێکردن، یاسادانان، دادوەری) هەر بە ڕووکەش جیا کراونەتەوە و بە کردەیی حزبەکان بڕیار دەرن، لەمەش زیاتر هەتا ئێستا لە هەرێمی کوردستان سنوور بۆ دەسەڵاتەکانی «حزب، خێڵ، بنەماڵە» دانەنراوە و بە کردەیی ئەوان دەسەڵاتدارن.

وڵاتی تایلەند لە ساڵی **١٩٣٢** هەتا ئێستا کە دەکاتە سەرووی ٩٠ ساڵ، هەر چوار ساڵ جارێك هەڵبژاردنی خۆیان دەکەن و، سوپای ئەو وڵاتە پرۆسە دیموکراتییەکە دەپارێزێت. بۆیە زۆر ڕاشکاوانە دەڵێم لە هەر وڵاتێك ڕێز لە ئیرادەی دەنگدەران نەگیرا و لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئیرادەیە چوار ساڵ جارێك پرۆسەی سیاسی نوێ نەکرێتەوە، دڵنیا بە لەو وڵاتە شتێك نییە ناوی دیموکراتی بێت.

*** ئایا سیستمی دیموکراتی بە سیستمێکی باش دەزانیت؟ یان ئایا دەتوانیت لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا نموونەیەکی سەرکەوتووی سیستمی دیموکراتیمان لە وڵاتێکی تازە پێگەیشتووی ئەم جیهانە پێ بڵێیت؟**

- بەڵێ، دیموکراسیەت سیستمێکی باشە ئەگەر بە دروستی ژێرخانی بۆ دروست بکرێت و بە شێوەیەکی ڕاست پیادە بکرێت. نەبوونی ئەزموونی سەرکەوتووی سیستمی دیموکراتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتووی جیهان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نەیانتوانیوە ژێرخانێکی دروست بۆ سیستمەکە دروست بکەن و زەمینەیەك دروست بکەن کە کەلتووری دیموکراتی لە کۆمەڵگە ڕەگ دابکوتێت، بەڵام پرۆسەی دیموکراتی وەك لە ئەزموونی تایلەند ئاماژەم پێکرد، پێویستی بە هێزێکە پاڵپشتی بکات و بیپارێزێت، ئێمە لە هەرێمی کوردستان زۆر پێویستمان بە سیستمی دیموکراتی هەیە، بۆیە دەبێت هێزە سیاسییەکان بەتایبەتی «پارتی و یەکێتی» کە خاوەنی هێزی پێشمەرگەن ئەم هێزە بکەنە پاڵپشت بۆ ئەوەی پرۆسەی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان بکەوێتە سەرپێی خۆی، خەڵکی کوردستان بزانێت ئەرك و مافەکانی چین، ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئازادیی ڕادەربڕین و مافە دیموکراتییەکان بوونی هەبێت.

*** ئەوانەی ئاماژەت پێکرد، وەك فرەحزبی و ئازادیی ڕادەربڕین و مافە دیموکراتییەکان ئێستا لە کوردستان پیادە دەکرێن و کەسیش لەسەر ئازادیی ڕادەربڕین بەند نەکراوە، باشترین نموونە، خۆت بەرنامەیەکت هەیە نەك هەر توندە، بەڵکو ئەوەی لەژێر بەڕەشە هەمووی دێنێتە سەر بەڕە، ئایا کەس پێی گوتوویت بۆ وادەکەیت؟**

- ئەمانە لە کوردستان هەموویان هەن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەزموونی دیموکراتیی کوردستان ژێرخانێکی پتەوی نییە، کەلتووری دیموکراتی لە کۆمەڵگە ڕیشەی ڕۆنەچووەتە خوارەوە، بۆیە ئەوانەی ناوت لێنان ئازادییەکان (ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەری و فرەحزبی)، ناتوانن ببنە چوارچێوەیەك کە شکۆیەك بۆ مانای ئازادییەکان دروست بکەن. من وا ڕاهاتووم بە ڕاشکاوانە قسە بکەم. ئایا فرەحزبی لە کوردستان مانایەك بە ئازادییەکان دەبەخشێت، یان مانای ڕاستەقینەی ئازادییەکانی شێواندووە؟ ئایا ئازادیی ڕۆژنامەگەریی کوردستان ئەو بانکە زانیارییەیە کە زانیاریی دروست بداتە هاووڵاتیان

بۆ ئەوەی لەسەر سندوقی دەنگدان بزانێت دەنگ بە کام بەرنامەی حزب دەدات، یان ڕۆژنامەگەریی ئێمە تەنیا بۆ لایکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؟ ئایا بوونی ئازادیی ڕادەربڕین لە کوردستان بووەتە کەناڵێك بۆ ئەوەی لێکتێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان خەڵك و حکومەت دروست بکات، بۆ ئەوەی کێشەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکات، یان هۆکاری سەرەکییە بۆ دروستکردنی بۆشایی زیاتر لە نێوان خەڵك و حکومەتدا؟

سەبارەت بە بەرنامەکەی منیش کە ناوت لێنا «توند»، ئەم بەرنامەیە بەراورد بە هەڵەی حزبە سیاسییەکان توندە، ئەگەرنا ڕووداوەکان وەك خۆی بۆ نەوەکانی ئێستا دەگوازینەوە و دەبێت نەوەکانی ئێستا لەو هەڵە گەورانە ئاگادار بن کە حزبە سیاسییەکان بەناوی خەبات و شۆڕشەوە کردوویانە و دەیانەوێت نەوەکانی ئێستا پاداشتیان بداتەوە.

*** پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان باشتر بکرێت؟ ئایا بەدیلێك هەیە بتوانێت پرۆسە سیاسییەکە بەو ئاراستەیە ڕێك بخاتەوە کە بتوانێت ژێرخانێکی پتەو بۆ سیستمە دیموکراتییەکە دروست بکاتەوە؟**

- بە ڕای من ئاستەنگی سەرەکی لەبەردەم دروست نەبوونی ژێرخانێك بۆ ئەزموونی دیموکراتی لە کوردستان، خودی پەرلەمانی کوردستانە، لە هەموو وڵاتێك پەرلەمان سەرچاوەی شەرعییەت و دەرکردنی یاسا و سەروەریی یاسایە، دەپرسم: پەرلەمانی کوردستان ئەم کارانەی کردووە، یان هەر لەساڵی ١٩٩٢ و لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا، ئیرادەی دەنگدانی خەڵکی کوردستانی ژێرپێ نا و سیستمی خراپی پەنجا پەنجای ڕاگەیاند و یاسای بۆ دەرکرد، کە ئەمە خۆی وەرگرتنەوەی شەرعییەتە لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان، پاش ئەوەی پارتی و یەکێتی لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی بوونە یەك فراکسیۆن، بە ناوی «فراکسیۆنی کوردستانی» پەرلەمان دیسان بووە لاشەیەکی بێگیان و کۆبوونەوەکانی بوونە کۆبوونەوەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی، لە دوای ساڵی ٢٠٠٩ کە بە حیساب ئۆپۆزسیۆن دروست بوو، پەرلەمان بووە شوێنی فیکەلێدان و تەپڵ لێدان و شەڕکردن، خولی پێشووی پەرلەمانیش بینیمان چۆن کۆتایی هات و چۆن دادگای بەناو فیدراڵی بڕیاری دەرکرد و پەرلەمانەکەی هەڵوەشاندەوە. لەم چوارچێوەیەدا بە بۆچوونی من ئەم خولەی پەرلەمانیش لە خولەکانی دیکە باشتر نابێت و پەرلەمانی کوردستان شتێکی زیادە و زیانی هەیە و سوودی نییە و خەڵکیش لێی بێزار بووە. سەرنج بدە ماوەی زیاتر لە ساڵێکە ئەم پەرلەمانە لەکار کەوتووە. کوا خەڵکی کوردستان دەپرسن بۆ پەرلەمان کۆنابێتەوە؟ یان ئایا نەبوونی پەرلەمان بۆشاییەکی لە بەڕێوەبردنی ڕۆژانەی خەڵك دروست کردووە؟ بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە بیر لە دامەزراندنی ئەنجومەن بکرێتەوە، لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە هاوشێوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەڵام ژمارەیان کەم بێت و لە ٧-١٠ ئەندام تێپەڕ نەکات. بەڕاستی پەرلەمان بووەتە سەکۆیەك بۆ شەڕی دەسەڵات و ململانێی نادروستی حزبی لە کوردستاندا.

*** دیارە ڕات وایە، هەتا ئێستاش شەڕی دەسەڵات لە کوردستان کۆتایی نەهاتووە. ئایا حزبە سیاسییەکان تا چەند هەست دەکەن ڕۆڵیان وەك پێویست لە پرۆسە سیاسییەکەدا نەماوە؟**

- هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان، بێجگە لە گەیشتنە دەسەڵات بیر لە هیچ شتێکی دیکە ناکانەوە و، بەرنامەیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە نییە. لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیشدا، دروشمی هەموو حزبە سیاسییەکانمان بینی، سەرنج بدە، حزبە ئیسلامییەکان ئایینەکەیان وەلاوە نا، لە پێناوی پارە و دەسەڵات، بزووتنەوەی گۆڕان کە بانگەشەی بۆ گۆڕانکاری دەکرد و خۆی بە ڕابەری ئۆپۆزسیۆن دەزانی، ئێستا یەك کورسیی پەرلەمانی هەیە و کادر و سەرکردەکانی بۆ پلە و پۆست چوونە ناو حزبەکانی دەسەڵاتەوە. بە ڕاشکاوی دەڵێم هەمو حزبە سیاسییەکان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی سەردەمی حزبی سیاسی کۆتایی هاتووە. دەزانن خەڵك لێیان بێزار بووە، بەڵام ئەگەر بپرسین کە ئەوان دەزانن کۆتاییان هاتووە، بۆچی خۆیان هەڵناوەشێننەوە و ڕاینگەیەنن؟ بێگومان وەڵامەکەی ئەوەیە کە ئەگەر خۆیان هەڵوەشاندەوە، سەرکردەی ئەم حزبانە نازانن چی بکەن، بۆیە دەستیان بە حزبەکانیانەوە گرتووە بۆ ئەوەی بەشێکیان لە کێکی دەسەڵات و پارە بەر بکەوێت.

**ئێستا لە هەرێمی کوردستان سنوور بۆ دەسەڵاتەکانی «حزب، خێڵ، بنەماڵە» دانەنراوە و بە کردەیی ئەوان دەسەڵاتدارن**

**لەبەر ئەوەی ئەزموونی دیموکراتیی کوردستان ژێرخانێکی پتەوی نییە، کەلتووری دیموکراتی لە کۆمەڵگە ڕیشەی ڕۆنەچووەتە خوارەوە**

**دەبێت نەوەکانی ئێستا لەو هەڵە گەورانە ئاگادار بن کە حزبە سیاسییەکان بەناوی خەبات و شۆڕشەوە کردوویانە و دەیانەوێت نەوەکانی ئێستا پاداشتیان بداتەوە**

**هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان، بێجگە لە گەیشتنە دەسەڵات بیر لە هیچ شتێکی دیکە ناکانەوە و، بەرنامەیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە نییە**



**محەمەد ئیسماعیل**

سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان – سووریا بۆ گوڵان:

# ڕۆڵی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ یەکڕیزی و یەکهەڵویستیی لایەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بەرز دەنرخێنرێت

**بۆ ئەوەی بزانین کۆنفرانسی یەکریزی و یەکهەڵوێستیی لایەنە کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، تا چەند سەرکەوتوو بوو، ڕۆڵی سەرۆك بارزانی لە یەکریزیی نێوماڵی کورد چەند گرنگە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ محەمەد ئیسماعیل، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان - سووریا و سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی - سووریا ئەنجام دا.**

*** کۆنفرانسی یەکریزی و یەکهەڵوێستیی کوردانی ڕۆژئاوا بە ئاهەنگگێڕان کۆتایی هات. ئایا ڕۆڵی سەرۆك بارزانی لە دروستبوونی ئەم یەکریزی و یەکهەڵوێستییە تاچەند گرنگە، بەتایبەتی کە دوای کەوتنی ڕژێمی بەشار ئەسەد دوو جار مەزڵووم عەبدی سەردانی هەولێری کردووە؟**

- کۆنفرانسی یەکریزی و یەکهەڵویستیی کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان کە لە قامیشلو بەسترا، ئەنجامێکی باشی بەدەست هێنا، کە ئەوە چەندین ساڵە هیوا و ئومێد و داواکاریی جەنابی سەرۆك بارزانی بوو، زۆر هەوڵی بۆ دا و زۆر کاریشی بۆ کرد، ئەمجارەش هەر لە دەستپێشخەریی جەنابیان بوو کە داوای کرد، هەموو ناکۆکی و بیر و ململانێیە سیاسییەکان بەلاوە بنێن، تاوەکو لەسەر ئەو خاڵ و کارانە بگەینە یەك ئامانج و یەك هەڵویست کە لە پێناو ماف و بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی ڕۆژئاوای کوردستان بێت.

ئەمریکا و فەرەنسا و ئەڵمانیاش لەم لەیەك نزیکبوونەوە و سەرکەوتنی کۆنفرانسەکەدا هاوکار بوون. هەروەها هاتنی مەزڵووم عەبدی بۆ لای سەرۆك بارزانی، کە دوو جار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە، زیاتر بووە هەوێنی سەرکەوتنی ئەو یەکریزی و یەکهەڵویستییەی کوردانی ڕۆژئاوا، بۆ ئەوەی داواکاری و ئامانجەکانی گەلەکەمان لە چوارچێوەیەك ڕێك بخەین و شاندێك پێك بێت بۆ سەردانی شام و گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی کاتیی سووریا، بۆ بەدەستهێنانی داواکارییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، کۆنفرانسەکە سەرکەوتوو بوو، هەوڵ و کارێکی دیرۆکی بوو بۆ میللەتی ڕۆژئاوای کوردستان. ئامادەبوونی دکتۆر حەمید دەربەندی وەکو نوێنەری سەرۆك بارزانی و گەیاندنی پەیامی سەرۆك بارزانی لە وتارێکدا بە کۆنفرانسەکە، پەیامێکی بە ئامادەبووان و گەلی ڕۆژئاوای کوردستان گەیاند، کە وای کرد، هەموو پارت و لایەن و حزبە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەناو چوارچێوەیەکی یەکریزی و یەکهەڵویستی کۆبکاتەوە و بڕیار و داواکارییەکانی گەلی ڕۆژئاوای تێدا بخەنەڕوو، بۆ ئەوەی لە ڕێگای شاندێکەوە کار بۆ گفتوگۆ لەگەڵ شام بکەن بۆ بەدەستێهانی مافەکانمان..

ئەو خاڵ و داواکارییانەی لە کۆنفرانسەکە هەموو لایەن و پارتە کوردییەکان لەسەری ڕێك کەوتن، هەمووی لەسەر مافی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کورد بوو، کە بۆ دوو بەش دابەش کراون: بەشی یەکەمی بریتی بوو لەوەی چۆن تەماشای بارودۆخی سیاسیی سەرتاسەری سووریا دەکەن و ڕۆڵی کورد تێدا چۆن بێت، بەشی دووەمیش بریتی بوو لە مافەکانی گەلی کورد و کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان داواکارییەکانیان چییە، بۆیان بێتەدی و لەسەر هەموو ئەم داواکارییانەش لەگەڵ حکومەتی سووریا گفتوگۆ بکرێت.

لە کۆنفرانسەکەدا تەئکید کرایەوە و هەموو کاتێکیش گوتراوە، سەرۆك بارزانی سەرۆکی نەتەوەیی کورد و مەرجەعی هەموو گەلی کورد و کوردستانە، هەر ئەو بیروباوەڕ و هەوڵەش بوو، وای کرد کە کۆنفرانسەکە سەرکەوتوو بێت و بگەنە یەکریزی و یەکهەڵویستی لەسەر مافی نەتەوەیی و نیشتمانی لە ڕۆژئاوای کوردستان.

سەرۆك بارزانی لە هەموو شوێنێکی ناوچەکە و لەناو گەلی کورد، جگە لەوەی ڕۆڵی سەرەکی و بوێرانە بۆ ئاشتی و گفتوگۆ دەبینێت، هاوکات کەسایەتی و لێهاتوویی و قورسایی جەنابیان وەکو

**ئەمریکا و فەرەنسا و ئەڵمانیاش لەم لەیەک نزیکبوونەوە و سەرکەوتنی کۆنفرانسەدا هاوکار بوون**

**هاتنی مەزڵووم عەبدی بۆ لای سەرۆک بارزانی، کە دوو جار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە، زیاتر بووە هەوێنی سەرکەوتنی ئەو یەکریزی و یەکهەڵویستییەی کوردانی ڕۆژئاوا**

**ئەو ڕێککەوتنەی کە مەزڵووم عەبدی لەگەڵ ئەحمەد شەرع ئەنجامی داوە، لەو چوارچێوەیەدا نییە بۆ بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد و ڕۆژئاوای کوردستان بێت**

پێشمەرگە و شۆڕشگێڕی بە هەند وەردەگیرێت و لە ئاستی نێودەوڵەتیش جێگا و گرنگی و کاریگەریی گەورەی لە ڕووی پێکەوەژیان و ئاشتی و لێبوردەیی و مرۆڤدۆستی هەیە.

*** نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم مانگەدا و لە میانەی ئامادەبوونی لە لووتکەی ئەنتالیا لە تورکیا، لەگەڵ ئەحمەد شەرع سەرۆکی کاتیی سووریا و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆك کۆماری تورکیا کۆبووەوە. بێگومان یەکێك لە تەوەرە سەرەکییەکانی گفتوگۆیەکەیان پرسی کوردی سووریا بووە. ئایا تا چەند ئەم دیدارانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ چارەنووسی کوردانی ڕۆژئاوا کاریگەرییان هەیە؟**

- ئەو دیدارانەی نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان چ ئەوەی لەگەڵ ئەحمەد شەرع چ ئەوەی لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە ئەنتالیا و دیداری مەسرور بارزانی لەگەڵ ئەسعەد شێبانی وەزیری دەرەوەی سووریا لە داڤۆس، هەموو ئەوانە زۆر گرنگ و کاریگەر بوون بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی سەر بکەوێت و لە ڕۆژئاوای کوردستانیش گەلی کورد بە ماف و داواکارییەکانیان بگەن. ئەو دیدارانە بوونە هەوێن و هەوڵێکیش کە حزب و لایەنەکانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بە دەستپێشخەریی سەرۆك بارزانی هەموو کێشە و ململانێیەکانی نێوانیان بەلاوە بنێن و، لە کۆنفرانسی قامیشلو، یەکڕیزی و یەکهەڵویستی لەسەر ماف و بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیی و نیشتمانیی میللەتی کورد لە سووریای تازەدا بەدەست بهێنن. لە لایەکی دیکەوە هەموو دیدارە ناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان کە لەگەڵ کەسایەت و سەرکردەی وڵاتان ئەنجام دەدرێت چ ئەوانەی لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و چ ئەوانەی لە ناوچەکە و وڵاتانی کەنداو و عەرەبی، سەرۆك بارزانی و نێچیرڤان بارازنی و مەسرور بارزانی لە گفتوگۆکانیاندا خاڵێکی هەرە گرنگیان دەخەنەڕوو، ئەویش ماف و هەقی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردە بەگشتی. لە ئێستادا لەو خاڵانەدا داواکانیان زیاتر جەختکردنەوەیە لە بەدەستهێنانی مافی میللەتی کورد و ڕۆژئاوای کوردستان بەتایبەتی لەو سیستەم و حکومەتە تازەیەی لە سووریا هاتووەتە سەر دەسەڵات. هەموو ئەوانە ئەوەمان پێ دەڵێت، کە گەلی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان لەژێر سایەی هێز و بیرمەندی و ڕێبازی بارزانیی نەمر خەمخۆری خۆیان هەیە، کە ئەوانیش ماڵباتی بارزانین، هەر بۆیەش دەبینین ئێستا نەك لە ناوچەکە، بەڵکو لە هەموو دنیا گوێ لە داواکارییەکانی نەتەوەی گەلی کورد دەگیرێت و پشتگیریی باشی بەدەست هێناوە.

*** لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆك بارزانی نەورۆزی ئەمساڵی کوردانی هەندەران کە لە ئەڵمانیا بەڕێوەچوو، کرایە بۆنەیەك بۆ پشتگیری لە کوردانی ڕۆژئاوا، وەك لە ڕێوڕەسمەکە بینیمان لە هەرچوار پارچەی کوردستانەوە پشتگیریی خۆیان بۆ ڕۆژئاوا دەربڕی. ئایا چۆن سەیری ئەو هەوڵانە بۆ پشتگیریی ڕۆژئاوا دەکەن؟**

- جەنابی سەرۆك بارزانی لە ئاستی سیاسی و دیپلۆماسی و نێودەوڵەتی هەوڵ دەدات و پشتگیریی قەزیەی کوردی و ڕۆژئاوای کوردستان دەکات، بۆ گەیشتن بە ئامانج و مافەکانیان، هاوکات دیاسپۆرای کوردی لە ئەوروپا هەوڵێکی باش دەدات لە بواری ڕێکخستنی گەلی کورد و لە نەورۆزی ئەمساڵدا بە ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆك بارزانی و نوێنەرایەتیی جەنابیان دیاسپۆرای کوردی نەورۆزێکی جەماوەری زۆر گەورەی لە شاری کۆڵن لە وڵاتی ئەڵمانیا ساز دا، کە بووە جێگای خۆشحاڵیی هەموو تاکێکی کورد لە هەر شوێنێکی دنیادا بێت و ئاڵای کورد و کوردستان هەڵکرا و پارتی دیموکراتی کوردستان - سووریا بەوپەڕی دڵسۆزییەوە پشتگیری لەو ئاهەنگە نەتەوەییە کرد، پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە جەنابی سەرۆك بارزانی لەسەر ڕێبازی بارزانی و کوردایەتی کار و هەوڵێکی نەپساوەی داوە، بەتایبەتی لەو کاتەی کە تروسکایی نەتەوەیی کوردستان لە ڕۆژئاوا دەرکەوت و هەر بە فەرمانی جەنابیان بوو کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هاتنە کۆبانێ و ڕزگاریان کرد لە دەستی تیرۆریستانی داعش و لەو کات و ساتەش کە ڕژێمی بەعس و بەشار ئەسەد لە سووریا کەوت و هێزی ئەحمەد شەرع هاتووە، ڕۆژانە سەرۆك بارزانی پەیوەندی بە کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکات بۆ یەکڕیزی و یەك ئامانجی کە مافی نەتەوەیی و نیشتمانی باڵای گەلی

**سەرۆک بارزانی لەهەموو شوێنێکی ناوچەکە و لەناو گەلی کورد، لە ئاستی نێودەوڵەتییش جێگا و گرنگی و کاریگەریی گەورەی لە ڕووی پێکەوەژیان و ئاشتی و لێبوردەیی و مرۆڤدۆستی هەیە**

**تا دوا قۆناغ خۆمان هەر بە ئۆپۆزیسیۆن نامێنین، بەڵکو دەست درێژ دەکەین بۆ گفتوگۆ و دیالۆک لەگەڵ حکومەت و دەسەڵاتداریەتی شام بۆ بەدەستهێنانی مافی میللەتی کورد**

**ئێمە وا سەیری شەرع ناکەین کە دوژمنی کوردە، بەڵام لە بیر و مێشکی ئەوان (ئەحمەد شەرع) دەرناکەوێت شتێک وەکو قەزیەی کورد و دەستەبەرکردنی مافی گەلی کورد هەبێت**

**پێویستە شام بزانێت کە ڕۆژئاوای کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و پاش ئەو هەموو ساڵە شۆڕش و دژایەتیی ڕژێمی بەعس لە سووریا، ئەمڕۆ لە ڕێگای دانوستاندن پێویستە بە مافی ڕاستەقینەی خۆی بگات**

کوردستانە هەر لەو هەوڵانەوە دیتمان کۆنفرانسی قامیشلو بۆ کۆکردنەوەی لایەنە کوردییەکان و بۆ یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێناوە.

*** مەزڵووم عەبدی لە دوای کەوتنی ڕژێمی بەشار ئەسەد، سەردانی دیمەشقی کرد و لەگەڵ ئەحمەد شەرع ڕێککەوتنێکیان واژۆ کرد. ئایا بە ڕای ئێوە ئەم حکومەتەی سووریا بە سەرۆکایەتیی شەرع ئومێدی ئەوەی لێدەکرێت مافەکانی کورد لە سووریا دابین بکات؟**

- ئەو ڕێککەوتنەی کە مەزڵووم عەبدی لەگەڵ ئەحمەد شەرع ئەنجامی داوە، لەو چوارچێوەیەدا کورد لەو ناوچانەدا تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە و پێویستە مافەکانی بەتایبەتی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ دەستەبەر بکرێت. لەلایەکی دیکەوە تا دوا قۆناغ خۆمان هەر بە ئۆپۆزیسیۆن نامێنین، بەڵکو دەست درێژ دەکەین بۆ گفتوگۆ و دیالۆك لەگەڵ حکومەت و دەسەڵاتداریەتی شام بۆ بەدەستهێنانی مافی میللەتی کورد، هاوکات ئێمە وا سەیری شەرع ناکەین کە دوژمنی کوردە، بەڵام لە بیر و مێشکی ئەوان (ئەحمەد شەرع) دەرناکەوێت شتێك وەکو قەزیەی کورد و دەستەبەرکردنی مافی گەلی کورد هەبێت، بەڵکو لە هەموو کات و قسەکانی شەرع تەئکید لە یەك



نییە بۆ بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد و ڕۆژئاوای کوردستان بێت، بەڵکو ڕێککەوتنێکی سەربازی و ئەمنی بووە لە چوارچێوەی سووریادا و ئەو خاڵ و بەندانەی ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، تەنیا خاڵی گشتین و پەیوەندی بە چارەنووسی میللەتی کوردەوە نییە. مەزڵووم عەبدی خۆی نەکردووەتە بەرپرسی سیاسیی کوردان، بەڵکو خۆی وا نیشان داوە، کە بەرپرسێکی سەربازیی ئیدارییە، ئەگەرچی لە کۆنفرانسی قامیشلو کە بۆ یەکڕیزی و یەکهەڵویستی کوردان بوو، یەکێك لە داواکاریی لایەن و پارت و حزبە کوردییەکان کە لە ڕاسپاردەکان هاتووە، بریتییە لە گفتوگۆکردن لەگەڵ شام بۆ بە دەستهێنانی مافی میللەتی کورد و لەو مافەشدا کە جزیرە و کۆبانێ و عەفرین و...تاد، وەکو هەرێمێك بێت لە ڕووی ئیداری و سیاسی، چونکە میللەتی پارچەیی سوریا دەکاتەوە و لە ئێستادا کە تەنیا چوار مانگ و چەند ڕۆژێکە دیتمان پەلاماری عەلەوییەکانیان دا و کۆمەڵکوژیان کردن و لەو چەند ڕۆژەی ڕابردووش پەلاماری دروزەکانیشیان دا، بۆیە ئەمانە ئەوەمان پێ دەڵێن زۆر کات و ماوە هەیە کە بڕیار لەسەر چارەنووس و دوارۆژی میللەتی کورد بدرێت، وەکو ڕۆژئاوای کوردستان، کە لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا بگاتە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کە ئەمە ئومێد و هەوڵ و کۆششی چەندین ساڵی کوردە. هەر بۆیە پێویستە شام بزانێت کە ڕۆژئاوای کوردستان وەکو میللەتی کورد تایبەتمەندیی خۆی هەیە و پاش ئەو هەموو ساڵە شۆڕش و دژایەتیی ڕژێمی بەعس لە سووریا، ئەمڕۆ لە ڕێگای دیالۆگ و دانوستاندن پێویستە بە مافی ڕاستەقینەی خۆی بگات.

موزەفەر فەیلی
نووسەر و کەسایەتیی کوردی فەیلی بۆ گوڵان:

# فەیلییەکان بە هۆکاری ناسنامەی نەتەوەیی ڕووبەڕووی زوڵم و ستەم و جینۆساید بوونەوە



## زیاتر لە ٢٢ هەزار لاو و پتر لە یەک ملیۆن کوردی فەیلی بۆ سنوورەکانی ئێران ڕاگوێزران

**دەستپێکی شاڵاوی کۆمەڵکوژی و سڕینەوەی ناسنامەی کوردانی فەیلی لە عێراقدا مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە فەیلییەکان بەهۆی کوردبوونیان و بەشداریکردنیان لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و پاڵپشتیکردنیان بۆ مستەفا بارزانی و شۆڕشی کورد، کەوتنە بەر دڕندەترین شاڵاوی کۆمەڵکوژی و سڕینەوەی ناسنامە، شاڵاوێك کە بە هەموو پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دەچێتە قاڵبی جینۆسایدەوە. لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ موزەفەر فەیلی سەرنووسەری گۆڤاری «دۆزینەوە» و نووسەری کتێبی «فەیلییەکان و ململانێی سیاسی» ساز دا.**

*** بەو پێیەی شرۆڤە و خوێندنەوەی تایبەتت بۆ کەیسی کوردانی فەیلی کردووە، ئایا سەرەتا دەکرێت بزانین تا چەند ئەو تاوانکارییەی دەرهەق بە کوردانی فەیلی کراوە، دەچێتە قاڵبی جینۆسایدی نێودەوڵەتییەوە؟**

- پرۆسەی جینۆساید بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە و فراوان بەسەر فەیلییەکان لە عێراقدا جێبەجێ کراوە، ئەم کەیسە کەم باس دەکرێت و خەریکە هەر فەرامۆش دەکرێت، تا ئێستاش بەشێوەی ڕوون و ئاشکرا باس لە کێشەی فەیلییەکان لە عێراقدا نەکراوە، کە بە هەموو عورف و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و مافی مرۆڤ، کەیس و کێشەکەیان دەچێتە قاڵبی جینۆسایدێکی زۆر دڕندانە و نێودەوڵەتییەوە، هەرچەندە ئەم کۆمەڵکوژی و جینۆسایدە لە عێراقدا مێژوویەکی ڕەشی هەیە، بەڵام گەورەترین شاڵاو دژی فەیلییەکان لە سەرەتای هەشتاکانەوە دەستی پێکرد، لە عێراقدا ڕووبەڕووی بێسەروشوێنکردنی پتر لە دووسەد هەزار لاو لە تەمەنی نێوان (١٨-٤٠) ساڵ و ڕاگوێزرانی نزیکەی یەك ملیۆن کەس بۆ سنوورەکانی ئێران و لە سێدارەدانی هەزاران کەس، هەروەها زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان و لێوەرگرتنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی لە فەیلییەکان و هەموو بەڵگەنامە و تەنانەت بڕوانامەی خوێندن و تێکدان و بڵاوەپێکردنی پەیوەندیی گەرمی خانەوادەیی و دەستبەسەرداگرتنی هەموو ماڵ و موڵکیان بە خانوو و زەوی و ئۆتۆمبێل و پارەی ناو بانکەکانیشەوە، ئەمە وێڕای تەعریبکردنی ناوچەکانی باب و باپیرانیان و دەیان زوڵم و زۆرداریی دیکە، کە بەڕاستی بووە هۆکاری لاوازکردن و تێکدانی ئەم پێکهاتە و بەشە گرینگە لە وڵاتەکەماندا. ئەم جینۆسایدەش مێژوویەکی ڕەشی دووروودرێژی لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا هەیە.

*** وەکو ئاماژەت پێدا جینۆسایدی کوردانی فەیلی مێژوویەکی ڕەشی لە عێراقدا هەیە، ئایا بۆچی بە درێژایی مێژوو لە عێراقدا کوردی فەیلی کەوتوونەتە بەر ئەم هێرشە کۆمەڵکوژی و جینۆسایدە؟**

- بە دەرکەوتنی هزری قەومیی عەرەبی، ڕژێمی فاشیی عێراق بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٣٦) لە کاتی حکومەتی «یاسین الهاشمی»کە ڕەشید عالی گەیلانی وەزیری ناوخۆی ئەوکاتە بوو، دەستیان بە ڕاگوێزانی کۆمەڵێك فەیلی کرد، کە بە (حبل — حبل) بە ناوبانگە، ئەوەش بەهۆی بەستنی هەموو ڕاگوێزراوان بە پەت و یەك لە دوای یەك وڕاپێچکردنیان بەرەو سنوورەکانی ئێران. هەروەها بە زۆر ڕاپێچکردنی هەزاران خێزانی فەیلی لە گوند و ناوچەکانی (مەندەلی) لە ساڵی (١٩٤٣) لە خاکی باب و باپیرانیان بە بیانووی ئەوەی کە لە ناوچەی پشتکۆ هاتوون. ئەوە بوو دوای لەناوچوونی حکومەتی (عەبدولسەلام عارف) و براکەی (عەبدولڕەحمان عارف) لە ساڵانی (١٩٦٨-١٩٦٩) و لە سەرەتای هاتنەسەر کورسیی فەرمانڕەوایی بەعسییەکان لە عێراق نزیکەی (٣٠٠) خێزان بۆ ئێران ڕاگوێزران، هەروەها نزیکەی (٢٠٠) کەسیان لە ناوچەی (بەمۆ) نزیك «دارستانی سیدخان لە خانەقین» دەرکرد. دوای ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ فەیلییەکان لە شاری عەمارە ڕێپێوانیان ساز دا، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووانی

**دوای ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ فەیلییەکان لە شاری عەمارە ڕێپێوانیان ساز دا، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووانی ڕێپێوانەکە بێسەروشوێن کران**

**پەیوەندییەکی ڕۆحی لە نێوان فەیلییەکان و مەلا مستەفا بارزانی و هەستی کوردایەتیدا هەبووە، هەر لەبەر ئەم پەیوەندی و ڕۆڵە بوو، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و ساڵانی دواتریش، شاڵاوی جینۆسایدی فەیلییەکان دڕندانەتر بووەوە**

ڕێپێوانەکە بێسەروشوێن کران، هەروەها لە ساڵی (١٩٧٠) حکومەتی عێراق لە ترسی ئەوەی نەوەک شاری کوت شۆڕشی کورد بیانگرێتەوە و ئەم ناوچە کوردنشینانەشیان لەدەست بچن، هەستا بە ڕاگوێزانی (٤٠,٠٠٠) لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بۆ ئێران. هەروەها لە ساڵی (١٩٧١) دەست کرا بە بزرکردنی هەزاران کەس و ڕاگوێزرانی پتر لە (٦٥،٠٠ تاکو ٧٥،٠٠٠) کەس لە ناوچەکانی نیشتەجێیان بۆ ئێران، هەر لەو ماوەیەدا دەست بە ڕووخاندنی ماڵ و شوێنیان کرا، هەروەها هەڵمەتی لێپرسینەوە لەسەر ماڵ و شوێنی کاریان کرا. ئەو سەردەمە لە لایەن دەزگاکانی ئەمن و سیخوڕی لە هەموو شوێنێك داوای ناسنامە دەکرا. لە ساڵی (١٩٧٣ تا ساڵی ١٩٧٥) ژمارەیەکی زۆریان ئاوارەی ئێران و ناوچە جۆربەجۆرەکانی (دیوانیە) و (ناسریە) کران. ڕاگوێزرانی ساڵی ١٩٧٥ دوای ڕێککەوتننامەی شەشی ئازار لە نێوان عێراق و ئێران بۆ هەزاران خانەوادەی کورد لە باکووری عێراق و ناوەڕاست و باشوور دەستی پێکرد، هەموو ئەم تاوانکاری و جینۆسایدەش بە هۆی کوردبوون و ڕێچکەی مەزهەبی شیعەیی و هەستی شۆڕشگێڕانەی فەیلییەکان بووە.

*** زۆر باسی نزیکی و خۆشەویستیی کوردانی فەیلی بۆ مەلا مستەفا بارزانی و خەباتی کوردایەتی دەکرێت. ئایا ڕاگوێزرانی ساڵی ١٩٧٥ -١٩٨٠ دەرهەق بە کوردانی فەیلی بۆ ئەو خۆشەویستی و ڕۆڵەیان دەگەڕایەوە؟**

-پەیوەندییەکی ڕۆحی لە نێوان فەیلییەکان و مەلا مستەفا بارزانی و هەستی کوردایەتیدا هەبووە، هەر لەبەر ئەم پەیوەندی و ڕۆڵە بوو، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و ساڵانی دواتریش، شاڵاوی جینۆسایدی فەیلییەکان دڕندانەتر بووەوە. ڕاگوێزرانی هەزاران خێزانی کورد لە ناوچەکانی «کەرکووک و خانەقین و مەندەلی و قزربات» لە ساڵی (١٩٧٥) بە بیانووی بەشداریکردنیان لە شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستانی عێراق دەستی پێکرد. لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی (١٩٨٠/٤/٤) پتر لە (٧٠٠٠) لاوی فەیلی بزر کران و هەتا ئێستا بێسەروشوێنن و ئایندەیان دیار نییە، هەروەها لەم ساڵەدا ڕاگوێزرانی (١٢٠,٠٠٠) کوردی فەیلی بۆ ئێران کە بە شێوەیەکی بەربەرییانە ئەنجام درا، بە گەورەترین کارەساتی نامرۆڤانە لە مێژووی ڕاگواستن و بزرکردن لە قەڵەم دەدرێت.

هەر لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٠ ژمارەی ڕاگوێزراوان گەیشتە زیاتر لە (٤٠٠،٠٠٠) کەس، ئەمەش بە پێی بڵاوکراوەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە جیهاندا کە لە ساڵی ١٩٩٤ بڵاو کرایەوە. لە ساڵی (١٩٨٠) تا ساڵی (١٩٨٣) بە هەمان شێوە بەشێك بۆ ئێران و بەشێکی دیکە بۆ خوارووی عێراق ئاوارە کران. زۆربەی پرۆسەی ڕاگوێزران و دەرکردن لە ساڵی ١٩٨٠ ئەنجام درا و تا ساڵی ١٩٩٦ بەردەوام بوو، ژمارەی قوربانیانی ئەم ئۆپەراسیۆنە گەیشتە یەك ملیۆن ڕاگوێزراو بۆ ئێران، ئەمەش بەپێی ڕاپۆرتی ئاماری لێژنەی ئازادکردنی دەستگیرکراوان و دەرکراوانی فەیلی لە لەندەن، کە لە لایەن بەڕێز «د. کەمال قەیتولی» سەرۆکی لێژنەی ئازادکردنی بەندکراو و دەستگیرکراوان لە عێراق، لە بەیاننامەیەکی تایبەت بۆ مەبەستی ئازادکردنی بەندکراوەکان و گەڕانەوەی دەرکراوانی فەیلی لە ڕێکەوتی (١٩٩٦/١٠/٢٤) پێشکەشی سەرۆك بارزانی کردووە.

*** وێڕای ڕاگواستن و کوشتن و بێسەروشوێنکردنی کوردانی فەیلی لە عێراقدا، حکومەتی بەعس لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو چەندین بڕیاری زاڵمانەی دەرهەقیان دەرکرد، ئایا ڕەشترینی ئەو بڕیارانە کامانە بوون؟**


- دەیان بڕیاری زاڵمانەی دژ بە فەیلییەکان دەر کران. یەکێکیان بڕیاری ژمارە (١٨٠) بوو کە لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس لە ڕێکەوتی (١٩٨٠/٢/٣) بۆ مەبەستی نوێکردنەوە و پێدانی ڕەگەزنامە دەریکرد، هەروەها دوای چوار ڕۆژ لە دەرکردنی بڕیارکە بڕیارێکی دیکە بە ژمارە (٢٠٠) لە ڕێکەوتی (٧-٢-١٩٨٠) دەرکرا بە مەبەستی ڕاگرتنی نوێکردن و پێدانی ڕەگەزنامە و لێوەرگرتنەوەی ڕەگەزنامە و بزرکردن و ڕاگوێزرانیان، بڕیاری شووم و ڕەشی ژمارە (٦٦٦) لە ڕێکەوتی (١٩٨٠/٥/٧) دەرچوو. بڕیاری ژمارە (٤٧٤) لە (١٩٨١/٤/١٥) دەرکرا بۆ داپچڕانی ژن لە پیاو و هەروەها باوك لە منداڵان و دایك لە منداڵ و بەگشتی تێکدانی خانەوادەکان، هەروەها گلدانەوە و زیندانیکردنی فەیلییەکان لە ناو بەندیخانەکانی «نقرة سلمان و ابو غريب و الحاكمية» کە باس

**لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی (١٩٨٠/٤/٤) پتر لە (٧٠٠٠) لاوی فەیلی بزر کران و هەتا ئێستا بێسەروشوێنن و ئایندەیان دیار نییە**

**ڕاگوێزرانی (١٢٠,٠٠٠) کوردی فەیلی بۆ ئێران کە بە شێوەیەکی بەربەرییانە ئەنجام درا، بە گەورەترین کارەساتی نامرۆڤانە لە مێژووی ڕاگواستن و بزرکردن لە قەڵەم دەدرێت**

**زۆربەی پرۆسەی ڕاگوێزران و دەرکردن لە ساڵی ١٩٨٠ ئەنجام درا و تا ساڵی ١٩٩٦ بەردەوام بوو، ژمارەی قوربانیانی ئەم ئۆپەراسیۆنە گەیشتە یەک ملیۆن ڕاگوێزراو بۆ ئێران**

**ئەگەرچی فەیلییەکان بەشدارییەکی کارایان لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس هەبوو، کەچی لە لایەن عێراق و کوردستانیشەوە فەرامۆش کران و تا ئێستاش کێشەی دەرکردنی ڕەگەزنامەیان هەیە**



نص القرار المرقم ٤٧٤ في ١٥/٤/١٩٨١

استنادا الى أحكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٥/٤/١٩٨١ مايلي :-

١- يصرف للزوج العراقي المتزوج من امراة من التبعية الايرانية مبلغ قدره اربعة آلاف دينـار اذا كان عسكريا والفان وخمسمائة دينارا اذا كان مدنيا في حالة طلاق زوجته أو في حالة تسفيرها الى خارج القطر.

٢- يشترط في منح المبلغ المشار اليه في الفقرة (١) من هذا القرار ثبوت حالة الطلاق او التسفيربتأييد من الجهات الرسمية المختصة واجراء عقد زواج جديد من عراقية.

نص كتاب مجلس قيادة الثورة – مكتب امانة السر– السري والشخص ٢٤٦٩/١٢/٣١ في ٢٢/٤/١٩٨١

نشير الى قرار مجلس قيادة الثورة المرقم ٤٧٤ في ١٥/٤/١٩٨١.

تقرر مايلي :-

١- يصرف المبلغ المشار اليه في القرار اعلاه للمتزوج من ايرانية قبل نفاذ القرار المذكور ممن يبادر الى طلاق زوجته وعدم العودة لمطلقته ولايصرف المبلغ في حالة الزواج من ايرانية بعد نفاذه ولو بادر بتطليقها بعد ذلك.

٢- عند ايقاع الطلاق تقوم وزارة العدل باشعار وزارة الداخلية لتقوم الاخيرة من جانبها بتسفير المطلقة المذكورة الى خارج القطر.

٣- يلزم الشخص الذي استفاد من قرار مجلس قيادة الثورة اعلاه بعدم الزواج ثانية من ايرانية وفي حالة زواجه يسترد منه كافة المبلغ.



بسم الله الرحمن الرحيم

رقم القرار / ٢٠٠
تاريخ القرار /٧/٢/١٩٨٠

مجلس قيادة الثورة

قرار

استنادا الى أحكام الفقرة (آ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتأريخ ٧/٢/١٩٨٠ ما يلي :-

١ – لا يسمح للاجنبي الذي اقام في العراق قبل نفاذ هذا القرار، او يقيم فيه مدة خمس سنوات، الاستمرار في اقامته لأي سبب كان، ولوزير الداخلية، بناء على مقتضيات المصلحة العامة وباقتراح من الجهة الرسمية المنتفعة، تمديد اقامة الاجنبي مدة لا تزيد على ثلاث سنوات اخرى.

٢ – لا يعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القرار.

٣ – لوزير الداخلية اصدار التعليمات لتسهيل تنفيذ هذا القرار.

٤ – ينشر هذا القرار في الجريدة الرسمية، ويتولى وزير الداخلية تنفيذه.

صدام حسين
رئيس مجلس قيادة الثورة



بسم الله الرحمن الرحيم

رقم القرار / ٦٦٦
تاريخ القرار /٧/٥/١٩٨٠

مجلس قيادة الثورة

قرار

استنادا الى أحكام الفقرة (آ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتأريخ ٧/٥/١٩٨٠ ما يلي :-

١ – تسقط الجنسية العراقية عن كل عراقي من اصل اجنبي اذا تبين عدم ولائه للوطن والشعب والاهداف القومية والاجتماعية العليا للثورة.

٢ – على وزير الداخلية ان يأمر بابعاد كل من اسقطت عنه الجنسية العراقية بموجب الفقرة (١) ما لم يقتنع بناء على اسباب كافية بأن بقاءه في العراق أمر تستدعيه ضرورة قضائية او قانونية او حفظ حقوق الغير الموثقة رسميا.

٣ – يتولى وزير الداخلية تنفيذ هذا القرار.

صدام حسين
رئيس مجلس قيادة الثورة

لەوە دەکرێت کە هەندێك لە دەزگا تایبەتی و سەربازییەکانی ڕژێمی بەعسی زاڵم هۆکاری گلدانەوەی گەنجانی فەیلی نێوان ساڵانی (١٨-٤٠) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەکو کەرەستەی زیندوو بۆ تاقیکردنەوەکانی سەربازی لە بواری چەکی کیمیایی و بایۆلۆژی بەکار هاتوون. ئەم جینۆسایدەش سەرەتایەك بوو بۆ جینۆسایدی پێکهاتەکانی دیکەی نەتەوەی کورد، ئەوە بوو لە ساڵی (١٩٨٣) نزیکەی (٨٠٠٠) بارزانی بزر کران و لە ساڵی (١٩٨٨) زیاتر لە (١٨٣,٠٠٠) گەرمیانی بێسەروشوێن کران، هەروەها لە هەمان ساڵ (١٩٨٨) شاری هەڵەبجە کیمیاباران کرا و زیاتر لە (٥٠٠٠) کورد تێیدا شەهید کران، بە شێوەیەکی گشتی شاڵاوی بزرکردن و جینۆساید و ڕاگواستن و کوشتنی فەیلییەکان تاکو سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٠ گەیشتە زیاتر لە ٤٠٠,٠٠٠ کەس و نزیکەی (٢٢,٠٠٠) بزرکراو.

*** دوورخستنەوە و داگیرکردنی ماڵ و سامانی کوردانی فەیلی لە دوای ساڵی ١٩٨٠ لە ناو جەرگەی بەغدا و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە بەردەوام بوو، لەوێ چی ڕوویدا؟**

- بزرکردن و جینۆساید و ڕاگوێزرانی خەڵکی بێتاوانی فەیلی لە ناوچەکانی باب و باپیرانیان بە زۆر و بە دڕندەترین شێوە، کە پتر لە بەغدا لە «شارع الکفاح، مدینة جمیلة، مدینة الثورة، مدینة الحریة، مدینة البیاع و العطیفیة...»بوو، هەروەها لە شارەکانی «مەندلی، خانەقین، زرباتییە، جەلەولا، کوت، نوعمانییە، حەی بەدرە، عەلی غەربی و...هتد) هاتە ئەنجامدان، لە ڕێکەوتی (١٩٨٩/٢/٨) پتر لە (٥٠٠) خێزانی فەیلی لە (ملعب شعب)ی بەغدا بزر کران، ڕژێمی بەعسی تینووی کوشتن و زوڵم و زۆرداری بوو، بۆیە دیسان لە ڕێکەوتی (٢٠-١٩٩٢/٩/٢٧) پتر لە (٢٠٠) خێزانی فەیلی لە ناوچەی خانەقین ڕاگوێزران و هەروەها لە مانگی ئازاری ساڵی (١٩٩٥) سەدان خێزان لە پارێزگاکانی کەرکووك و دیالە و ناوچەی خانەقین ڕاگوێزران بۆ ئێران. لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق ئەگەرچی فەیلییەکان بەشدارییەکی کارایان لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس هەبوو، کەچی لە لایەن عێراق و کوردستانیشەوە فەرامۆش کران و تا ئێستاش هێشتا کێشەی دەرکردنی ڕەگەزنامەیان هەیە.

# پیسکردنی ژینگە به ڕووناکیی دەستکرد

چەمکی پیسبوون بە ڕووناکی، وەك چەمك لە هەشتاکانی سەدەی بیستەوە هاتە نێو باسە ژینگەییەکانەوە و بە تێپەڕبوونی کاتیش هەتا ئەمڕۆ قسە و باسی زیاتری لەسەر کراوە و دەکرێت، کە بە پێناسەیەکی ساکار بریتییە لە هەبوونی لەڕاددەبەدەری هەر ڕووناکییەکی دەستکرد لە شەواندا، کە زیاتر لە ناوچە شارنشینەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو و گەشەسەندوودا دێتە ئاراوە، بەتایبەتیش بە هۆی سیستمی کلاسیکیی ڕوونکردنەوەی شەقامەکان، کاتێك سیستمی کلاسیکیی ڕوونکردنەوەی شەقامەکان بە جۆرێك دیزاین کراوە، کە بە درێژایی شەوان کارا بن، تەنانەت لەکاتی نەبوونی مرۆڤ و هۆکاری گواستنەوەش لە شەقامدا.

بەپێی کۆمەڵەی ئەندازیاریی ڕووناککردنەوەی ئەمریکا لەبارەی پێوانەکردنی چڕیی ڕووناکیی دەستکرد (لایت پۆلیوشن) ئاماژە بەو ڕاستییە دەدات، کە هیچ کاتێك ڕێگەپێدراو نییە چڕیی ڕووناکی بگاتە (٥) لۆکس لە کاتژمێرەکانی شەودا، لە کاتێکدا چڕیی ڕووناکیی مانگ بە شێوەی ئاسایی دەگاتە (٠,٥) لۆکس، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کە ٨٠٪ ی دانیشتووانی شارەکانی جیهان لەژێر ئاسمانێکی پیسبوو بە ڕووناکیدا بەسەر دەبەن و ناشتوانن گالاکسیی ڕێی کاکێشان لە شوێنی خۆیانەوە ببینن.

- **جۆرەکانی پیسبوون بەڕووناکی**
- دزەکردنی ڕووناکییەکی نەخوازراو بۆ نێو شوێنی حەوانەوەی شەوانی مرۆڤ.
- درەوشانەوەی توندی ڕووناکیی هۆکاری گواستنەوە کە توانای بینین بۆ ساتێك لەکار دەخات و ڕووداوی نەخوازراوی لێ دەکەوێتەوە.
- یارییە ئاگرینەکانی شەوی سەری ساڵ و بۆنە گشتییەکان.
- گەڕان بەدوای ڕێڕەوی هەڵاتنی تاوانباران لە شەواندا.

هۆیەکانی دیاردەی پیسبوون بە ڕووناکیی دەستکرد (لایت پۆلیوشن)

- زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و باڵەخانەکان.
- زیاد لە پێویست بەکارهێنانی ڕووناکی.

بەکارهێنانی بەهەڵەو هەڕەمەکیی گڵۆپەکان وەك بەپێی ڕاپۆرتی «دارك سکای ئینتەرناشناڵ» کە ڕێکخراوێکی تایبەتمەندە لەم بوارەدا و دەڵێت: سێیەکی هەموو ڕووناکیی وڵاتانی پێشکەوتوو بەفیرۆ دەچێت، بەهۆی گڵۆپی خراپ ئاراستەکراو، یان بێ قەڵغانەوە.

- بەکارهێنانی ناڕێکخراوی ڕازاندنەوە بە ڕووناکی.
- ئاسان دەستکەوتنی ئامرازەکانی ڕووناکیی دەستکرد.
- کەمیی نرخ و تێچووی ئامرازەکانی ڕووناکیی دەستکرد.
- **زیانەکانی پیسبوون بە ڕووناکیی دەستکرد**
- لەکارخستنی هارمۆنییەتی کاتژمێری بایۆلۆجی، کە کاتی نووستنی زۆربەی زیندەوەرەکان دیاری دەکات.
- کاریگەری لەسەر توێژینەوەکانی زانستی فەلەکناسی.
- شێواندنی دیمەنە سرووشتییەکانی شەوان و ئاسمانی شەوان.
- کاریگەریی لەسەر جەستە و دەروونی مرۆڤ لە ڕێگەی بێداری و دڵەڕاوکێ و ماندووبوون و سەرئێشە.
- لەکارخستنی کات و خولە سرووشتییەکانی شەو و ڕۆژ.



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

• کاریگەریی کەلتووری لەسەر ئەو کۆمەڵگەیانەی وەك کەلەپوورێکی کەلتووری لە شەو دەڕوانن و، زیان بە ئەزموونی ڕۆحی و خەیاڵی بێ ئەندازەیان دەگەیەنێت، کە چێژ لە فەزا و ئاسمانی تاریك دەبەن.

کاریگەری لەسەر فرەچەشنیی زیندەوەران:

• کاریگەری لەسەر ڕەفتاری شەوانەی گیانەوەرانی شەوگەڕ بەدوای خۆراکدا.

• کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری شەوانەی گیانەوەرانی کۆچکار.

• کاریگەریی لەسەر تێکدانی پرۆسەی زاوزێکردنی هەندێك لە گیانلەبەران.

• تێکدانی سیستمی پەیوەندیی نێوان گیانەوەری ڕاوکەر و نێچیر.

• زێدەباریی لەسەر وێستگەکانی بەرهەمهێنان و بەکاربردنی زیاد لەڕاددەی وزەی کارەبا.

• کاریگەریی لەسەر پیسبوونی ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا.

• کارتێکردن لەسەر چاوی منداڵانی تازە لەدایکبوو.

• کارتێکردن لەسەر پێتاندنی ڕووەکەکان.

بنەماکانی پلاندانان بۆ ڕێگرتن لە پیسبوون بە ڕووناکیی دەستکرد

• دیاریکردنی ئاستی هەستیاری بە ڕووناکیی شەوانە لە هەر ناوچەیەك.

• دیارکردنی ئاستی پێویستیی هەر ناوچەیەك بە ڕووناککردنەوەی هەمیشەیی لە شەواندا.

• ڕاوێژکردن بە پسپۆڕانی بواری ژینگە و ڕووناککردنەوە.

**• ڕێگەچارەی پێشنیارکراو بۆ ڕێگرتن لە پیسبوون بە ڕووناکیی دەستکرد (لایت پۆلیوشن)**

• دارشتنی چوارچێوەی یاسایی بۆ ڕێکخستنی بەکارهێنانی ڕووناکی.

• دامەزراندنی سیستمی زیرەك بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕووناککردنەوە بەپێی پێویستیی دیاریکراو.

• دانان و بەکارهێنانی گڵۆپەکان بەپێی ستانداردێکی پەسەندکراو بێت.

• بەکارهێنانی گڵۆپی فلۆرسێن و لێد.

• سوودوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای نوێی کۆمپانیا پەیوەندیدارەکان بۆ بەکارهێنانی هەستەوەرەکان لەسەر گڵۆپی شەقامەکان، بۆ ئەوەی تەنیا لە کاتی پێویستدا کار بکەن.

• کوژاندنەوەی گڵۆپەکان پێش نووستن و دوای بەجێهێشتنی شوێنەکان.

• بڕینی کارەبا لە سویچی سەرەکیی شوێنی کارەکان لەلایەن بەرپرسی خزمەتگوزارییەوە.

• ڕێگرتن لە پەخشبوونی ڕووناکی بۆ دەرەوەی شوێنی مەبەست.

• ڕێکخستنی کاتەکانی ڕووناککردنەوە بەپێی پێویستی.

• ڕێگرتن لە بەکارهێنانی ڕووناکیی بەهێزو بێ ئامانج.

• دوورکەوتنەوە لە کارکردنی شەوانە لە شارە گەورەکاندا.

• کەمکردنەوەی دانیشتن لە شوێنە زۆر ڕووناك کراوەکاندا.

• کەم بەکارهێنانی تەلەفزیۆن و لاپتۆپ و مۆبایل پێش نووستن لە شەودا.

سازگار حەمەساڵح شارباژێڕی:

# سوپاسی هاوسەرە بەڕێزەکەم دەکەم کە هەمیشە وەک چیایەک لە پشتم بووە



**سازگار حەمەساڵح شارباژێڕی خانمە شێفێکی بە توانا و دەسترەنگینە توانیویەتی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە تواناکانی خۆی بسەلمێنێت و ببێتە خاوەنکاری خۆی و لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە بەرهەمەکانی بە بازاڕ دەکات. سازگار دانیشتووی شاری سلێمانییە و ساڵی ١٩٨٩ لە قەزای ماوەت لەدایك بووە و پەیمانگای تەکنیکی تەواوکردووە، لە ئێستاشدا هەر لە بابەتی خواردن و چێشتلێنان لە پەیمانگایەکی ئەهلی خەریکی خوێندنە. لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان ئەزموونی کارکردنی لە هونەری چێشتلێنان دەخاتەڕوو.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

«کار و پیشەم خواردن دروست کردنە لەماڵەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە بوو کە خوێندنم تەواوکرد دانەمەزرام، لەوەوە هەوڵمدا ئیشێکی سەربەخۆم هەبێت، کارێك بێت کە خۆم شارەزاییم تێیدا هەبێت و حەزم لێی بێت، بە حوکمی ئەوەی بەهرە و توانای چێشتلێنانم هەبوو دەستم بەم کارە کرد، چونکە خواردن دروستکردن لە ڕووی دەروونییەوە ئاسوودەییم پێ دەبەخشێت، هەر لە منداڵییەوە ئاواتم بوو ڕۆژێك خواردنگەیەکی تایبەت بەخۆمم هەبێت، تاوەکو بتوانم لەو ڕێگەیەوە تواناکانی خۆم دەربخەم».

گوتیشی: «ئامانجم ئەوەیە بتوانم شوێنێکی تایبەت بەخۆم هەبێت و کارەکەم گەورەتر بکەم و بۆ کۆمەڵگەکەم ببم بە کەسێکی سوودبەخش و وڵاتەکەمان ببوژێنینەوە، پێویستە ئێمەی مرۆڤ ببینە نموونەیەك بۆ چواردەورمان، ناکرێ هەر چاوەڕوانی دامەزراندن و هەلی کاربین، پێویستە تاك بەهرەکانی خۆی بدۆزێتەوە و ئیشی لەسەر بکات، بەتایبەتی ئافرەتان جا لە هەر بوارێکدا بێت، مەرجیش نییە هەمووان ببنە فەرمانبەری حکومی، لە کاتێکدا خانمان زیرەك و بە توانا و بە سەلیقەن، دەتوانین هەر لە ماڵەکەی خۆمانەوە کار بکەین و ببین بە کەسێکی سەرکەوتوو، ئەمە جگە لەوەی کە داهاتێکی سەربەخۆی هەیە، لە لایەنی دەروونیشەوە ئاسوودەم و تا ئاستێك دوورم لە کێشە دەروونییەکان، زۆر دڵم بە کارەکەی خۆم خۆشە و زۆر شانازی بەکارەکەم دەکەم».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەش کە ئایا چۆن توانیوتە هاوسەنگی لە نێوان کارەکەت و دایکایەتی و بەڕێوەبردنی ماڵ ڕابگریت؟ ئەو گوتی: «دایکایەتی ئەرکێکی قورس و گەورەیە هەمیشە هەوڵمداوە کە کاری منداڵەکانم تەواو بکەم ئینجا کاری خۆم بکەم، زۆرجار کە کارم نەکردووە و لە کارەکەم دابڕاوم بەهۆی منداڵەکانمەوە بووە، ئەویش بۆ ئەوەی کەموکورتیان نەبێت، کە دایك بوویت کارەکان زەحمەت تر دەبن، ژیان هەوڵ و ماندووبوونی زیاتری دەوێت. من بەشبەحاڵی خۆم لە کارەکانی ڕۆژانەم هاوسەرەکەم زۆر پاڵپشتمە و زۆر هاوکاریم دەکات، بەهۆی هاوکارییەکانی ئەو توانیومە باڵانسێك لە نێوان ئەرکەکانم ڕابگرم، بەجدی ئەگەر خاوەن هاوسەر و منداڵ بیت و هاوسەرت هاوکارت نەبێت کارەکان زۆر زەحمەت ترە بەراورد بە کەسێکی سەڵت چەندین بەرپرسیارێتی قورست لە ئەستۆدا دەبێت، لێرەوە زۆرسوپاسی هاوسەرە بەڕێزەکەم دەکەم کە هەمیشە وەك چیایەك لە پشتم بووە، هەم هاوکاری کردووم لەکارەکەمدا هەمیش بۆ منداڵەکانمان باوکێکی باش بووە لە هەندێك کاتدا بۆشایی نەبوونی منی بۆ منداڵەکان پڕکردۆتەوە».

هەروەها گوتی: «دەسپێکی هەموو کارێك قورسە تا دەست پێ دەکەیت بەربەست و ناڕەحەتی زۆر دێنە پێش، بە تایبەت لە لایەنی ماددی کە بۆ هەموو دەستپێکێك زورگرنگە، هاوکات نەبوونی شوێن و کەمی کات بەهۆی ئەرکی دایکایەتییەوە ئەرکەکان سەختتر دەکەن، لە ڕووی پاڵپشتییەوە هاوسەرەکەم زۆر پاڵپشتم بووە، زۆرجار ناڕەحەت و بێتاقەت بوومە ئەو وزەی بەرزکردوومەتەوە و لە ڕووی دەروونییەوە سترێسی نەهێشتووم، لە هەمان کاتدا خێزانەکەم هاندەر و پاڵپشتمن».

**مەرج نییە هەمووان ببنە فەرمانبەری حکومی، لە کاتێکدا خانمان زیرەک و بە توانا و بە سەلیقەن، دەتوانین هەر لە ماڵەکەی خۆمانەوە کار بکەین و ببین بە کەسێکی سەرکەوتوو**

**دایکایەتی ئەرکێکی قورس و گەورەیە هەمیشە هەوڵمداوە کە کاری منداڵەکانم تەواو بکەم ئینجا کاری خۆم بکەم، زۆرجار کە کارم نەکردووە و لە کارەکەم دابڕاوم بەهۆی منداڵەکانمەوە بووە**



# خانمانی خاوەنکار داوای پاڵپشتی و دەستگرتنی زیاتر دەکەن



**یەکێك لەو سێکتەرانە کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی تاك هەیە و لە ئاستی جیهانیشدا بووەتە فاکتەری دەست بەسەرداگرتنی جیهان، سێکتەری ئابوورییە، لە زۆربەی وڵاتانیشدا هەوڵی بەهێزکردنی تواناکانی ئافرەت دەدرێت، بۆ ئەوەی بەشدارێکی کارا بێت لە بازاڕی کار و کەرتی تایبەتدا و هاوکات بتوانێت بە سەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە لەم سۆنگەیەوە دێنە بەردەمی زاڵ بێت. ئەگەر پیاوان پشکی شێریان بەرکەوتووە، ئەوا ئافرەتانیش بە ڕێژەیەکی زۆر شانیان داوەتە بەر کاری دەرەوەی ماڵ و بوونەتە خاوەن ئابووریی سەربەخۆ و ژمارەی ئەو ئافرەتانەش کە بە جۆرێك لە جۆرەکان تێکەڵ بە بازاڕی کار بوون، کەم نییە. لەم ڕوانگەیەوە خانمانی خاوەنکار لەم ڕاپۆرتەی گوڵان باس لە ئەرك و مافەکانیان دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

خاوەنکار شادی حەسەن کچێکی بوێر و چالاکی شارۆچکەی سەنگەسەرە و لە ماڵەکەی خۆیاندا کتێبخانەیەکی کردووەتەوە و بە شێوەی ئۆنلاین و ڕاستەوخۆ کتێب دەفرۆشێت. سەبارەت بە ئەرك و مافی خانمانی خاوەنکار دەڵێت: «کارکردن بەتایبەت بۆ خانمان قورسترە لە کۆمەڵگەیەکی داخراودا، ڕووبەڕووی چەندین لەمپەر و کۆسپدەبنەوە، بەڵام تا ئاستێك توانیویانە ئازایانە کۆت و بەندەکانی دابونەریت بشکێنن و هاتوونەتە نێو گۆڕەپانی کار و پارە پەیداکردن، بەوەش هەم بژێوی خۆیان پەیدا دەکەن هەم بەشدار و هاوبەشن لە دابینکردنی بژێوی خێزان.

چونکە ئێمە بەو ڕاستییە گەیشتووین کە پێویست ناکات ئافرەت چاوی لە دەستی هیچ کەسێك بێت، بەڵکو خۆی بتوانێت داهاتی خۆی بەدەستبهێنێت، ئافرەت گەر ئابووری سەربەخۆی هەبوو توانا و بڕیارەکانیشی زیاتر جێگەی بایەخ دەبن.

هەرچەندە لەم دۆخە ناهەموارە ئابوورییە و ئەخلاقیەی کە هەیە کەمتر دەرفەتی کارکردن بۆ ئافرەتان ڕەخساوە و ئەوان کەمتر خاوەنی ئابووری سەربەخۆن، لێرەوە پێویستە شانازی بەو ئافرەتانەوە بکەین کە ئازایانە و ئازادانە لەم دۆخەدا دەجەنگن و لەسەر پێی خۆیان وەستاون، بەرهەمی ڕەنج و ماندوو بوونی خۆیان دەخۆن و سەربەرزانە وەستاون.

ئەو خاوەنکارە لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «پێویستە لایەنی پەیوەندیدار و دەسەڵاتداران گرنگی بە هێزی کار بۆ هەردوو ڕەگەز بدەن، تەنانەت پێویستە زیاتر گرنگی بە تواناسازی پیشەیی ئافرەتان بدات و دەرفەتی زیاتر پێشکەش بە خانمانی بەهرەدار بکەن. هەزاران ئافرەتمان هەیە شارەزایە لە یەکێك لە بوارەکان کە خوێندوویەتی و بەڵام بەهۆی ئەم دۆخەوە ناتوانێت سوود لە تواناکانی وەربگرێت و کاربکات، تەنانەت کارکردن لە کارێکی سەربەخۆشدا.

دەکرێ حکومەت زیاتر گرنگی بەم بوارە بدات چونکە کارکردن بەتایبەت کارکردنی سەربەخۆ بۆ ئافرەتان کاردەکاتە سەر گەشەی ئابووری و گەشەی کۆمەڵایەتی و کلتووری لە وڵاتدا».

خاوەنکار ئەڤین سەڵاح خانمێکی بلۆگەرەوە لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە تواناکانی خۆی بەرجەستە دەکات و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کرێکار ئەو چینە لە بیرکراوەی کۆمەڵگەن کە ژیانێکی کۆڵەمەرگی و مەمرە و بژییان هەیە و بەهێزی بازوو بۆ ژیانێکی شەرەفمەندانە تێدەکۆشن. جا ئەگەر کرێکارەکە ژن بێت ئەوا دووجار ژیان لەم چوارچێوەیەدا بۆی قورس دەبێت. جەژنی




خاوەنکار شادی حەسەن :

**پێویستە شانازی بەو ئافرەتانەوە بکەین کە ئازایانە و ئازادانە لەم دۆخەدا دەجەنگن و لەسەر پێی خۆیان وەستاون**


خاوەنکار ئەڤین سەلاح:

**داواکارین حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار هاوکارمان بن لە دانانی بیمەی بێکاری، چاودێری تەندروستی بەخۆڕایی، ڕەچاوکردنی یاسای خانەنشینی و یەکسانی لە هەلی کار**

کرێکارانیش هەر لە دەرەنجامی ڕۆڵی ژن و چەوسانەوە و قوربانیدانیان لە کارگەیەکی ڕستن و چنین ئەم ڕۆژە دیاری کرا. قسە زۆرە لەسەر ئەم چینە، بەڵام بەکورتی لە دنیای سەرمایەداری و بۆرجوازیدا ئەم چینە قوربانی یەکەمن، تەنانەت لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیش جگە لە چەوسانەوەیان باری سەرشانیان زۆر قورسە لە پای کارێکی زۆر بە کرێیەکی کەم مردنیان لە قورسی ژیان گشت ڕۆژێك پیشان دەدرێت».

ئەو خاوەنکارە سەبارەت بە ئەرکی حکومەت لە کارئاسانی بۆ خانمانی خاوەنکار دەڵێت: «داواکارین حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار هاوکارمان بن لە دانانی بیمەی بێکاری، چاودێری تەندروستی بەخۆڕایی، ڕەچاوکردنی یاسای خانەنشینی، یەکسانی لە هەلی کاری خانمان و پیاوان، ڕێگری و سزا بۆ ئەو کۆمپانیا و خاوەنبزنسانەی چەکی پارە بۆ تەحروش و دەستدرێژی بۆ سەر خانمان بەکار دەهێنن».

خاوەنکار لانە ئاوات کچە گەنجێکی بوێر و دەسترەنگینە و لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئێکسسوارات و کارە دەستییەکانی بە بازاڕ دەکات و لەمبارەیەوە دەڵێت: «خانمان بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر زۆر دەدەن زۆرینەیان دەستیان بە کارێکی سەربەخۆ کردووە لەبەر ئەوەی لە ئێستادا هیچ دامەزراندنێك بوونی نییە کە دەرچووان ئیستیفادەی لێ بکەن، یان ئەوەیە دەبێت پەنا ببەنە بەر شوێنە ئەهلییەکان یان بزنسی خۆیان بە بچووکی دەست پێ بکەن، شوێنە ئەهلییەکانیش هیچ ڕەحم بە مرۆڤ ناکەن بەتایبەت کارمەندی ئافرەت، تەواوی ڕۆژ بە مووچەیەکی کەم ئیش دەکەن و زۆر زۆر لەو پارەیەی کە پێی دەدەن ئیشی زیاتری پێ دەکەن، بگرە هیچ حساب بۆ نەخۆشی و سووڕی مانگانە و دووگیانی و منداڵبوون ناکرێت، بەڵکو دەبێت وەك ڕۆبۆت کار بکەیت.

زۆرجار ئافرەت بزنسی خۆی دەست پێ دەکات کە ئەوەش زۆر زۆر کاتی دەوێت تاکو دەگەیتە بەرهەمی هەوڵ و ماندوو بوونەکانت، وەك کەسێکمان لێ دێت کە ١٥ یان ١٦ ساڵ نەمانخوێند بێت، ئەگەرچی ئیشی خۆت ٢٤ سەعاتە و کاتی بۆ نییە بەڵام لە دواجاردا ئازادترین لە کاتی کار کردن و لە کاتی نەخۆشی و بۆنە و کۆبوونەوەکان دەتوانین کات بۆ خۆمان تەرخان بکەین».

ئەو خاوەنکارە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «پێویست دەکات لایەنی پەیوەندیدار بەشێك لەو خانمانەی کە کاتی خانەنشین بوونیانە خانەنشین بکرێن و گەنجانێکی زۆری دانەمەزراو هەن ئەوان بخەنە شوێنیان، هاوکات لە فەرمانگە ئەهلییەکان ئەم هەموو یاسا قورس و کۆیلە بوونە نەمێنێت و کاتی خانمان وەك پیاوان نەبێت لەبەر ئەوەی ئافرەت لە ماڵەوەش هەموو ئەرکی ماڵی لەسەرشانە، دەکرێت کاتی کارکردنی کەمتر بێت».

خاوەنکار هەنا عەلی خانمە گەنجێکی دەسترەنگینی دانیشتووی تەوێڵەیە لە هەورامان، لە ڕێگەی پەیجەکەیەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان فێرکاریی چێشتلێنان و شیرینی دروستکردن بڵاودەکاتەوە، پەیامی من وەکو بلۆگەرێك بۆ خانمەکانمان ئەوەیە و پێیان دەڵێم خانمان هەوڵبدەن هەرگیز قسەی هیچ کەس کارتان تێنەکات، پێویستە خانمان ئەو بەهرەیەی کە هەیانە نەی شارنەوە و بەردەوام هەوڵی بۆ بدەن، هەر ئامانجێکیان هەیە هەرگیز کۆڵ نەدەن.

دۆخی خانمانی خاوەنکار لە ئێستادا سەختە حکومەت وەك پێویست لێیان ناپرسێتەوە خانمان خۆیان هەوڵدەدەن بۆ دەستکەوتنی کار و خۆیان پێ دەگەیەنن، پێویستە حکومەت لایەك لە دۆخی خانمانی خاوەنکار بکاتەوە و پشتگیرییان بکات چ لەلایەنی ماددی بێت یان مەعنەوی».

ئەو خاوەنکارە لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی: «من خۆم خانمێکم لە ماڵەکەی خۆمەوە هەوڵدەدەم و کار دەکەم کەس هاوکارم نییە و لە هیچ لایەنێکەوە جگە لە کەسوکارەکەی خۆم هیچ کەس و لایەنێك دەستی هاوکاری بۆ درێژ نەکردووم، بەڵکو هەمیشە پشتم بە تواناکانی خۆم دەبەستم و هەمیشە هەوڵمداوە لە ڕێی پەیجەکەمەوە داهاتێك بۆخۆم پەیدا بکەم».

لە ڕوانگەی شەرعەوە و لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا کارکردنی ئافرەت پیرۆز و ڕێگەپێدراوە، لەمبارەیەوە مەلا ڕەعد نوری ئۆمەربلی،کارگێڕی لقی هەولێری یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، لە ڕوانگەی شەرعەوە باس لە ڕۆڵی ئافرەت لە بواری کارکردن دەکات و دەڵێت: «وەکو دیارە ژنان شان بە شانی پیاوان ڕۆڵی بەرچاو دەبینن لە بازرگانی کردن، هەروەها کارکردن. بگرە زۆر جار ڕۆڵی ژنان زیاترە لە پیاوان، ئەوەی کە زۆر جار ڕۆڵی ژنان بزر بووە، لەبەر ئەوەی ژنان کارەکانیان لە ماڵەوە بووە، یان دوور لە بەرچاو بووە. ئەگەر ژنان هاوکاری پیاوان نەبن، بەشێك لە زۆربەی کارەکان پەکیان دەکەوێت.

ئەگەر تەماشا بکەین خەدیجە (خوای لێ ڕازی بێت) پێش ئەوەی شوو بە پێغەمبەر (د.خ) بکات، یەکێك بووە لە بازرگانە گەورە و سەرکەوتووەکان،

خودای گەورە لە بارەی بەدەستهێنانی رزقی حەڵاڵ دەفەرموێت :

(وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا * وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا) [الطلاق:٢-٣].

واتە: هەر کەسێك تەقوای خوا بکات، ئەوە دەروی لێ دەکاتەوە، ئینجا رزقی پێ دەبەخشێت لە رێگایەکەوە کە خۆی حیسابی نەکردووە، لەو رێگایەوە ئەو قازانج و دەستکەوتەی دەست بکەوێت.

مەبەست لەو کەسانەیە کە هەوڵ دەدەن بۆ بەدەستهێنانی رزقێکی حەڵاڵ .

بێگومان ژنانی کورد لە پێشان و لە ئێستاشدا بەردەوام لە هەوڵی بەدەستهێنانی پاروویەکی حەڵاڵن بۆ منداڵەکانیان .

دەربارەی ئەو کەسانەی نانی دەستی خۆیان دەخۆن، پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی: «ما أكلَ أحدٌ طعامًا قطُّ خيرًا من أن يأكل من عمل يده، وإن نبيَّ الله داود عليه السلام كان يأكُلُ من عمل يده».

واتە: هیچ کەسێك نانێکی باشتری نەخواردووە لەو نانەی کە بە دەستەکانی خۆی پەیدای کردبێت. ئینجا فەرموی: پێغەمبەر داود (سەلامی خوای لەسەر) نانی دەستی خۆی خواردووە، کەواتە کەسابەتی کردووە .

خودای گەورە لە (سورة الجمعة) دەفەرموێت:

(فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانْتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِنْ فَضْلِ اللَّهِ وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ).

واتە: لە دوای تەواوبوونی نوێژتان (نوێژی هەینی) پەرت و بڵاو بن بە سەر زەوی و لەو بەرەکەتانەی خودای پێی بەخشیون، لێی کۆبکەنەوە (بە حەڵاڵی) دواتر یادی خوا بکەن بۆ ئەوەی سەربەرز و سەرکەوتوو بن.

ژنی کورد جاران ئەم کارانەیان دەکرد:

١- شینایی کردن و بەخێوکردنی رەز .

٢- دۆشین و بەخێوکردنی مەڕ و بزن و چێڵ و مانگا.

٣- نانکردن و ئامادەکردنی شێو سێ ژەمە .

٤- مەشکە هەژاندن و دروستکردنی ماست و پەنیر و ژاژی و لۆرك و کەشك و دۆ .

٥- ساوار کوڵاندن و باراش لێکردن .

باراش لێکردن یەعنی جونە ئاش بۆ لێکردنی (ئارد و ساوار و گەنم کوتا و پرۆژ و. هیتر)

٦- تەشی رێستن و دروستکردنی لیفکە.

٧- دروستکردنی رایەخ جاجم و لباد و لێف و دۆشەك هەر لە خوری و مووی بزن .

٨- دروستکردنی بەڕ لەو پەڕۆیانەی کە بە کەڵکی بەکارهاتن نەدەهات .

٩- دروستکردنی حەسیر لە قەمیش .

١٠- دروستکردنی سەبەتە بە داری بی و هیتر .

١١- چاندن و دروستکردنی گێسك بە داری گێسك.

١٢- دارکۆکردنەوە، پێیان دەگوت تێلای دار.

١٣- دروستکردنی کڵاش و کەرك کر و. هیتر.

١٤- دروست کردنی تورشی و مەرەباو ئاو تەماتە و هیتر .

١٥- دروومانی جلوبەرگ بۆ خۆیان .

بەشێك لە ژنانی ئێستا خەریکی بازرگانیکردنن و کۆمپانیا و دووکانیان هەیە و خۆیان سەرپەرشتی دەکەن .

لە بەشێکی زۆری مارکێتەکان، یان بەڕێوەبەرن، یان لەسەر کالا و کاشێر کارمەندی سەرکەوتوون .

لە زۆربەی فەرمانگەی حکومی و ناحکومی رێژەی زۆرینەی لە ژنان پێك هاتووە و لە پیاوان زیاتر سەرکەوتووترن.

ژمارەیەکی زۆری پزیشکی ژنانمان هەیە .لە پەرلەمان ژمارەی ژنان زۆرن و سەرۆکی پەرلەمانیش ژنە و چەند وەزیرێکی ژنیشمان هەیە و لە ناو حزبە سیاسییەکانیش لە پێگەی بەرز پۆستیان هەیە، ئەمانەش هەمووی کارن .

ژنانی ئێستا بە هۆی مووچەکانیانەوە دەورێکی کاریگەریان لە هاوکاریکردنی پیاوەکانیان هەیە.

بەشێك لەو ژنانەی کە خاوەن پێداویستیی تایبەتن، یان منداڵی یەتیمیان هەیە، کاری دەستی دەکەن و بژێوی حەڵاڵ بۆ منداڵەکانیان پەیدا دەکەن .

بەشێك لە ژنانی کورد چێشتخانەی تایبەت بە خۆیانەوە هەیە و هەندێکی دیکەشیان نانەواخانەی نانی تیرییان داناوە و فرۆشیان زۆرە.

بەشێکی دیکە لە ژنانی سەربەرزی کورد لە شەقام و لە ناو بازاڕەکان عەرەبانەیان داناوە و گەس و شیرینی و شتی بچووك دەفرۆشن.

جا ئەوەی مەبەستە ئەوەیە کە ژنانی کورد لە بەرەوپێشچوونی وڵات و نیشتمانیش رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە و هەیە.

ئەوەی جێگای نیگەرانییە ئەوەیە کە هەندێك لە ژنان و کچانی کورد، خەریکی پەیداکردنی پارە و بازرگانی کردنن بە لەش و لاریان و خەریکی تیك تۆك و رێکلام کردنن بۆ کاڵای ناپەسەند و ناشەرعی و دوور لە تەندروستیی کەلتووری خۆمان، جگە لە ژنان، پیاوانیش خەریکی تیك تۆك و سناپ چات و هیترن، ئەمەش دەبێتە هۆی دارمانی دارایی وڵات و لە دەستدانی گەنجی وڵات .



خاوەنکار لانە ئاوات:

**خانمان بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان هەوڵ و ماندوو بونێکی زۆر زۆر دەدەن زۆرینەیان دەستیان بە کارێکی سەربەخۆ کردووە**



خاوەنکار هەنا عەلی:

**من خۆم خانمێکم لە ماڵەکەی خۆمەوە هەوڵدەدەم و کار دەکەم کەس هاوکارم نییە و لە هیچ لایەنێکەوە جگە لە کەسوکارەکەی خۆم هیچ کەس و لایەنێك دەستی هاوکاری بۆ درێژ نەکردووم**

خانمە شێوەکاری ڕۆژئاوا
نایلە حیکمەت بۆ گوڵان:

# بەوپێیەی کوردم جەنگ شوێنەواری خۆی لەسەر هونەرەکەم جێ هێشتووە

نایلە حیکمەت هونەرمەندێکی شێوەکاری خەڵکی شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستانە، ئێستا لە دوورە وڵات دەژی و هەر لەوێش خوێندنی بواری هونەری لە ئەکادیمیای هونەری هاوچەرخ لە دانیمارك تەواو کردووە، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان لێکرد دەربارەی هونەری شێوەکاری و ئەو ئاستەنگانەی وەك ئافرەتێکی شێوەکار ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

*** کاروانی هونەریت لەگەڵ شێوەکاریدا کەی و چۆن دەست پێیکرد؟**

- گەشتەکەم لەگەڵ هونەردا هەر لە قۆناغەکانی سەرەتای منداڵییەوە دەستی پێکرد، کاتێك خێزانەکەم تێبینیی خولیا و بەهرەمەندیی منیان کرد، بۆیە ئەوان یەکەم پاڵپشتم بوون، ئەمەش دەرفەتی پێدام کە لە ڕێگەی قوتابخانەکانەوە لە شاری حەلەب بەشداری لە چالاکییە هونەرییەکانی منداڵاندا بکەم، هەر لەو شارەش چوومە بەر خوێندن.

*** یەکەم کاری هونەریت بیر دێتەوە کە ئەنجامت دا و هەستت کرد سەرەتایەکی ڕاستەقینەیە؟**

- باوەڕم وانییە تەنیا یەك کاری هونەری هەبێت کە سەرەتایەکی ڕاستەقینە بۆ هونەرمەند پێك بهێنێت، بەڵکو چەند قۆناغێکی گرنگن کە وەك وەرچەرخانێك وان لە گەشەکردن و پێگەیشتنی ئامرازەکانیدا. بۆ من خاڵی وەرچەرخان کاتێك بوو کە لە منداڵییەوە دەستمکرد بە بەشداریکردن لە پێشبڕکێ ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا، ئەو کاتە هەستم کرد کە هونەر ناسنامەی منە کە بە درێژایی ژیانم هەڵیدەگرم.

*** ئەو ئاستەنگانە چی بوون کە لە سەرەتای کاروانی هونەریتدا ڕووبەڕووت بوونەوە و چۆن بەسەریاندا زاڵ بوویت؟**

- وەك هەر هونەرمەندێکی دیکە ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر بوومەتەوە، بەڵام کوردبوونم ئاستەنگەکانی چەند هێندە کردبوو، بەتایبەت لەژێر سێبەری سیستەمێکی سیاسیی داپڵۆسێنەر و دیکتاتۆریدا. بۆ نموونە بیرمە یەکەم پێشانگەی









تایبەتیی من بووە هۆی ئەوەی بانگهێشتی لێکۆڵینەوە بکرێم لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە و تۆمەتبار کرام بەوەی لە کارەکانمدا پرسگەلێك دەورووژێنم، کە پەیوەندییان بە دۆزی کوردەوە هەیە، لە ئەنجامی ئەوەشدا ڕێگریم لێ کرا لە کردنەوەی پێشانگەی دیکە، یان وەرگرتنی هەر ڕەزامەندییەکی ئەمنی.

*** کێن ئەو هونەرمەندە جیهانی و ناوخۆییە دیارانەی کە کاریگەرییان لەسەر ئەزموونی هونەریی تۆ هەبووە؟**

- لە سەرەتاکانمدا وەك زۆربەی هونەرمەندان کاریگەریی ئەزموونی هونەرمەندانی دیکەم لەسەر بوو، زۆر سەرسام بووم بە کارەکانی لوئەی کەیالی، کە بە ڕاستگۆییەوە لایەنی مرۆیی دەگرتەبەر، تیشکی دەخستە سەر توێژە پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگە. لەسەر ئاستی جیهانیش، بە سەرسامییەوە لەبەردەم کارەکانی ئامادیۆ مۆدیلیانی و ڤالەنتین سێرۆڤدا دەوەستام.

*** قوتابخانەی هونەریی دیاریکراو هەن کە هەست بکەیت لێیانەوە نزیکیت؟**

-من زیاتر لە قوتابخانەی واقیعی (ڕیالیزم) یەوە نزیکم، بەڵام گرنگی بەوە دەدەم کە بە ڕۆحێکی هاوچەرخەوە هاوشانی بم، چونکە هونەر لە کۆتاییدا بیرۆکە و پەیامێك هەڵدەگرێت کە ستایل و قوتابخانە تێدەپەڕێنێت، بەتایبەت لەژێر کاریگەریی فرەچەشنیی زۆری ناوەندەکانی دەربڕینی هاوچەرخدا، ئەمەش لەم ڕۆژگارەدا ئەرکی هونەرمەندی شێوەکار ئاڵۆزتر دەکات.

*** جگە لە هونەرمەندان، سەرچاوەکانی دیکەی ئیلهام کە هونەرەکەت پێت دەدەن چین، بۆنموونە سرووشت، مۆسیقا، ئەدەب، ڕووداوەکان؟**

-کارەکانم بە شێوەیەکی سرووشتی ڕەنگدانەوەی نیگەرانی و پرسەکانی منن، بەو پێیەی کوردێکی خەڵکی عەفرین و سووریام، ناکرێت جەنگ شوێنەواری خۆی لەسەر هونەرەکەم جێ نەهێڵێت. مرۆڤ – ئامادەنەبوو یان ونبوو – تەوەرەی کارەکانم بووە، لە ڕێگەی هێماکانی وەك جلوبەرگ یان ئەو شتانەی خەڵك لە دوای خۆیان جێیان هێشتووە و چارەنووسیان نادیارە.

*** پەیامی سەرەکی چییە کە هەوڵ دەدەیت لە ڕێگەی تابلۆ و کارە هونەرییەکانتەوە بیگەیەنیت؟**

- هونەر کارێکی بینراوە کە توانای تێپەڕاندنی کلتوور و ناسنامەکانی هەیە، هەرچەندە کاری هونەری یەك ناسنامەی نییە، بەڵام وشە و بابەتەکانی جێپەنجەی خودی هونەرمەند هەڵدەگرن. هونەرمەند وەك هەر بوونەوەرێکی ئازاد مافی خۆیەتی گوزارشت لە پرسە مرۆییەکانی یان پرسە تایبەتییەکانی خۆی بکات، بەتایبەتی مرۆڤێکی کورد کە بە هەموو شێوەکانییەوە چەوسانەوەی بینیوە.

***ئافرەت چۆن لە تابلۆکانتدا وێنادەکرێت، زیاتر سەرنجت لەسەر کام ڕۆڵ یان بارودۆخی ئافرەتانە؟**

- ئافرەت پانتاییەکی گرنگی لە بابەتەکانمدا داگیر کردووە، بەتایبەتی کە یەکێك بووە لە قوربانییە هەرە سەرەکییەکانی جەنگ و کراوەتە ئامانج لەلایەن گرووپە تیرۆریستییەکانەوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، کە بە شێوەیەکی دڕندانە و بە کۆیلەکردن مامەڵەی لەگەڵ ئافرەتدا دەکرد، هەروەها یەکێك لە پڕۆژەکانم تەرخان کرد بۆ یارییەکانی منداڵان و تیشکم خستە سەر شێواویی یادەوەری لای نەوەیەکی تەواو، وەك گۆڕانی فڕۆکە کاغەزییەکان بۆ فڕۆکەی ڕاستەقینە، کە بۆردومانی کردن و خەون و بێگەردیی لێ زەوت کردن.

*** ئەو ئاستەنگانە چین کەڕووبەڕووی هونەرمەند دەبنەوە کاتێك هەوڵ دەدات گوزارشت لە پرسە سیاسی، یان نەتەوەییە هەستیارەکانی وەك پرسی کورد بکات؟**

- ئاستەنگیی زۆرهەن، بەتایبەتی لە ئەورووپا کە تێیدا گرنگیدانی دامەزراوە هونەرییەکان لەسەرئەو پرسانە چڕ بووەتەوە کە تایبەتن بە کۆمەڵگەی ئەورووپی، بۆیە من پێم باشترە لە ڕێگەی ئەو دامەزراوانەوە کە گرنگی بە گەیاندنی ئەم پەیامانە دەدەن بە توێژێکی فراوانتری کۆمەڵگە، کارەکانم لە چوارچێوەی پڕۆژەی هونەریی مرۆیی جیهانیدا پێشکەش بکرێن.

*** ئامادەیی ئافرەتی کورد لە بواری هونەری شێوەکاریدا چۆن دەبینیت؟**

- ئەمڕۆ ئافرەتی کورد ئامادەییەکی دیار و بەرچاوی لە بواری هونەری شێوەکاریدا هەیە، چ لە کوردستان بێت یان لە ئەورووپا، ئافرەتی کورد شایستەیی خۆی لە هەموو بوارەکاندا سەلماندووە، ئەو خاوەن هیوا و ئاواتی بەرزە، بە خێرایی ئامرازەکانی خۆی پەرە پێ دەدات و هەوڵ دەدات ببێتە بەشێکی کاریگەر لە دیمەنی هونەری و ڕۆشنبیریدا.



سەما خان بۆ گوڵان:

# باوکم ئازاری زۆری لە هونەر چەشت بۆیە خانەوادەکەم سەرەتا رازی نەبوون گۆرانی بڵێم

*** لە سەرەتای دەرکەوتنتەوە بەرهەمەکانت زۆر بەخێرایی چوونە نێو خەڵك، هۆکاری ئەمە چی بوو؟**

- بە ڕای من، تەنیا هۆکار ئەوە بوو کە بە عیشق و ڕۆحێکی پاکەوە دەستم پێکردووە.

*** تۆ لە ڕۆژهەڵات نیشتەجێیت، بەم دواییانە هاتیتە هەرێمی کوردستان، ئایا ئەم هاتنە بۆ مانەوەی یەکجارییە؟**

- نەخێر، بە یەکجاری نەهاتوومەتە کوردستان، بەڵام بە حوکمی کارە هونەرییەکانم بەردەوام هاتووچۆ دەکەم.

*** سەرەتا کە هاتیت بۆ کوردستان، دۆخەکە چۆن بوو؟ ئایا بۆ تۆ قورس نەبوو؟**

- قورس نەبوو، بەهۆی ئەوەی یەکەمجارم بوو بچمە شارێکی دیکە و بە تەنیاش بووم، بۆیە هەستم بە دڵتەنگییەکی زۆر دەکرد.

*** زۆر بە هەست و سۆز گۆرانی دەڵێیت، هۆکاری ئەم هەموو هەستە ناسکە لە گۆرانی گوتندا چییە؟**

- ناز نییە، ئەوە هەستە من ناتوانم وەك ڕۆبۆتێك بێ جووڵە و بێ هەست گۆرانی بڵێم، کە گۆرانییەك دەڵێم،



**خانمە گۆرانیبێژی دانیشتووی شاری بۆکان، (سەما خان) توانیویەتی لە ڕێگەی بەرهەمە هونەرییەکانییەوە جێگەی سەرنجی بینەران بێت و لە ماوەیەکی کەمدا جەماوەرێکی بەرچاو بۆ خۆی کۆ بکاتەوە، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد.**

دەبێت بە تەواوی هەست و گیانی گۆرانییەکە بگەیەنم و ئەدای بکەم.

*** جگە لە هونەری گۆرانی، داوات لێ کراوە بۆ کارێکی فیلم یان دراما وەك ئەکتەر بەشداری بکەیت؟**

- بەڵێ، زۆریش داوام لێ کراوە، هەروەها پلانیشم بۆ دارشتووە و لە داهاتوویەکی نزیکدا شانبەشانی گۆرانیگوتن، وەك ئەکتەرێکی سەرکەوتووش دەمبیننەوە.

*** پرۆژەی تازەت چییە؟**

- یەکەم ئەلبوومی خۆم، کە زۆربەی گۆرانییەکانی تێکست و ئاوازی خۆمن، ئێستا ئامادەیە و تەنیا کاری ڤیدیۆکلیپی ماوە.

*** بە خێرایی توانیت ناوبانگ پەیدا بکەیت، ئایاهەستی ناوبانگ چۆنە؟**

-هێشتا نەگەیشتووم بەو ئاستە لە ناوبانگ کە خۆم دەمەوێت، بەڵام زۆریشی نەماوە کە پێی بگەم، وەڵامی پرسیارەکەی تۆش ئەوەیە: لای من، ناوبانگ هەم خۆشی و هەم ناخۆشیی تێدایە.

*** کێ بەهرەی دەنگی سەمای دۆزییەوە و هانی دا ببێت بە گۆرانیبێژ؟**

- زۆر کەس پێیان دەگوتم دەنگت خۆشە، بەڵام ئەو سەمایەی ئێستا هەیە، خۆی دروستی کردووە، من زۆر پشت بە خۆم دەبەستم و خۆم پاڵپشتی سەرەکیی خۆم بووم.

*** لە خانەوادەکەتدا، کێ ناڕازی بوو کە تۆ ببیت بە گۆرانیبێژ، ئایا هەموویان ڕازی بوون؟**

- سەرەتا خانەوادەکەم ڕازی نەبوون، بەهۆی ئەوەی باوکی خۆشەویستم هونەرمەند بوو، ئەوان پێیان وا بوو کە ئەمە ڕێگەیەکی سەخت و پڕ لە هەوراز و نشێوە و نەیاندەویست من تووشی کێشەی ناخۆش ببم، بەڵام من بە ڕادەیەك عاشقی هونەر و گۆرانی بووم، کە ئامادەی هەموو ناخۆشییەکانی ڕێگەکەش بووم.

*** دەڵێن ئەگەر هونەرمەند عاشق نەبێت و تاڵی و ناخۆشیی عیشقی نەچێژێت، ئەوا لە گوتنەوەی گۆرانییەکاندا سەرکەوتوو نابێت، ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

- هونەر بەبێ عیشق ناکرێت، ژیانیش بێ عیشق ناگوزەرێت، هەر شتێك لەم دونیایەدا دەکرێت، دەبێت پاڵنەرێکی هەبێت، جا ئیتر لە ڕووی عیشقەوە بێت یان شتێکی دی (وەك نەفرەت). من هەم عیشق و نەفرەت، هەم باشی و خراپیشم چەشتووە، بۆ هەریەکەیان چیرۆکێکم هەیە و بۆ هەر چیرۆکێکیش تێکست و ئاوازم داناوە، کە زووترین کات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی گۆرانییەکانی ناو ئەلبوومەکەم، گوێبیستیان دەبن.

*** هیچ گۆرانییەکت تایبەت بە کەسێکی دیاریکراو گوتووە؟**

- بەڵێ من گۆرانیی تایبەت بە کەسی دیاریکراوم گوتووە.

لۆنا کەمال

یاریزانی باسکەی ڕێکخراوی ژیما و هەڵبژاردەی عێراق:

# تیپی ئێمە کۆنترۆڵی هەڵبژاردەی عێراق و هەرێمی کردووە




*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی باسکە چۆن دەبینی؟**

- بە هۆی کەمیی تیپی کچان ئاستی باسکەی کچان لە ناو کوردستاندا زۆر بەرەوپێش نەچووە، تەنیا تیپێك کە هەبێت لە کوردستان و عێراقیشدا کە توانیومانە کۆنترۆڵی هەڵبژاردەی عێراقیش بکەین ئێمەین.

***ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- بێگومان ئەگەر پاڵەوانێتی نەبێت ڕکابەری نابێت، ئەگەر ڕکابەریش نەبێت بەرەوپێشچوون نابێت، بۆیە کاریگەریی زۆری هەیە لە سەر ئاستی یاریزانان.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی یاریی باسکەی کچان بەرەوپێش بچێت لە کوردستان؟**

- کردنەوەی خولی بەردەوام و یانەکانی کوردستانیش پەرە بدەن بە کردنەوەی تیپی باسکەی کچان لە یانەکانیاندا.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا ڕەنگ دەداتەوە؟**

- نەبوونی خولەکان و پشتگوێخستنی تیپی کچان لەلایەن یانەکانەوە، ئەمانە هەمووی گرفتە لە بەردەم بەرزبوونی ئاستی ئەم یارییە.

*** چ هەستێکت هەیە کاتێك ئەم یارییە لە شاری سلێمانی پێشەنگی کوردستان و عێراقە؟**

-هەستێکی زۆر خۆشم هەیە، هیوادارم بتوانین ئەنجامی باشتر لە عێراق و دەرەوەی عێراق بەدەست بهێنین و زیاتر بەرەوپێش بچین.

*** بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**

-هەوڵ دەدەم وەکو کچە یاریزانێك لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەنجامێکی باش بۆ کوردستان و عێراق بەدەست بهێنم.




**یاریی باسکە یەکێکە لەو یارییانەی کە لە شاری سلێمانی بەرەوپێشچوونی باشی بەخۆیەوە بینیوە لە ئاستی کچانی تەمەنە جیاوازەکان، ئەو پێشەنگییەش لە یاریی باسکەدا بەشێکی زۆری بە ڕێکخراوی ژیما بڕاوە، کە ئەوان بەردەوام لە مەشق و ئامادەکاریدان بۆ دروستکردنی چەندین یاریزانی بەتوانان بۆ کوردستان و عێراقیش. یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی تیپەکەش کچە یاریزان «لۆنا کەمال»ـە، کە لەدایکبووی ساڵی ۲۰۰۷ـە لە شاری سلێمانی و، قوتابیی قۆناغی ئامادەیی و یاریزانی ڕێکخراوی ژیما و ئەکادیمیای خەونی وەرزشی یانەی گازی باکور و هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراقییە، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردستان پشت بە توانای ڕاهێنەرانی بیانی ببەستن؟**

- ئێمە گرفتی هاتنی ڕاهێنەری بیانیمان نییە، کێشەی نەبوونی یاریزان و خولمان هەیە.

*** داوا کاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

- داواکارم بە کردنەوەی خول و دابینکردنی پێداویستییەکان ئاوڕێکی جدی بدەنەوە لە باسکەی کچان، هانی یانەکان بدەن بۆ دروستکردنی تیپی کچان.

*** وەکو کچە یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە بۆ داهاتوو؟**

- لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەکو کچە کوردێك خۆم بناسێنم.

*** لە هەڵبژاردەی باسکەی عێراقی داوا کراویت؟**

- بەڵێ لە پاڵەوانێتی کارامەی جیهانی پلەی(۱۵)مان بەدەست هێنا لەسەر ئاستی جیهان، لە پاڵەوانێتیی ڕۆژئاوای ئاسیا لە پلەی سێیەمدام و توانیم ببمە باشترین یاریزانی سێخاڵ لە پاڵەوانێتییەکەدا، لە پاڵەوانێتی ۳×۳ی عەرەبی لە عەممان پلەی دووەممان بەدەست هێنا.

***پاڵەوانبوون لای تۆ چی دەگەیەنێ؟**

-ئیرادە و هێز وات لێ دەکات سوور بیت لەسەر بەدەستهێنانی ئەمانجەکەت، وەك پاڵەوانێك هەمیشە خۆت ببینی.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- ستیڤن کووری.

***گرێبەستت پێشکەش کراوە لەلایەن یانەکان؟**

- تاکو ئێستا نەخێر بۆم نەهاتووە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان، بۆ ئەو خزمەتە جوانەی بە وەرزشی ناوخۆی دەکات.

# ڕۆژێک ئاسمان دەبێتە هی ئۆتۆمبیلە فڕۆکەکان؟



## ئۆتۆمبیلی فڕۆک

فڕۆکەی جۆری Joby S4 فڕۆکەیەکی eVTOLە و چوار کەس هەڵدەگرت. لەلایەن کۆمپانیای Joby Aviationی ئەمریکی بەرهەم هاتووە و بۆ خزمەتگوزاری تاکسی ئاسمانی شاری و ناوچەیی سوودی لێوەردەگیرێت..

ئەم ئامرازە بەهۆی دەنگی کەم و مەودای بەرز، یەکێکە لە باشترین ئۆتۆمبیل فڕۆکەکان. بە باتری

## فڕۆکە ئۆتۆمبیلی جۆری Alef Model A

فڕۆکە ئۆتۆمبیلی جۆری Alef Model A ئامێرێکی فڕۆکەی کارەباییە دوو کەس هەڵدەگرێت. لەلایەن Alef Aeronautics لە ئەمەریکا دروستکراوە و توانای ئەوەی هەیە هەم لەسەر زەوی بڕوات و هەم لە ئاسماندا بفڕێت. بە وزەی کارەبایی کاردەکات. وزەکەی پێکهاتووە لە باتری جۆری لیسیۆم-ئایۆن.

ماوەی فڕین: نزیکەی ٢٠-٣٠ خولەك (بەپێی کێش) بە مەودای فڕینی ١٧٧ کیلۆمەتر. ئەگەر تەواو شەحن بێت ٣٢٢ کیلۆمەتر دەڕوات و بە دوو کاتژمێر شەحن دەبێتەوە.

کێشی ٦٠٠ کیلۆمە گرامە. بە کەسەکانەوە دەگاتەوە ٨٥٠ کیلۆ چونکە دوو کەس هەڵدەگرێت.



ئامێرە فڕۆکەکەیان (Flying Cars) یان ئامرازی گواستنەوەی کەسی ئاسمانی، یەکێکن لە داهێنراوترین تەکنەلۆژیاکانی سەدەی بیست و یەك کە توانای گۆڕانکاری بنەڕەتی لە گواستنەوەی شاری و ناوچەییدا هەیە. ئەم ئامرازانە بەگشتی بە شێوەی eVTOL (فڕۆکەی کارەبایی بە هەڵبڕین و دابەزینی ستوونی) دیزاین دەکرێن، بەو مانایەی کە دەتوانن بە شێوەی ستوونی هەڵبڕن و دابەزن و پێویستیان بە ڕارەوی فڕین نییە. ئەم تایبەتمەندییە وایان لێدەکات بۆ بەکارهێنان لە ژینگە شارییە قەرەباڵغەکان، لەو شوێنانەی کە فەزا سنووردارە، ئایدیال بن.



## ـــــــــــەی جۆری Joby S4

کار دەکات و شەحن دەبێتەوە. باترییەکەی جۆری لیسیۆم-ئایۆنە. ماوەی فڕین نزیکەی ٧٧ خولەکە. لەو ماوەیەشدا ٢٤٠ کیلۆمەتر دەڕوات. بە دوو کاتژمێر شەحن دەبێتەوە.

بۆ بواری تەندروستی وەك گەیاندنی نەخۆش و هەروەها بۆ کاری سەربازی سوودی لێوەردەگیردرێت.

## ئۆتۆمبیلی فڕۆکی جۆری EHang EH216-S

فڕۆکەی جۆری EHang EH216-S ئەم ئامرازە بۆ تاکسی ئاسمانی، گەشتیاری ئاسمانی و بەکارهێنانی ناوشار نەخشەسازی کراوە.

جۆری سووتەمەنی: کارەبایی، پێکهاتووە لە باترییەکانی لیسیۆم-ئایۆن و لە داهاتووشدا باترییەکانی بۆ جۆری Solid-State دەگۆڕدرێن. باترییەکەی کاتێك پڕ دەبێتەوە دەتوانێت ماوەی ٢١ خولەك بفڕێت لەو ماوەیەشدا ٣٥ کیلۆمەتر دەڕوات.

کێشی خۆی: نزیکەی ٣٦٠ کیلۆگرامە بەبێ بار.

توانای هەڵگرتنی دوو کەس یا کێشی ٢٢٠ کیلۆگرامی هەیە.



# هاردێکی بچووک بۆ مۆبایل



هەڵگرتنی داتا تاکەکەسییەکان لەم سەردەمەدا زۆر گرنگە، بەتایبەتی کە داتاکان هەموویان دیجیتالین. هارد یا فلاش میمۆری یا میمۆری کارت لە ڕیزی باشترین بژاردەکانی هەڵگرتنی داتاکان دێن. هاردی بچووکی جۆری twopan nano ssd تایبەتە بە مۆبایلە زیرەکەکان و تەبلێتەکان. داتاکانی وەك ئەپلکەیشنەکان و فایلە قورسەکانی ڤیدیۆیی و وێنەکان لەو هاردەدا جێگایان دەبێتەوە و خێرای گواستنەوەکان ٥٥٠ میگابایت لە چرکەیەکدایە.

کێشی تەنیا ١٥ گرامە و قەبارەی 38x22x8 ملمە، لەریزی بچووکترین هاردەکان دێت. قەوارەی هەڵگرتنی داتاکان لەو هاردەدا چەند جۆرە ٢٥٦ گێگابایت، ٥١٢ گێگابایت، و ١ تێرابایت. لەگەڵ سیستەمەکانی ویندۆز، iOS ،macOS، و ئەندرۆید دەگونجێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**ئازیزێك دەپرسێت چۆن فایلە ڤیدیۆییە تێکچووەکان چاك بکەمەوە؟**

خوێنەری بەڕێز: فایلەکانی ڤیدیۆیی وەک MP4 یان AVI کە کار ناکەن یان تەنیا دەنگیان هەیە، زۆرجار بەهۆی ئەوەی بەتەواوی دانابەزێندرێن یان کێشەی کۆدی خراپ بوویان هەیە تێکدەچن. بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە یەکێك لە ڕێگاکان بەکارهێنانی پرۆگرامی VLC Media Player ە، پرۆگرامێکی بەخۆڕاییە و دەتوانێت ئەو فایلانەی کێشەیان هەیە چاك بکاتەوە. کاتێك بە پرۆگرامەکە فایلەکەت کردەوە بچۆ سەر بەشی فایل ئەو بژاردەیە بەکار بێنە «Convert/Save

لەوێدا فۆرماتی فایلەکە بە فۆرماتێکی دیکە بگۆڕە.

# لاپتۆپێکی بچووک تایبەت بە گەمەی ئەلکترۆنی

ئامێری گەیمنگی جۆری AYANEO Flip DS Game Console لە ڕیزی ئامێرە سەرکەوتووەکانی گەیمینگی دەستی هەژمار دەکرێت و بچووکەو هەڵگرتنی ئاسانە. زۆر وەك لاپتۆپێك دەچێت، بەڵام دوو شاشەی هەیە. شاشەیەکی بچووك بۆ نیشاندانی زانیارییەکان و شاشەیەکیش بۆ گەمەکردن. پرۆسیەرێکی بەهێزی لەسەر دانراوە، ئامێرەکە پشتگیری ویندۆز ١١ دەکات، کەواتە دەتوانن یارییەکانی ستیم، ئیپیك گەیمز، یان تەنانەت ئامێرە کلاسیکیە کۆنەکانیشی لەسەر جێبەجێ بکەین. بۆ ئەو گەیمەرانەی کە هەم نۆستالژیای نینتێندۆیان دەوێت هەم هێزی کۆنسۆڵەکانی هاوچەرخ، AYANEO Flip DS وك شاکارێك دەچێت.

کێشەکەی نزیکەی ٦٥٠ گرام و قەبارەی هەڵکشاوی 23×10×3 سانتیمەترە، ئەم کۆنسۆڵە بە ئاسانی هەڵدەگیرێت. ڕامەکەی ٣٢ گیگابایت و هاردەکەی لەجۆری SSD و دوو تێرابایتە، هەتا پێنج کاتژمێر یاریکردن شەحنی دانابەزێت. Wi-Fi 6E، بلوتووس ٥.٢، و پۆرتی USB4 لەسەر داندراوە.





## ماڵپەڕی ژیریی دەستکردی ئیلان ماسک و تایبەتمەندییەکانی

ماڵپەڕە ژیرە دەستکرەکان گەلێکن، بەڵام ئەوانەی زۆر ناسراو و پڕ بەرهەم و خزمەتگوزارین لە پەنجەی دەست تێناپەڕن. خزمەتگوزاری ژیریی دەستکردی Grok یش یەکێکە لەم ماڵپەڕانە. ماڵپەڕەکە وەڵامی پرسیارەکانت بە خێرایی و بە زمانی سادە دەداتەوە، زانیارییەکانی هی ئەمڕۆن، ژیرە دەستکردەکانی دیکە بەمجۆرە نین. یارمەتیدەرە بۆ چارەسەری کێشەکان یان نووسینی بابەت. لەلای لایەن کۆمپانیای xAIەوە بەرهەم هاتووە کە هی ئیلان ماسکە. جاریَ بە خۆڕاییە. بەشی پارەشی هەیە کە تایبەتمەندییەکانی زیاترن. لەسەر مۆبایلی ئایفۆن دەتوانی بە دەنگ پرسیاری لێبکەی و پشتیوانی لە زمانی کوردیش دەکات بۆ وەڵامدانەوە.

# پرۆگرامێکی تایبەت بە دەستکاری کردن و گۆڕانکاری لە ڤیدیۆدا

یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی بواری دەستکاری کردن و گۆڕانکاری لە ڤیدیۆدا پرۆگرامی DaVinci Resolveە. ئەم پرۆگرامە بۆ ویندۆز، ماک، و لینوکس گونجاوە و وەشانی پڕیمیۆمی (Studio) تایبەتمەندییە پێشکەوتووەکان وەک وەرگێڕانی 8K پێشکەش دەکات.

دەتوانیت ڤیدیۆکان ببڕیت، کلیپەکان بەیەکەوە گرێ بدەیت، و ئیفێکتە سەرنجڕاکێشەکان زیاد بکەیت. بە تایبەتی بۆ چاککردنی ڕەنگی ڤیدیۆکان زۆر ناسراوە. لە بەرهەمهێنانی فیلمی هۆڵیودیشدا بەکاردێت. دەنگەکانت دەتوانیت میکس بکەیت یان ئیفێکتی دەنگی زیاد بکەیت.





بۆ دانانی ژێرنووس بۆ فیلم بە یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکان دادەنرێت. دەتوانیت بەهۆی پرۆگرامی ناوبراو ڤیدیۆ بۆ ئامێری تیڤی زیرەک، تەلەفۆنی مۆبایل، یان یوتیوب ئامادە بکەیت. دەتوانیت ڤیدیۆکان بە کوالێتی بەرز لەپاڵیەك بپەستوی.

دەکرێت بەهۆیەوە چەند فایلێکی ڤیدیۆیی پێکەوە مونتاژ بکەی.



# کامێرای بچووک تایبەت بە سیخوڕی

کامێراکان هەمیشە تایبەت نین بە وێنەگرتن و فیلم هەڵگرتنەوە بەڵکو هەندێکیان بۆ کاری سەربازی و هەندێکیان بۆ ڕاو و هەندێکیشیان بۆ کاری سیخوڕی بەکار دەهێنرێت. کامێرای بچووکی SQ11 تایبەتە بە کاری سیخوڕی و شوێنی نهێنی!! دەکریَ وەك کامێرای چاودێری ماڵەوەش ڕۆڵ ببینێت، یا تەنانەت وەك کامێرای داشبۆردی ئۆتۆمبێلیش کەڵکی لێوەربگیردرێت. بە توانای تۆمارکردنی ڤیدیۆی ١٠٨٠p و وێنەگرتنی ١٢ مێگاپیکسڵی هەیە. دەتوانێت لە ڕووناکی کەمیشدا کار بکات و جووڵە دەستنیشان بکات. کێشی ٢٠ گرام دەبێت قەبارەی ٢٣x٢٣x٢٣ ملمە، SQ11 بە ئاسانی لە دەست یان گیرفاندا جێگەی دەبێتەوە. ئاوێنەی گۆشە فراوانی ١٤٠ پلەیە، مەودایەکی بینینی بەرفراوان پیشان دەدات، کاتێك تەواو شەحن دەبێت تا ١٠٠ خولەك تۆمارکردن بەردەوام دانابەزێت. کارتی مایکرۆ SD تا ٣٢ گێگابایت پشتگیری دەکات، لەگەڵ مۆبایل یان کۆمپیوتەر دەبەسترێتەوە بۆ گواستنەوەی فایلەکان.



# زیانەکانی سوپەر گلوو بۆ نینۆک

گومانی تێدا نییە کە نینۆکی جوان ڕەنگدانەوەی جوانی و ڕێکییە، هەر بۆیە زۆرێك لە خانمان پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی نینۆکی دەستکرد و مادده لکێنەرە بەهێزەکانی وەك سوپەر گلوو.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەم مادده لکێنەرە بە چارەسەرێکی خێرا و کاریگەر دادەنرێت، بەڵام چەندین زیانی هەیە کە لەوانەیە کاریگەریی نەرێنی بکەنە سەر تەندروستیی نینۆکەکان و پێست و تەنانەت تەندروستیی گشتییش:

کاتێك سوپەر گلوو لەسەر نینۆکەکان بەکار دەهێنرێت، چینێکی ئەستوور دروست دەکات کە کاردەکات بۆ جێگیرکردنی نینۆکە دەستکردەکان، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، نینۆکە سرووشتییەکان بەهۆی بەرنەکەوتنیان بە هەوا و پێکهاتە خۆراکییە پێویستەکان بۆ گەشەی تەندروستیان، لاواز دەبن.

سوپەر گلوو پێك دێت لە ماددەی کیمیایی بەهێز، کە لەوانەیە ببێتە هۆی هەستیاریی پێستی دەوروبەری نینۆکەکان، بەتایبەتی کاتێك بۆ ماوەیەکی درێژ بەر پێست دەکەوێت.

بەکارهێنانی بەردەوامی سوپەر گلوو لەسەر نینۆکەکان، لەوانەیە ببێتە هۆی زیانی کەڵەکەبوو کە چارەسەرکردنیان قورسە، بە تێپەڕبوونی کاتیش، لەوانەیە پەڵەی سپی یان درز لەسەر ڕووی نینۆکە سرووشتییەکان دەربکەوێت.

# ڕەنگە گونجاوەکان لەگەڵ زەردی کەرەیی بۆ دیکۆری ماڵ



زەردی کەرەیی و پەمەیی: بۆ ئەوەی دیکۆری ماڵ زیاتر مێینەیی و گەنجانە دەرکەوێت، گونجاوە زەردی کەرەیی لەگەڵ پەمەیی ناسکی منداڵانە تێکەڵ بکرێت، ئەمەش بۆ کاریگەرییەکی نەرم و جوان.

زەردی کەرەیی و سپی: بۆ دەرکەوتنێکی شیك، لە چوارچێوەی دیکۆری ناوەوەدا، زەردی کەرەیی شانبەشانی سپی بەکار دێت. ئەوکات، پاك و مۆدێرن دەردەکەوێت.

زەردی کەرەیی و شین: زەردی کەرەیی جوانی و ناسکییەك دەبەخشێت کاتێك لەگەڵ هەر پلەیەکی ڕەنگی شین تێکەڵ دەکرێت.

زەردی کەرەیی و ڕەنگی مەرجانی: گونجاوە زەردی کەرەیی لەگەڵ ڕەنگی مەرجانی یان قۆخی تێکەڵ بکرێت بۆ دیکۆرێکی دڵخۆشکەر و سەرنجڕاکێش.

زەردی کەرەیی و سەوزی زەیتوونی: ڕەنگی سەوزی زەیتوونی هەستێکی وەرگیراو لە سرووشت دەبەخشێت کاتێك لەگەڵ زەردی کەرەیی تێکەڵ دەکرێت.

زەردی کەرەیی و قاوەیی شکۆڵاتی: گەرمیی قاوەیی شکۆڵاتی کەشێکی ئاسوودەبەخش دروست دەکات و، لەگەڵ زەردی کەرەیی ناوازەییەك دەبەخشێت کە هەمیشە هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت.

زەردی کەرەیی و ڕەش: بۆ هەست و جوانییە سەرنجڕاکێش و هاوچەرخ، ئەم ڕەنگە (زەردی کەرەیی) لەگەڵ ڕەش تێکەڵ دەکرێت، ئەوسا هەست بە جوانییەکەی دەکەیت.



# مکیاژی چاوپێکەوتنی کار و ئەو هەڵانەی پێویستە خۆتی لێ بەدوور بگریت

مکیاژی چاوپێکەوتنی کار ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە دەرکەوتنی گشتیتدا، هەروەك چۆن پێویستە گرنگی بدەیت بە وەڵامدانەوەی دروست، پێویستە مکیاژێکی گونجاو، نەرم و سادەش بکەیت.

**ڕەنگە تۆخ و بەهێزەکانی سووراو:** هەرگیز نابێت ڕەنگە دیارەکانی سووراو بەکار بهێنرێت، بەتایبەتی سوور بە پلە جیاوازەکانیەوە، مۆری تۆخ، بۆرگۆندی و سووری شاتوویی، لە جیاتی ئەوانە ڕەنگە نەرمەکانی سووراو بەکار بهێنە، بەتایبەتی پەمەیی و نیود بە پلە جیاوازەکانیانەوە.

**کێشانی ئایلاینەری تیژ و دیار:** سەرەڕای ئەوەی ئایلاینەر یەکێکە لە دیارترین ستایلە باوەکانی مکیاژ و جەماوەرێکی زۆریشی هەیە، بەڵام وریابە لە بەکارنەهێنانی کێشانی ئایلاینەری تیژ و دیار، چونکە هەرگیز پەسەند نییە لە مکیاژی چاوپێکەوتنی کاردا، و تەنیا بە چەند چینێك ماسکارا بەسە.

**سێبەری چاوی تۆخ یان ڕەنگاوڕەنگ:** لە چاوپێکەوتنی کاردا خۆت لەم جۆرە ماکیاژە بەدوور بگرە، چونکە یەکێکە لە دیارترین هەڵەکانی ئەم مکیاژە، و لە جیاتی ئەوانە سێبەری کاڵ و هێمن بەکاربهێنە وەك، پەمەیی کاڵ، خۆڵەمێشیی کاڵ، بێجی، و نیود.

# نۆرد نۆراتلاس فڕۆکەی زەبەلاحی بارهەڵگر



نۆرد نۆراتلاس فڕۆکەیەکی گواستنەوەی باری سەربازی و مەدەنی دوو بزوێنەرە. لە ساڵی ١٩٤٩ لە فەرەنسا بەرهەم هێنراوە. لەلایەن کۆمپانیای نۆرد ئەڤیەیشن بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن فەرەنساوە بەکارهێنرا. یەکەم گەشتی لە ١٠ی ئەیلوولی ١٩٤٩ بوو، لە ساڵی ١٩٥٣ دەستی بە خزمەت کرد، خزمەتگوزارییەکەی لە ساڵی ١٩٨٩ کۆتایی هات، تەنیا ٤٢٥ فڕۆکە لەم جۆرە دروستکرا.



# خولیای ئەسپسواری لە کوردستان

ساڵانێکە گرنگیەکی زۆر بە ئەسپ و ئەسپسواری لە کوردستان دەدرێت، ئەوەش بە هۆی خولیا و حەزی هاوڵاتیان و ئەوانەی ئەسپ بە خۆشەویستترین گیانداران دادەنێن، کچان و کورانیی گەنجیش گرنگی تەواو بە بواری ئەسپسواری دەدەن، بۆیە ماوە ماوە فیستیڤاڵ و نمایشی ئەسپسواری دەکرێنەوە، دواترین نمایشی ئەسپسواری لە گۆڕەپانی نزیك پارکی سامی عەبدولڕەحمان بەڕێوەچوو، لە نمایشەکەدا زیاتر لە چەند جۆرە ئەسپێك نمایشیان پێ کرا، لەوانە: ئەسپی کوردی، عەرەبی، بە ئەسپی مەیدانی دەناسرێن، نرخی ئەسپەکان لە نێوان (٢٥٠٠) دۆلار (١٥,٠٠٠) فیستیڤاڵ و نمایشێکی تایبەتە بەو ئەسپانەی لە شاری هەولێر ڕاهێنانیان پێ دەکرێت و بۆ نمایشەکان ئامادەیان دەکەن، وا بڕیارە لە داهاتوودا ئەو ئەسپانە لە نمایشەکانی شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دەوروبەر بەشداری پێ بکرێن.



# ڕووخساری پێکەنین لە ئاسمان




ئاژانسی «ناسا»ـی ئەمریکا پێشبینی دەکات، لـە ڕۆژی هەینـی ڕێکەوتـی ٢٥ـی نیسـان هـەردوو هەسارەی ڤینـۆس و زوحـەل لەگـەڵ مانگدا دەربکـەون و ڕووخسـارێکی دەم بە پێکەنیـن لـە ئاسـمان دروسـت دەکـەن. نوێنـەری کۆمەڵـەی خـۆری ناسـا برێنـدا کلبێرتسـن ئامـاژەی بەوەشـکرد لەئاسـۆی ڕۆژهـەڵات هەسـارەی ڤینـۆس بەرزتـر دەردەکـەوێ و هەسـارەی زوحـەل نزمتـرە لەگـەڵ مانگـی هیلالـی باریـك پێکـەوە وەکـو ڕوخسـارێکی دەم بـە پێکەنیـن دەردەکەوێت. ئـەم دیاردەیـە بـە چاوی ئاسـایی دەبینرێت، بەڵام بەکارهێنانی تەلەسکۆپ وا دەکات دیمەنەکە بە شێوەیەکی روونتر ببینرێت، ئەگـەر بێتووکەشوهەوا لەبـار بێـت

# تەمەن و مانەوەی بوتڵی پلاستیک

بوتڵـی پلاسـتیکی ئاسـایی ئاوخواردنـەوە نزیکـەی ٤٥٠ سـاڵ دەخایەنێـت تـا شـیببێتەوە و تەنانـەت دوای شـیبونەوە هەرگیـز بەتـەواوی لەنـاو ناچێـت. تەنهـا بچووکتـر دەبێتـەوە. ئـەم بوتڵـە پلاسـتیکیانە بە شێوەیەکی گشـتی لـە فومـی پلاسـتیکی یـان «پۆلیپلیـن ترێفتـالات (PET)» دروسـت دەکرێـن. ماددەیەکـی سـووك و نەرمـە کـە بـە ئاسـانی شـینابێتەوە، چونکـە بەکتریـا ناتوانـێ ئـەو مـاددە کیمیاییانـەی لـە PET دا بەکاردەهێنرێـن بـەکار بهێنـێ و تێکـی بشـکێنێت.





# بزوێنەری ئەژدیهای ئەڵمان

بزوێنـەری مێرسـیدس MB.501، بزوێنەرێکـی دیزڵـی V20 بـە قەبـارەی ١٣٤ لیتـر (8،200 cu in) و توانـای بەرهەمهێنانـی تـا ٢،٠٠٠ ئەسـپی هەڵمـی هەبـوو. سـێ لـەو بزوێنەرانـە لـە یەختـە بەناوبانگەکانی تۆرپیـدۆی شـنێلبوتدا بـەکار هێنـراون کە کێشـیان زیاتـر لـە ٨٠ تـۆن بـووە و خێراییەکـەی دەگەیشـتە ٤٣ گـرێ.

## یاسا



**تاوانی ناردنی ئیمۆجیەکانی سۆشیاڵ میدیا**

داوا لێکراو (پیـاو) دوای ئـەوی بـە نامـە ئیمۆجیـی تابوتـی ناردووە بۆ داواکار(ژن) مانـای ئەوەیە کـە هەڕەشـەی لـێ کردووە، بۆیـە ژنەکـە لەترسـی خـۆی لـە ماڵـی هاوسـەری دەڕوات، دوای ئـەوە داوای بژێـوی (نفقـة) لـە پیاوەکـەی دەکات، دادگای بـاری کەسـی داواکـەی ڕەت دەکاتـەوە، بـەڵام دواتر داواکار (ژن) داواکـەی تەمیـز دەکاتـەوە و دادگای تەمیـز بڕیـاری دادگای بـاری کەسـی بـە ناڕاسـت و پێچەوانـەی شـەرع و یاسـا لەقەڵـەم دەدات، چونکـە ناردنـی ئیمۆجیـی تابـوت، بـە نامـە گوزارشـتە لـە دەرکـردن و هەڕەشـەکردن، بۆیـە داواکار(ژن) شایسـتەی نەفەقەیـە.

## کاریکاتێر



کاریکاتێرەکـە ئامـاژە بـەو کەسـانە دەکات کـە بـە عەقڵ بیر دەکەنـەوە بۆ چاککردنـەوە و ڕاسـتکردنەوەی ڕێڕەوی دڵەکانیـان.

## دیمەنە سەیرەکان



**دیمەنی شێر و ئاسکێك**

وێنەگرێکـی هۆڵەنـدی، ترسـناکی و بـێ دەسـەڵاتیی لـە نێـو چاوانـی دوو گیانـداری دژ بـە یەکـدا وێنـە دەگرێـت، چـاوی شـێرەکە بـێ تـاوان دیـارە، چـاوی ئاسـکەکەش شـەڕانگێز دەردەکەوێـت.

٣/٢١ - ٤/١٩

**کاوڕ: هێزی ئیرادە و بەرەوپێشچوون**

هەست بە وزەیەکی زۆر دەکەیت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت، بەڵام گرنگە پێش بڕیاردانی چارەنووسساز، ڕابوەستیت بۆ بیرکردنەوە. دڵنیابە لەوەی کە هاوسەنگیی خواستەکانت لەگەڵ پەیوەندییە کەسییەکانت دەکەیت، چونکە پاڵپشتیی سۆزداری ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە سەرکەوتنەکانت

٤/٢٠ - ٥/٢٠

**گا: سەقامگیری ئەولەویەتە**

ئەم مانگە دەرفەتێکت بۆ دەڕەخسێنێت، بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی ئەولەویاتی دارایی و کەسایەتی. هەست بە پێویستیی جێگیربوون دەکەیت، بەڵام دوودڵ مەبە لە گرتنەبەری هەندێك گۆڕانکاریی پێویست کە لەوانەیە ئاسۆیەکی نوێ بکاتەوە.

٥/٢١ - ٦/٢٠

**دووانە: بیرۆکەی نوێ لە نێو ئاژاوەدا**

نیسان سەرکێشی و کارلێکی کۆمەڵایەتییە. خۆت دەدۆزیتەوە بۆ پڕۆژەی نوێ و هاوڕێی ئیلهامبەخش پەیدا دەکەیت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاگاداری ئەوە بە کە سەرقاڵ نەبیت و تەرکیزت لەسەر ئامانجی دیاریکراو بێت بۆ ئەوەی بتوانیت پێشکەوتنی ڕاستەقینە بەدەست بهێنیت.

٦/٢١ - ٧/٢٢

**قرژاڵ: هێز لە سۆز و هەستدا**

ئەم مانگە دەرفەتێك دەبێت بۆ پەیوەندیی سۆزداریی قووڵ، هەم لەگەڵ خۆت و هەم لەگەڵ ئەوانەی دەوروبەرت. بۆت دەردەکەوێت کە دەتوانیت ڕووبەڕووی هەستەکانت ببیتەوە و دەرفەتی گۆڕانکاریی ئەرێنی لە خۆشەویستی و ژیانی پیشەییدا بکەیت.

٧/٢٣ - ٨/٢٢

**شێر: درەوشاوە و ئیلهام**

مانگی نیسان ئەو دەرفەتەت پێ دەبەخشێت کە داهێنان و ئیلهامبەخشین بە کەسانی دیکە بدەیت چ لە ژیانی پیشەیی یان کۆمەڵایەتیدا، دەتوانیت کاریگەریی ئەرێنی دروست بکەیت. لەبیرت نەچێت کاتێك سەرقاڵی یارمەتیدانی کەسانی دیکەیت، ئاگات لە خۆت بێت

٨/٢٣ - ٩/٢٢

**گوڵەگەنم: گواستنەوە لە پلاندانان بۆ سەرکێشی**

کاتی ئەوە هاتووە هەندێك ڕۆتین بشکێنیت، مەترسە لە تاقیکردنەوەی شتی نوێ یان بڕیاردان لەسەر بابەتی نوێ، ئەم هەنگاوە بچووکانە لەوانەیە ئەو هەنگاوە بچووکانە بن کە پێویستت پێیەتی بۆ گەیشتن بە ئاستێکی نوێی سەرکەوتن.

بۆ زانیاریت

# هەسارەی K2-18b


هەسارەی K2-18b بۆیەکەم جار ساڵی ٢٠١٥ دۆزرایەوە لە دەرەوەی کۆمەڵەی خۆر، پاشان لە ساڵی ٢٠١٩ بوونی هەڵمی ئاو پشتڕاست کرایەوە لە بەرگەهەوای هەسارەکەدا. هەسارەکە بە دەوری ئەستێرەیەکی جۆری M دەسوڕێتەوە، کە نزیکەیی نۆ هێندەی زەوییە، گازی میسان و دوانۆکسدی کاربۆن دۆزراوەتەوە کە ئاماژەیە بە بوونی ئاو لەسەر هەسارەکە، لەگەڵ ئەوەشدا dimethyle sulfide لە بەرگەهەوای هەسارەکەدا تێبینی کراوە کە لەسەر زەوی لەلایەن وردەزیندەوەری ناو زەلکاو و زۆنگاوەکانەوە بەرهەم دێت.

هەروەها خاڵێکی دیکەی گرنگ ٠,٧٪ بۆ سەدا ١,٦٪ ی بەرگەهەواکەی لە هەڵمی ئاو پێك دێت، لەکاتێکدا بەرگەهەوای زەوی تەنیا ٠,٢٪ بۆ ٠,٤٪ لە هەڵمی ئاو پێك هاتووە. لە ڕێگەی خوێندنەوەی شەپۆلە جیاوازەکانی ئەو تیشکەی بە بەرگەهەوای هەسارەکە تێپەڕبووە، توانراوە پێکهاتەی بەرگەهەواکەی بدۆزرێتەوە و زانایان لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکەن.






## پەند و وتە



سیگمۆند فرۆید، دکتۆری «دەمار»ی نەمساوی و داهێنەری دەروونناسی، لە ساڵی ١٨٥٦ لە شاری فریبۆر لە چیك لە دایك بووە و لە ساڵی ١٩٣٩ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی لۆژیك و هەست دەڵێ: «ئەوەی بە ڕێگەی لۆژیك جێی دەهێڵین و لەدەستی دەدەین، نابێت بە ڕێگەی هەست و عاتیفە بۆی بگەڕێینەوە.

## یاری وێنە



لەم وێنەیەدا ڕووبارێك هەیە، خوارەوەی ڕووبارەکە دەبێتە کۆمەڵە کچێك، هەوڵ بدە ژمارەی کچەکان لە (٣٠) چرکەدا دیاری بکە.

## جەی بیست - G20

فیلم



فیلمێکی ئەکشن و سەرکێشییە، باس لە ڕووداوێکی هێرشکردنە سەر کۆمەڵەی جەی ٢٠ی وڵاتانی جیهان دەکات، لەو کاتەی سەرۆکی ئەمریکا کە ئافرەتێکە بە ناوی دانیێلا سوتون، دەسەڵات و حکومەتەکەی بەکار دەهێنێت بۆ پاراستنی خێزان و سەرکردەکانی وڵاتانی جیهان، لە دەرهێنانی پاتریسیا ڕیگەن، نووسینی جیکۆ ڤاریس، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤٨ خولەکە، لە نواندنی: ڤیۆلا دەیڤس، ئەنتۆ ستار، ماراسی مارتن، ئەنتۆنی ئەندرسۆن، ڕامۆن ڕۆدریگز.

٩/٢٣ - ١٠/٢٢

**شایان:** هاوسەنگیی نێوان دڵ و مێشك

نیسان هانت دەدات کە ڕاستگۆیانە ڕووبەڕووی ناکۆکییە ناوخۆییەکانت ببیتەوە. لەوانەیە بڕیاری گرنگ بدەیت سەبارەت بە ژیانی تایبەتی یان پیشەییت. بە ئازادی گفتوگۆی ڕاشکاوانە بکە کە یارمەتیت بدات لە سنووردارییە نەریتییەکان ڕزگارت ببێت.

١٠/٢٣ - ١١/٢١

**دووپشک:** نوێبوونەوە و گۆڕانکاری

ئەم مانگە دەرفەتێکت بۆ دەڕەخسێنێت بۆ گۆڕان و پەرەسەندن، ئامادە دەبیت واز لە خووە کۆنەکان بهێنیت و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەیتەوە. متمانە بە غەریزەکانت بکە و ئەو هەنگاوانە بنێ کە هەست دەکەیت ڕاستە، تەنانەت ئەگەر نائاساییش بن.

١١/٢٢ - ١٢/٢١

**کەوان:** ئاسۆیەکی نوێ

حەزت بۆ دۆزینەوە و فێربوون لەم مانگەدا لە لووتکەدا دەبێت. جا گەشت بکەیت، یان بەشداری لە پرۆژەیەکی نوێ، یان فراوانکردنی تۆڕەکەت. هەست دەکەیت لە ڕووی ڕۆشنبیری و ڕۆحییەوە گەشە دەکەیت و پەیوەندییەکانت فراوانتر دەبێت.

١٢/٢٢ - ١/١٩

**گیسک:** هێز لە لاوازیدا دایە

نیسان دەرفەتێکت پێ دەبەخشێت بۆ تێگەیشتن لە هەستەکانت. ئەمە لەوانەیە کاتێکی باش بێت بۆ نیشاندانی هاوسۆزی و کراوەیی زیاتر لە پەیوەندیەکانتاندا. بیر لەوە بکەرەوە کە چۆن هاوسەنگییەکی تەندروست لە نێوان کار و ژیانی کەسیدا دروست بکەیت.

١/٢٠ - ٢/١٨


**گۆزە:** داهێنان لە لووتکەی خۆیدا

لە مانگی نیسان وزەی داهێنەرێکی ناوازەت دەبێت، کە یارمەتیت دەدات بیرۆکەکانت بگۆڕیت بۆ واقیع. دوودڵ مەبە لە هاوکاریکردن لەگەڵ کەسانی دی، چونکە هاوبەشی لەوانەیە دەرفەتی زێڕین بۆ پڕۆژەی سەرکەوتوو بدۆزێتەوە.

٢/١٩ - ٣/٢٠


**نەهەنگ:** متمانە بە هەستی و هەنگاوی بوێرانە

نیسان مانگی هێزی ڕۆحییە بۆ لەدایکبووانی ئەم کەلووە. هەست دەکەیت کە هەستت لە بەرزترین ئاستدایە، ئەمەش یارمەتیت دەدات بڕیاری هۆشیارانە بدەیت. مەترسە لە سەرکێشیکردن بۆ گەیشتن بە خەونەکانت، ئەمە کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی [illegible] کارە بکەیت کە بەڕاستی دەتەوێت.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و رێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی —٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاورێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq



Gulan Weekly
May 5, 2025 Issue,No.1461

